رووداو
RÛDAW

ژمارە (561)  دووشەممە 2019/7/8 - 17ی پووشپەڕ 2719  (750) دینار


# باندێک لە هەولێر ئافرەت بۆ رووتکردنەوەی شوفێران بەکاردێنن

**رووداو – هەولێر**

لە هەولێر باندێک دروستبووە کە بە پلان شۆفێران دەخەنە داوەوە. باندەکە ئافرەتی سەرنجڕاکێش لە دەرەوەی شار و سەر شەقامە چۆڵەکان دادەنێن، کاتێک ئافرەتەکە سواری ئۆتۆمبێل دەبێ، چەند پیاوێکی باندەکە پێش لە شوفێرەکە دەگرن و خۆیان بە کەسوکاری ئافرەتەکە دەناسێنن، بەبیانووی پاراستنی ناموسیان هەڕەشە لە شوفێرەکە دەکەن و پارەی لێدەستێنن.

مەجید عومەر، 43 ساڵ، لەسەر رێگەی خەبات – هەولێر ئافرەتێکی هەڵگرتووە، دواتر کەوتووەتە داوی ئەو باندەوە. باندەکە هەڕەشەی ئابڕووبردنیان لێکردووە، ئەویش ناچار بووە ئەو پارەیەی پێی بووە بیداتە باندەکە کە 590 هەزار دینار بووە. مەجید لە پۆلیس سکاڵای لەسەر ئەو کەسانە تۆمار کردووە، بەڵام بەهۆی نەبوونی کامێرای چاودێری لەو شوێنە، هێشتا تۆمەتباران دەستگیر نەکراون.

سەرچاوەیەک لە پۆلیسی هەولێر بە (رووداو)ی راگەیاند: "دوو حاڵەتی دیکەی هاوشێوەی رووداوەکەی مەجید هەن. ئەو کەسانە بەشێوەی باند کاردەکەن و ئافرەت بەکاردێنن بۆ هەڵخەڵەتاندنی خەڵک، کەسی شارەزان و بەپێی پلان ئەو کارە دەکەن، هیچ ئاسەوارێکیش لەدوای خۆیان بەجێناهێڵن. ئافرەتەکە لەسەر شەقامێکی سەرەکی دادەنێن و لە شوێنێکیش رێ لە شوفێرەکان دەگرن کە هیچ کامێرایەکی چاودێری لێ نەبێت".

«13

## یەکێتی دوای پێکهێنانی حکومەت پارێزگاری سلێمانی لەگەڵ گۆڕان یەکلایی دەکاتەوە

4

## ئێزدییەکان لە ئیسرائیل مەشق وەردەگرن

6

## مامۆستا جەعفەر بەشوێن چییەوەیە!

14


14
د.بەرهەم ساڵح لەنێوان یەکێتی و هاوپەیمانیدا

## (رووداو) وردەکاریی یەکلاکردنەوەی بەربژێرەکانی حکومەت بڵاودەکاتەوە

# چوارشەممەی داهاتوو حکومەتی نوێ سوێندی یاسایی دەخوات

**رووداو – سلێمانی**

دوای تێپەڕبوونی زیاتر لە نۆ مانگ بەسەر هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا، لایەنە براوەکانی هەڵبژاردن کە بەشداری لە حکومەتی داهاتوودا دەکەن، لیستی کۆتایی بەربژێرەکانیان یەکلایی کردەوە و رادەستی مەسروور بارزانی، راسپێردراو بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێ-یان کرد. ئەندامێکی فراکسیۆنی یەکێتی دەڵێ: "یەکێتی داوای کردووە پێش سوێندخواردنی کابینەی نوێ، پۆستی سەرۆکی پەرلەمان وەربگرێت".

رۆژی 2019/7/6 سەرکردایەتیی یەکێتی ناوی ئەو بەربژێرانەی یەکلایی کردەوە کە لە حکومەتی نوێ پۆست وەردەگرن، بەڵام رۆژی دواتر یەکێتی دەستکاری ناوەکانی کرد و پاشان لیستی ناوەکانی رادەستی مەسروور بارزانی کرد.

(رووداو) لە زاری چەند بەرپرسێکی یەکێتییەوە زانیویەتی، باڵی ماڵی تاڵەبانی و کۆسرەت رەسوڵ و بەرهەم ساڵح و کەرکووکییەکان، پێشتر لەسەر پۆستەکان رێککەوتوون و دواتر بردوویانەتە نێو کۆبوونەوەی سەرکردایەتی تاوەکو دەنگ لەسەر بەشێک لە ناوەکان بدرێ، بەڵام پێش دەنگدان لەسەر ناوەکان، ناوی شالاو کۆسرەت رەسوڵ وەک یەکێک لە بەربژێرانی پۆستی جێگری سەرۆکی حکومەت لە سۆشیالمیدیا بڵاوکرایەوە.

بەرپرسێکی یەکێتی لەوبارەیەوە گوتی: "خۆپاڵاوتنی شالاو کۆسرەت تەنیا بۆ ئەوە بوو ماڵی مام جەلال دەستبەرداری پۆستی سەرۆکی پەرلەمان ببن و بە جێگری سەرۆکی حکومەت و وەزیرێک رازی بن". ئەو بەرپرسەی یەکێتی گوتیشی: "بەشێک لە ئەندامانی سەرکردایەتی رایان وابوو خالید دۆسکی بۆ وەزارەتی رۆشنبیری یان وەزارەتێکی دیکە دابنرێتەوە بۆ ئەوەی دهۆک لە سەرکردایەتی نەڕەنجێ، بەڵام کاک بەرهەم و ژمارەیەک لە ئەندامانی سەرکردایەتی داوایان کرد حەمەی حەمەسەعید، بکرێتە وەزیری رۆشنبیری".

هەر دوای واژۆکردنی رێککەوتنەکەیان لەگەڵ پارتی، بزووتنەوەی گۆڕان رایگەیاند کە یەکلاکردنەوەی ناوی بەربژێرەکانی کاتی زۆر نابات، بەڵام دواتر دوو ناو بوونە لەمپەری بەردەم پرۆسەکە و جڤاتەکانی گۆڕان گرێکەیان خستە بەردەستی رێکخەری گشتی بۆ ئەوەی بیکاتەوە.

بەرپرسێکی بزووتنەوەی گۆڕان وردەکاریی کێشەکانی نێو گۆڕان لە بارەی بەربژێرەکانەوە بۆ (رووداو) باسدەکات و دەڵێ: "ماوەی زیاتر لە دوو مانگە هەریەکە لە مستەفا سەید قادر، جەلال جەوهەر، ئاواتی شێخ جەناب، دانا عەبدولکەریم یەکلایی بوونەتەوە، بەڵام کێشەکە لەسەر کوێستان محەممەد و برزۆ مەجید بوو، چونکە کوێستان بەربژێری رێکخەری گشتی بوو، برزۆش بەربژێری کوڕەکانی کاک نەوشیروان بوو، لیژنەی دیاریکردنی بەربژێرەکان ناوی کوێستانیان لادابوو لە لیستەکە، هەربۆیە داوایان کرد رێکخەری گشتی خۆی بڕیار لەسەر ئەو دوو ناوە بدات، رێکخەری گشتیش کوێستان محەممەدی بۆ وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی دیاری کرد".

بەپێی زانیارییەکان، یەکێتی داوای کردووە پێش سوێندخواردنی حکومەت پۆستی سەرۆکی پەرلەمان وەربگرێتەوە. سەرکۆ ئازاد، پەرلەمانتاری یەکێتی دەڵێ "بڕیارە رۆژی سێشەممەی داهاتوو ڤالا فەرید و رێواس فایەق ئاڵوگۆڕ لە پۆستەکانیان بکەن. دەستلەکارکێشانەوەی ڤالا فەرید و دەستبەکاربوونی رێواس فایەق لە یەک رۆژدا دەکرێت و رۆژی چوارشەممە، کابینەی نۆیەم سوێندی یاسایی دەخوات".

«3

# "ناوی 10 هەزار زیندانی سیاسیی ساختە نێردراوە بۆ بەغدا"

**شکار ئەحمەد**
**رووداو – هەولێر**

ئەندامێکی پەرلەمانی کوردستان ئاشکرای دەکات "گەندەڵی" لە لیستی ئەو ناوانەدا کراوە کە وەک زیندانی سیاسی نێردراون بۆ بەغدا و کەسی وای تێدایە زیندانی نەبینیوە.

حکومەتی هەرێمی کوردستان لیستێکی 22 هەزار کەسیی زیندانیانی سیاسی بۆ بەغدا ناردووە، بۆ ئەوەی بەغدا مووچەیان بداتێ، کۆمەڵەی زیندانیانی سیاسی عێراقیش رەزامەندی لەسەر داوە و نێردراوە بۆ سەرۆک وەزیرانی عێراق، ئێستا تەنیا واژۆی سەرۆکوەزیرانی ماوە.

رزگار محەممەد، ئەندامی لیژنەی کاروباری شەهیدان و جینۆساید و زیندانیانی سیاسی لە پەرلەمانی کوردستان بە (رووداو)ی راگەیاند: "نزیکەی 10 هەزار کەس لەوانەی ناویان لە لیستەکەدایە، نەک هەر زیندانی سیاسیی نین، بەڵکو زیندانیشیان نەبینیوە و بە واستە و بەهۆی حیزب حیزبێنە نێویان خراوەتە نێو لیستەکە، لیستەکە ناوی هەندێک کەسی تێدایە سەربازی فیرار یان جاش و کۆنەبەعسی و قاچاخچی بووە و گیراوە، ئێستا بە زیندانی سیاسی هەژمارکراوە".

لەبارەی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو کەسانەی پەرلەمانتارەکەی فراکسیۆنی گۆڕان دەڵێ زیندانی سیاسیی راستەقینە نین، فوئاد عوسمان گوتەبێژی وەزارەتی شەهیدان دەڵێت: "پشتڕاستکردنەوەی ناو لەلای ئێمە نییە، ئێمە تەنیا مەلەفەکانیان بۆ رێکدەخەین، ناوی هەمووشیان لە دادگاکان تۆمار کراوە، بۆیە وەزارەت دەسەڵاتی نییە لە لیستەکە دەریانبێنێ".

«2

# دەرزییەکی ساختەی هاوشێوەی ئاڤاستین لە هەولێر دەفرۆشرێت




**رووداو- هەولێر**

دەرزییەکی هاوشێوەی ئەو ئاڤاستینەی لە ساڵی 2013 لە نەخۆشخانەیەکی حکومی لە هەولێر لە 30 نەخۆش درا و بە هۆیەوە چاوی هەشتیان دەرهێنران، ئێستا لە دەرمانخانەکانی هەولێر بەئاشکرا دەفرۆشرێ. کواڵیتی کۆنترۆڵی دەرمانیش دەڵێ بەکارهێنانی دەرزییەکە کارەساتی لێدەکەوێتەوە.

دەرزییەکە ناوی ئایلیایە و بۆ چارەسەری تۆڕی چاو بەکاردێت. پزیشکێکی پسپۆڕی چاو کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە بە (رووداو)ی راگەیاند "ئەو دەرزییە کە ساختەیە، کەس نازانێت لە کوێ دروستدەکرێ و چی لەنێو ئەو شووشەی دەرزییەدایە، ئێستا لە چەند دەرمانخانەیەکی هەولێر بە ئاشکرا دەفرۆشرێ. لیژنەی پشکنین لە وەزارەتی تەندروستی و سەندیکای دەرمانسازانیش ئاگاداری ئەو دەرزیەن، بەڵام بێدەنگن لێی". پزیشکەکە گوتیشی: "ئەو دەرزییە حەبێکی پاراستۆڵ نییە، یان بۆیەی نینۆکی کچان نییە هیچ کێشەیەک دروست نەکات. ئەو دەرمانە دەچێتە نێو چاوی نەخۆش و وێرانی دەکات. ئەگەری هەیە وەکو چۆن لە ساڵی 2013 بە دەرزی ئاڤاستین چاوی 30 کەس کوێر کرا، ئەو دەرزییەش هەمان کارەسات دروست بکات".

ئەو پزیشکە گومانی لە هەموو دەرمانێکە کە هاوردە دەکرێت، چونکە دەڵێت ئەو ستیکەرەی بە ناوی وەزارەتی تەندروستییەوە دەخرێتە سەر دەرمانەکان، بەدەستی خەڵکەوەی بینیوە: "من بە چاوی خۆم لە شەقامی پزیشکان خەڵکم بینیوە بە عەلاگە ئەو ستیکەرانەی پێبووە کە لە کواڵیتی کۆنترۆڵ لە دەرمانی دەدەن".

هەروەها سەرچاوەیەکی بەرپرس لە کواڵیتی کۆنترۆڵی دەرمان بە (رووداو)ی راگەیاند: "ئەم دەرزییە کە بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشییەکانی چاو بەکاردەهێنرێ، لەناو سیستەمی کواڵیتی کۆنترۆڵدا نییە و لەڕێگەی ئێمەوە نەهاتووە، بۆیە ساختەیە و بەشێوەی قاچاخ هاتووەتە دەرمانخانەکان". سەرچاوەکەی کواڵیتی کۆنترۆڵی دەرمان دەشڵێت: "هەر دەرمانێک کە دەچێتە دەرمانخانەکان دەبێت ستیکەری کواڵیتی کۆنترۆڵی دەرمانی لەسەر بێت، بەڵام ئەو دەرزییە کە ستیکەری لەسەر نییە، بەهیچ شێوەیەک نابێت لە دەرمانخانەکان بفرۆشرێت و بدرێت بە نەخۆش، چونکە کارەساتی بەدوادا دێت".

«5

# کورد 16 ناوی بۆ 6 باڵیۆزخانەی عێراق داوەتە پەرلەمان

**نەوزاد مەحموود**
**رووداو- سلێمانی**

بۆ پڕکردنەوەی پۆستی 70 باڵیۆزی عێراق لە وڵاتان، حیزبە عێراقی و کوردستانییەکان ژمارەیەک ناویان داوەتە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بۆ ئەوەی لەو پشکەی بەریاندەکەوێ، بکرێنە باڵیۆز.

بەختیار شاوەیس، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی یەکێتی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دەڵێ حیزبەکەیان بەپێی بەرکەوتەی هەڵبژاردن و ژمارەی کورسییەکانی، 2 باڵیۆزی بەردەکەوێت "بەڵام ئێمە شەش ناومان داوەتە لیژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوە بۆ ئەوەی لەو شەش ناوە دوویان هەڵبژێردرێن".

عێراق 76 نێردەی دیپلۆماسی و 38 باڵیۆزخانەی لە وڵاتان هەیە، بەڵام 35 لەو باڵیۆزانە لە رێگەی پەرلەمانەوە دیاری دەکرێن. کورد بەپێی ژمارەی کورسییەکانی لە پەرلەمانی عێراق مافی وەرگرتنی 6 باڵیۆزی هەیە، بەڵام 16 ناو لەلایەن فراکسیۆنە کوردستانییەکانەوە دراوە بە لیژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پەرلەمانی عێراق. پارتی کە پێیوایە 3 لەو باڵیۆزانەی بەردەکەوێ، ناوی هەریەکە لە خەسرەو پیربال، ئەشواق جاف و پەریزاد شەعبان و بەهزاد نەبی. یەکێتی ناوی بەهرۆز یاسین و ئەمین جودی و لوئەی مەحموود و دانا سەعید سۆفی و زانا بێستوون و چیا زەنگەنەی ناردووە، گۆڕانیش ناوی د.دیاری ئەحمەد و شایان محەممەد و نەوشیروان محەممەدی پێشکەشکردووە. یەکگرتوو ناوی د.رەئوف کەریم و عەبدوڵڵا کەریم، هەروەها نەوەی نوێ ناوی ئارام ئیسماعیلی پێشکەش کردووە.

ئەشواق جاف، پەرلەمانتاری خولی پێشووی پەرلەمان و یەکێک لە بەربژێرانی پارتی، دەڵێ حیزب خۆی پۆستەکان و ناوەکانی هەڵسەنگاندووە و ناوی منی لەو لیستەدا داناوە "بەشی ئێمە لەو 70 باڵیۆزە بەپێی ژمارەی کورسییەکانمان 3 باڵیۆزە، چونکە بۆ هەر 10 کورسییەک یەک باڵیۆز دەدرێت".

«3

تاراوگە 11

## کوردێک لە سوێد فڕۆکە و ئەکادیمیای فڕۆکەوانیی هەیە



راپۆرت 5

## خانووی کرێنشینەکانی گوندی کۆری بە زیاتر لە کەسێک فرۆشراون

ژنان 12

## لە بەغدا بازرگانی بە ئافرەتێکی ئێزیدییەوە دەکرێت



ئەدەب 3

## دەریاس و لاشەکان و گرفتەکانی خوێنەری کوشندە



## هاووڵاتییان دەتوانن بەبێ گۆڕینی تابلۆی ئۆتۆمبێلەکانیان بچنە تورکیا



**ڕووداو- دهۆک**

لەمەودوا هاووڵاتییان دەتوانن بەهەمان تابلۆی سەر ئۆتۆمبێلەکانیان گەشتی تورکیا بکەن، بەبێ ئەوەی پێویست بکات 50 هەزار دینار بۆ گۆڕینی تابلۆکە بدەن. پێشتر هەرکەسێک نیازی گەشتکردنی بۆ تورکیا هەبووایە بە ئۆتۆمبێلی خۆی، دەبوو ژمارەی تابلۆکەی لە عەرەبییەوە بکاتە نێودەوڵەتی و، لەبەرامبەر گۆڕینی تابلۆکەش 50 هەزار دینار بدات، ئێستا گۆڕینی تابلۆی ئۆتۆمبێل کراوەتە ئارەزوومەندانە. ئازاد تەها، گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتیی پۆلیسی هاتوچۆی پارێزگای دهۆک لەبارەی ئەو بڕیارە لە لێدوانێکدا بە ڕووداوی ڕاگەیاند "دوای هاوئاهەنگی لەگەڵ بەرپرسانی شرناخ، مزگێنی دەدەینە خەڵکی خۆمان لەمەودوا هاووڵاتیان ئۆتۆمبێلەکەیان بە هەر تابلۆیەک بێت، دەتوانێت گەشتی تورکیا بکەن".

# "ناوی 10 هەزار زیندانی سیاسیی ساختە نێردراوە بۆ بەغدا"

**شکار ئەحمەد**
**ڕووداو – هەولێر**

ئەندامێکی پەرلەمانی کوردستان ئاشکرای دەکات "گەندەڵی" لەو 22 هەزار ناوە کراوە کە وەک زیندانی سیاسی نێردراون بۆ بەغدا و ناوی 10 هەزار کەسی تێدایە زیندانیان نەبینیوە. وەزارەتی شەهیدان و کاروباری ئەنفالکراوانیش دەڵێ: "ناوەکان لە دادگا تۆمارکراون و دەسەڵاتمان نییە کەس لە لیستەکە دەربێنین".

حکومەتی هەرێمی کوردستان لیستێکی 22 هەزار کەسیی زیندانیانی سیاسی بۆ بەغدا ناردووە، بۆ ئەوەی بەغدا مووچەیان بداتێ، کۆمەڵەی زیندانیانی سیاسی عێراقیش ڕەزامەندی لەسەر داوە و نێردراوە بۆ سەرۆک وەزیرانی عێراق، ئێستا تەنیا واژۆی سەرۆکوەزیرانی ماوە، بەڵام ئەندامێکی پەرلەمانی کوردستان رایدەگەیەنێت بەشێک لەوانە بەشێوەیەکی ساختە و فێڵ و گەندەڵی نێویان خراوەتە نێو لیستەکە.

ڕزگار محەممەد، ئەندامی لیژنەی کاروباری شەهیدان و جینۆساید و زیندانیانی سیاسی لە پەرلەمانی کوردستان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "لیستی ناوی زیندانیانی سیاسی لە 13 وەجبە پێکهاتووە، بەڵام تەنیا پێنج هەزار کەس مووچەیان بۆ بەستراوە، 17 هەزار کەسەکەی دیکە بەبیانووی قەیرانی دارایییەوە تاوەکو ئێستا مووچەکانیان بۆ نەبەستراوە".

بەڵام ئەو پەرلەمانتارەی فراکسیۆنی گۆڕان دەڵێ: "نزیکەی 10 هەزار کەس لەوانەی ناویان لە لیستەکەدایە، نەک هەر زیندانی سیاسیی نین، بەڵکو زیندانیشیان نەبینیوە و بە واستە و بەهۆی حیزب حیزبێنە نێویان خراوەتە نێو لیستەکە، بەڵگەم لەلایە کە لە لیستەکەدا ناوی هەندێک کەسی تێدایە سەربازی فیرار یان جاش و کۆنەبەعسی و قاچاخچی بووە و گیراوە، ئێستا بە زیندانی سیاسی هەژمارکراوە".

ڕزگار محەممەد کە خۆی زیندانی سیاسییە و کوڕە شەهیدیشە، دەڵێ: "پێشتر لەگەڵ وەزارەتی شەهیدان و کاروباری ئەنفالکراوان و بەڕێوەبەرایەتییەکانیان لە شارەکان و سکرتێری کۆمەڵەی زیندانییە سیاسییەکان قسەمان کردووە، هەندێکیان دانیان بەو ڕاستییەدا ناوە و هەندێکیشیان نکۆڵی لێدەکەن، بەڵام ئێمە بە بەڵگە ناومان لەلایە".

لەبارەی ئەو بەڵگانەش کە پێویستە بیسەلمێنێ کەسێک زیندانی سیاسی بووە، پەرلەمانتارەکەی گۆڕان گوتی: "پێویستە بەڵگەی سەلمێنەر و بڕواپێکراو هەبن کە کەی و لەکوێ و لەسەر کاری سیاسی ئەو کەسە گیراوە، بەڵام لە دادگا تەنیا پشت بە چوار شایەت دەبەسترێ کە زیندانی سیاسی بووبن، هەندێک لەو شایەتانە خۆشیان زیندانی سیاسی نەبوونە، خەڵکیش هەیە بەڵگەی تەواوی هەیە کە زیندانی سیاسی بووە، بەڵام نەکراوە بە زیندانی سیاسی".

ئەو پەرلەمانتارە بەڵگەشی لەلایە کە جیاوازی لەنێوان زیندانیانی سیاسیدا دەکرێ: "لە گەرمیان هەوڵ هەیە زەوی بدەن بە زیندانیانی سیاسی، لیستیشیان ئامادە کردووە، بەڵام من بە تەحەداوە دەڵێم ناوی یەک زیندانی سیاسی پارتی و گۆڕان لەنێو لیستەکەدا نییە، ئەوەم بە خۆشیان گوتووە".

ڕزگار محەممەد گوتیشی: "من خۆم کە زیندانی سیاسیم و باوکیشم شەهیدە، تائێستا مووچەکەیان بۆ نەبەستووم".

بەگوتەی ئەندامەکەی لیژنەی کاروباری شەهیدان و زیندانیانی سیاسی "گەندەڵی"یەکە تەنیا لە لیستی زیندانیانی سیاسیدا نییە، ڕزگار محەممەد گوتی: "لەنێو شەهیدانیش هەمان گەندەڵی هەیە، بە بەڵگە و ناو لەلامانە خەڵک هەیە مردووە و کراوە بە شەهید، یان لە سەنگەری جاشایەتی کوژراوە و بە شەهید هەژماریان کردووە و مووچەی شەهیدانە وەردەگرێت، بۆیە بۆ ئەوەی مافی شەهید و زیندانی سیاسیی ڕاستەقینە نەخورێ، لیژنەکەی ئێمە بەردەوام دەبێت لە بەدواداچوونی بابەتەکە".

لەبارەی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو کەسانەی پەرلەمانتارەکەی فراکسیۆنی گۆڕان دەڵێ زیندانی سیاسیی ڕاستەقینە نین، فوئاد عوسمان گوتەبێژی وەزارەتی شەهیدان دەڵێت: "پشتڕاستکردنەوەی ناو لەلای ئێمە نییە، ئێمە تەنیا مەلەفەکانیان بۆ ڕێکدەخەین، دادوەرێک لە ئەنجوومەنی دادوەری پشتڕاستی ناوەکانیان و ڕاستی و دروستیی زیندانییەکەی یەکلایی دەکاتەوە، ناوی هەمووشیان لە دادگاکان تۆمار کراوە، بۆیە وەزارەت دەسەڵاتی نییە ڕەتیانبکاتەوە یان لە لیستەکە دەریانبێنێ".

فوئاد عوسمان ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە مووچە و ئیمتیازاتی زیندانیانی سیاسیی عێراق و هەرێمی کوردستان زۆر جیاوازن: "بەپێی یاسای زیندانیانی سیاسی لە هەرێمی کوردستان، ئەو کەسانە بۆ ماوەی 10 ساڵ مووچە وەردەگرن، بەڵام لە عێراق ماوەکەی 25 ساڵە، ئیمتیازی زیاتریشیان هەیە، مووچەکەشیان لە عێراق سێ ئەوەندەی مووچەی کەمترین خانەنشینییە کە دەکاتە ملیۆنێک و 200 هەزار دینار، بەڵام لە هەرێمی کوردستان 450 هەزار دینار وەردەگرن".

# کارەکانی نۆژەنکردنەوەی شەقامی 100 مەتریی هەولێر دەوەستن



**شکار ئەحمەد**
**ڕووداو – هەولێر**

نۆژەنکردنەوەی چەند کیلۆمەترێکی شەقامی 100 مەتری لە هەولێر، کاری دەیان خاوەن کۆمپانیا، هۆتێل و مۆتێل، چێشتخانە، مارکێت و دەرمانخانەکانی سەر شەقامەکەی ڕاگرتووە و وەکو خۆیان دەڵێن زیانێکی زۆریان پێگەیشتووە. ئەوان دەڵێن شارەوانی بەڵێنی دابوو لە ماوەی هەفتەیەکدا کارەکان تەواو بکات، بەڵام بە دوو هەفتە بەشێکی کەمیان کردووە و کارەکانیان ڕاگرتووە. شارەوانیش بەڵێن دەدات بەزووترین کات دەست بەکار بکەنەوە.

> **بەڵێندەرەکە گوتی شارەوانی پارەمان ناداتێ بۆیە کار ناکەین**
> خاوەن کۆمپانیایەک

ڕۆژی 2019/6/28 شارەوانیی هەولێر بە مەبەستی چاککردن و نۆژەنکردنەوەی شەقامی 100 مەتریی شاری هەولێر، هاتوچۆی لە بەشێکی شەقامەکە (ترافیکلایتی بەنزینخانەی ئاکار تاوەکو نزیک بازاڕی لەنگە) ڕاگرت. ئەو دووکاندارانەی دەکەونە سەر شەقامەکە، دەڵێن نۆژەنکردنەوەی شەقامەکە زۆری پێچووە و بەو هۆیەوە لە کار و کاسبی بوون.

سیروان محەممەد، خاوەنی کۆمپانیایەکی ئامێرە کارەباییەکان لەسەر شەقامەکە دەڵێت: "ئەو کاتەی دەستیان بەکار کرد، پێیانگوتین یەک هەفتە دەخایەنێت، بەڵام ئێستا 2 هەفتەی بەسەردا تێپەڕیوە و تەنیا چەند چاڵێکیان پڕکردووەتەوە، لەکاتێکدا نۆژەنکردنەوە و چاککردنی شەقامێکی سەرەکی هاتوچۆکردن و بازرگانی دەبێت شەو و ڕۆژ کاری تێدابکرێ و بەزوویی تەواوی بکەن، بەڵام چەند سەعاتێک کاردەکەن و دوو ڕۆژ کارەکانیان رادەگرن، ماوەی سێ ڕۆژیشە ئامێرەکانیان ڕاگرتووە و کاری تێدا ناکەن".

خاوەن کۆمپانیاکە گوتیشی: "لەسەر ئەو شەقامە دەیان کۆمپانیا، هۆتێل و دەرمانخانەی لێیە و 98%یشیان بە کرێ لە باڵەخانە و دووکانەکاندان، من مانگانە 2500 دۆلار کرێ دەدەم، زیاتر لە 3000 دۆلاریش بۆ کارمەند و خەرجییەکانمە، لەوەتەی ئەو شەقامە گیراوە یەک پسوولەشم نەکردووە و هیچم نەفرۆشتووە، کێ قەرەبووی ئەو زیانانەی ئێمە دەکاتەوە؟".

بەهۆی نزیکیی لە نەخۆشخانە حکومی و ئەهلییەکان و لە مۆڵە گەورەکانەوە، گەشتیارێکی زۆر ڕوویان لە هۆتێل و مۆتێلەکانی شەقامی 100 مەتری دەکرد، بەڵام ئەوانیش کاریان نەماوە.

شڤان ئەحمەد، خاوەنی مۆتێلێک لە شەقامەکە دەڵێ: "ئیشی ئێمە لەسەر گەشتیار و ئەوانەیە کە نەخۆشیان هەیە، پێشتر هەموو شوقەکانم پڕ بوو، بەڵام ئێستا تەنیا یەک شوقەمان هەیە کە میوانی تێدا بێت".

ڕۆنگۆڕێکی سەر شەقامی 100 مەتریش دەڵێت: "ئەوانەی سەردانی ئێمە دەکەن بۆ پشکنین و گۆڕینی ڕۆنی ئۆتۆمبێل دێن، لەو ڕۆژەوە کە شەقامەکەیان گرتووە، یەک دینارمان پەیدا نەکردووە، لە کاتێکدا گوزەرانی خێزانەکەم لەسەر ئەو دووکانەیە، ئێمە داوای قەرەبوومان لە حکومەت نەکردووە، تەنیا گوتوومانە لە وادەی خۆیدا کارەکان بکەن و شەقامەکە بکەنەوە، بەڵام ئەوەش ناکەن".

بەپێی قسەی خاوەن کۆمپانیایەک، بەڵێندەرێک کە لەوێ کاردەکات پێیگوتوون هۆکاری ڕاگرتن و کارنەکردنەکە ئەوەیە شارەوانی پارە نادات بە بەڵێندەرەکان و ئەوانیش کار ناکەن.

بەڵام سەرۆکی شارەوانی چواری هەولێر ڕەتیدەکاتەوە بەهۆی کێشەی نێوان ئەوان و بەڵێندەرەکانەوە چاککردنی شەقامەکە ڕاگیرابێت.

بۆتان تاهیر خۆشناو بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "ئەوە کێشەیەکی هونەرییە، چونکە کەوتووەتە سەر چینی خۆڵ، بۆیە چاککردنەوەکە زەحمەتتر بوو، ناچار بووین کاتێکی زیاتری بدەینێ بۆ ئەوەی ئیشێکی جوانی هونەری تێدا بکەین، ئێمە کارێک ناکەین کە پاش ساڵێک تێکبچێتەوە".

سەرۆکی شارەوانی چوار گوتیشی: "ئەو شەقامە لە ساڵی 2002 قیر کراوە، بەشێکی زۆری جادەکەی خراپ بووە و کەوتە سەر تێکەڵەی خۆڵ، ئێمە بڕوامان وانەبوو کە وابێت، بۆیە دەبێت جارێکی دیکە کارەکان دووبارە بکرێتەوە، ئێستا چاککردنەوەکەی تەواو بووە و ڕامانگرتووە، بەڵێن دەدەین تاوەکو هەفتەی داهاتوو دەست بە کاری قیرتاوکردنەکە بکەینەوە و تەواوی بکەین".

هەروەها سیروان محەممەد کە 10 ساڵە کۆمپانیای لەسەر ئەو شەقامە هەیە، دەڵێ: "ماوەیەک لەمەوبەر هەر لە شەقامی 100 مەتری و پێش فامیلی مۆڵیان زۆر بە خێرایی و لەماوەی چەند ڕۆژێکی کەم چاککرد، لەکاتێکدا هەمان شەقام و جادەش بوو، خێرە ئەوەی ئێرە دواخراوە و کاتی زۆرتری دەوێ و ئەوێ زوو تەواو کرا؟".

# "سێ ساڵە بەبێ هیچ بیانوویەک فەسڵکراوم"

**ناسر عەلی**
**ڕووداو- دهۆک**

لەشکر حەمید، 11 ساڵ لەمەوبەر چەکی پێشمەرگایەتی لە شان کرد، بەڵام دەڵێت سێ ساڵ لەمەوبەر بەبێ هیچ هۆکارێک فەسڵ کراوە. فەرماندەکەشی هۆکاری فەسڵکردنەکەی ڕووندەکاتەوە و دەڵێت ئەو لەسەر واجبنەگرتن فەسڵ کراوە. بەڵام فەسڵکردنەکەی بە "غەدر" دەزانێ و دەڵێت کێشەکەی ئەوەندە گەورە نەبووە فەسڵ بکرێ.

> **بڕیاری سەرووی خۆی جێبەجێ نەکردووە، بۆیە فەسڵ کراوە**
> فەرماندەکەی

لەشکر حەمید، دانیشتووی ناحیەی شیلادزێی سەر بە قەزای ئامێدییە لە پارێزگای دهۆک. باوکی چوار منداڵە و ساڵی 2005 بووەتە پێشمەرگە، بەڵام لە ساڵی 2016 فەسڵ کراوە.

لەشکر دەڵێت: "ئەو ماوەیەی کە پێشمەرگە بووم، هەر ئەرکێکم پێ سپێردرابێ جێبەجێم کردووە. کەم بەرەی شەڕی دژی داعش هەیە شەڕم لێ نەکردبێ. بەڵام نازانم بۆچی فەسڵیان کردم".

لەشکر حەمید باسی فەسڵکردنەکەی دەکات و دەڵێت: "لە ئەرکدا بووم، کە ئەرکەکەم تەواوبوو گەڕامەوە ماڵەوە. دوای ئەوەی مۆڵەتەکەم تەواو بوو و گەڕامەوە دەوام، هاوسەنگەرەکانم و ئامر فەوجەکەم پێیانگوتم فەسڵ کراوی".

لەشکر دەڵێت لەو ڕۆژەی فەسڵ کراوە، بەدوای ئەوەوەیە بزانێ بۆچی فەسڵ کراوە و بۆچی نایگەڕێننەوە "هەموو جارێک پێمدەڵێن مانگی داهاتوو دەتگەڕێنینەوە سەر ئەرکەکەت، بەڵام هەر قسەیە و ئەوە بۆ سێ ساڵ دەچێت لە ماڵەوەم".

ئەو پێشمەرگەیە خۆی بە "مەغدوور" دەزانێ و داوا لە سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەکات کە فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکانی هەرێمی کوردستانیشە، لەسەر دۆسیەکەی بێتە دەنگ و چیدی لە چاوەڕوانیدا نەیهێڵنەوە.

لەشکر پێشمەرگە بووە لە فەرماندەیی هەڵگوردی سەر بە فەرماندەیی لەشکری کوردستان. عەمید لەزگین سەعید فەرماندە لە فەرماندەیی هەڵگورد دەڵێت: "ئەو پێشمەرگەیە هەتا بڵێی پێشمەرگەیەکی ئازا و باش بووە". باسی هۆکاری فەسڵکردنەکەی دەکات و دەڵێت: "لە ساڵی 2016 داوا لە هێزی ئێمە کرا پێنج پێشمەرگە بۆ بەرەیەکی شەڕ بچن، ناوی ئەو پێشمەرگەیەش لەگەڵ چواری دیکە نووسرابوو، هاوڕێکانی چوون، بەڵام ئەو نەچوو، بۆیە فەسڵ کرا".

عەمید لەزگین پێیوایە نەدەبوو ئەو پێشمەرگەیە لەسەر ئەوە فەسڵ بکرێ "ئەو پێشمەرگەیە هەڵەیەکی هێندە گەورەی نەکردووە تاوەکو فەسڵ بکرێ، دەکرا لە شوێنی ئەو کەسێکی دیکە بنێردرێ".

عەمید لەزگین ئاماژەی بەوەدا کە تاوەکو ئێستا هەوڵێکی زۆریان داوە بۆ گەڕاندنەوەی ئەو پێشمەرگە بۆ سەر کارەکەی، بەڵام بێسوود بووە "چەند جارێک نووسراومان بۆ وەزارەتی پێشمەرگە کردووە کە بیگەڕێننەوە سەر کارەکەی، بەڵام نەیانگەڕاندووەتەوە". گوتیشی ئامادەیە لەگەڵ پێشمەرگەکە سەردانی وەزارەتی پێشمەرگە بکات بۆ ئەوەی کێشەکەی بۆ چارەسەر بکەن.

## شارەوانی بەدواداچوونی بۆ دەکات

# لە هەڵەبجە مانگایەکی دەستبەسەرداگیراو دەدزرێت



**شکار ئەحمەد**
**ڕووداو – هەولێر**

قایمقامیەتی هەڵەبجە دەیویست مانگایەکی بێ خاوەن کە لە بازاڕی هەڵەبجە دەستی بەسەردا گیرابوو، بخاتە مەزادەوە، بەڵام شەوێک دوای بڵاوکردنەوەی ئاگاداریی مەزادەکە، مانگاکە دزرا. سەرۆکی شارەوانیی هەڵەبجە دەڵێ ئەوە یەکەمجار نییە مانگا و مەڕوماڵات دیارنامێنێ و بەدواداچوونی بۆ دەکەن.

بەپێی نووسراوێکی قایمقامیەتی هەڵەبجە، داوا لە هاووڵاتییان کراوە بەمەبەستی کڕینی مانگایەک سەردانی شارەوانی هەڵەبجە بکەن، لە نووسراوەکەدا کە واژۆی نوخشە ناسیح، قایمقامی قەزای مەڵبەندی هەڵەبجەی لەسەرە، هاتووە "بەمەبەستی فرۆشتنی مانگایەک کە دەستی بەسەردا گیراوە لە شوێنی گشتیی نێو بازاڕ، هەر هاووڵاتییەک ئارەزوومەندە بە کڕینی لە سەرۆکایەتی شارەوانیی هەڵەبجە ئامادە بێت بۆ فرۆشتنی بەشێوەیەکی ئاشکرا لە 2019/7/2، کاتژمێر 10ی سەرلەبەیانی".

بەڵام پێش ئەوەی مانگاکە بخرێتە مەزادەوە دزراوە. سەرۆکی شارەوانی هەڵەبجەش زانیارییەکە پشتڕاست دەکاتەوە. کوێستان ئەکرەم بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "ئەو مانگا بێ خاوەنە لەنێو بازاڕ و شەقامەکانی هەڵەبجە دەسووڕایەوە، سیمای شاری تێکدابوو، بۆیە دەستمان بەسەرداگرت و بڕیارماندا بیخەینە مەزادەوە، بەڵام دوای بڵاوکردنەوەی ئاگادارییەکە مانگاکە دیارنەما".

ئەو شوێنەی مانگاکەی لێ دانراوە خانووێکی زێدەڕۆ بووە، کوێستان ئەکرەم دەڵێ: "پێشتر دەستمان بەسەر خانووێکی زێدەڕۆدا گرتبوو، ئەو مانگا و مەڕوماڵاتانەی دەستمان بەسەردا دەگرتن دەمانبردن بۆ ئەوێ تاوەکو خاوەنی بۆ پەیدا دەبێت، بەڵام نازانین کێ مانگاکەی بردووە، چونکە خانووەکە کامێرای چاودێری و پاسەوانی لێ نییە".

بە گوتەی سەرۆکی شارەوانی، ئەوە یەکەمجار نییە مانگا و مەڕ و ماڵات لەو خانووە بدزرێت یان خاوەنەکەی بێت بیباتەوە. سەرۆکی شارەوانی هەڵەبجە گوتی: "چەند ڕۆژێ پێش ئەو ڕووداوەش دەستمان بەسەر 11 سەر بزندا گرت کە لە شەقامێکی سەرەکی بەڕەڵڵا کرابوون، بڕیارماندا خاوەنی بزنەکان بە 300 هەزار دینار سزا بدەین، بەڵام ئەو دەیگوت لە 25 هەزار دینار زیاتر نادەم، بۆیە ئێمەش نەماندایەوە، شەوەکەی خاوەنی بزنەکان هاتبوو و بەبێ ئاگاداری ئێمە بردبوویەوە، بۆیە ئێستا داوەمە بە دادگا. پێشتریش کەسێکی دیکەمان لەسەر بردنی ئاژەڵ داوەتە دادگا".

## (ڕووداو) وردەکاریی یەکلاکردنەوەی بەربژێرەکانی حکومەت بڵاودەکاتەوە

# چوارشەممەی داهاتوو حکومەتی نوێ سوێندی یاسایی دەخوات

**نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو – سلێمانی**

دوای تێپەڕبوونی زیاتر لە نۆ مانگ بەسەر هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا، لایەنە براوەکانی هەڵبژاردن کە بەشداری لە حکومەتی داهاتوودا دەکەن، لیستی کۆتایی بەربژێرەکانیان یەکلایی کردەوە و رادەستی مەسروور بارزانی، راسپێردراو بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێ‌یان کرد. ئەندامێکی فراکسیۆنی یەکێتی دەڵێ: "یەکێتی داوای کردووە پێش سوێندخواردنی کابینەی نوێ، پۆستی سەرۆکی پەرلەمان وەربگرێت".

**ڕێواس فایەق پێش سوێندخواردنی کابینەی حکومەت دەستبەکار دەبێ**

پارێزگاری نوێی کەرکووک، نزیکەی نۆ مانگ تەمەنی کابینەی نۆیەمی بەفیڕۆدا. ئەوەش بەهۆی ئەو ناکۆکییە لە نێوان پارتی و یەکێتی پەیدابوو لەسەر یەکلاکردنەوەی ناوێک بۆ ئەو پۆستە. ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکێتی کە داوای کرد ناوی بڵاو نەکرێتەوە، دەڵێ لە سەرەتاوە بە پارتیمان گوتبوو، ئەگەر بەبێ یەکلاکردنەوەی پارێزگاری کەرکووک بەشداریی حکومەت بکەین، بە کێشەکانمانەوە دێینەوە نێو حکومەت و پارتیش لەوە تێدەگەیشت "بەڵام ئێستا ئێمە وا دەچینە نێو حکومەت و تیمەکەمان بە هەمانشێوەی تیمی کابینەی هەشتەم بۆ خزمەتکردنی خەڵک و گیانی پێکەوە کارکردن لەگەڵ سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران کار دەکەن".

ئەو ئەندامەی سەرکردایەتی یەکێتی هەروەها دەڵێ: "قوباد تاڵەبانی یاریدەدەرێکی باش دەبێت بۆ تیمی یەکێتی لە حکومەت و خودی مەسروور بارزانیش. نێچیرڤان بارزانیش شایەتی بۆ دا کە کەسێکی بەهێزە لەبەردەم گرفت و ڕەخنەکاندا و ورە بەرنادات، هەر بەهۆی ئەوەش بەربژێری بەهێزی ئێمە بوو بۆ وەرگرتنەوەی پۆستی جێگری سەرۆکی حکومەت".

ڕۆژی 2019/7/6 سەرکردایەتیی یەکێتی ناوی ئەو بەربژێرانەی یەکلایی کردووە کە لە حکومەتی نوێ پۆست وەردەگرن، میدیاکانی یەکێتیش ناوی بەربژێرەکانیان بڵاوکردووە، بەڵام ڕۆژی دواتر یەکێتی دەستکاری ناوەکانی کرد و پاشان لیستی ناوەکانی بە ئیمزای کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی، جێگری یەکەمی سکرتێری گشتیی یەکێتی رادەستی مەسروور بارزانی کرد.

## ژنێک قوربانی دا

(ڕووداو) لە زاری چەند بەرپرسێکی یەکێتییەوە زانیویەتی، باڵی ماڵی تاڵەبانی و کۆسرەت ڕەسوڵ و بەرهەم ساڵح و کەرکووکییەکان، پێشتر لەسەر پۆستەکان ڕێککەوتوون و دواتر بردوویانەتە نێو کۆبوونەوەی سەرکردایەتی تاوەکو دەنگ لەسەر بەشێک لە ناوەکان بدرێ، بەڵام پێش دەنگدان لەسەر ناوەکان، ناوی شاڵاو کۆسرەت ڕەسوڵ وەک یەکێک لە بەربژێرانی پۆستی جێگری سەرۆکی حکومەت لە سۆشیالمیدیا بڵاوکرایەوە.

بەرپرسێکی یەکێتی لەوبارەیەوە گوتی: "خۆپاڵاوتنی شاڵاو کۆسرەت تەنیا بۆ ئەوە بوو ماڵی مام جەلال دەستبەرداری پۆستی سەرۆکی پەرلەمان ببن و بە جێگری سەرۆکی حکومەت و وەزیرێک رازی بن، چونکە پۆستەکان زۆر نەبوون و دەبوو سلێمانی و هەولێر و هەڵەبجە و گەرمیان رازی ببن". ئەو بەرپرسەی یەکێتی گوتیشی: "بەشێک لە ئەندامانی سەرکردایەتی رایان وابوو خالید دۆسکی بۆ وەزارەتی ڕۆشنبیری یان وەزارەتێکی دیکە دابنرێتەوە بۆ ئەوەی دهۆک لە سەرکردایەتی نەڕەنجێ، بەڵام کاک بەرهەم و ژمارەیەک لە ئەندامانی سەرکردایەتی داوایان کرد حەمەی حەمەسەعید، بکرێتە وەزیری ڕۆشنبیری".

یەکێتی لە دوای کۆبوونەوەی سەرکردایەتی کە بڕیار لەسەر ناوەکان درابوو، دەستکاریی هەندێک لە ناوەکانی کردووە پێش ئەوەی رادەستی پارتییان بکات، ئەویش بە گۆڕینی د.دارا ڕەشید بۆ ئارام حەمەی مینا بۆ وەزارەتی خوێندنی باڵا و پەروین بابەکر، لە کۆتا ساتەکانی کۆبوونەوەکەدا پاشەکشەی کرد لە داواکاریی بۆ وەرگرتنی وەزارەتێک بۆ بێگەرد تاڵەبانی، تاوەکو بێگەردیش لەسەر ڕێگەی ڕێواس فایەق لابچێت بۆ پۆستی سەرۆکی پەرلەمان. هەربۆیە د. بەرهەم ساڵح، بەتایبەتی سوپاسی کردووە کە بەو هەڵوێستەی کێشەیەکی نێو سەرکردایەتیشی چارەسەر کردووە.

هێشتا ڕوون نییە چۆن سەعدی ئەحمەد پیرە کشاوەتەوە لە داوای وەرگرتنی وەزارەتی هەماهەنگییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا، بەڵام سەرکردایەتی یەکێتی عیزەت سابیریان رازی کردووە دەستبەرداری داواکردنی وەزارەتی کشتوکاڵ ببێ و لە بەرامبەردا لە داهاتوو دەیکەنە پارێزگاری سلێمانی کاتێک پۆستەکە لە گۆڕان وەردەگرنەوە. ئەوەش بەپێی قسەی سەرچاوەیەکی یەکێتی.

**دەرباز کۆسرەت ڕەسوڵ بۆ هەولێرییەک دەستبەرداری پۆستی وەزیری بوو**

### دەرباز کۆسرەت ڕەسوڵ بۆچی کشایەوە؟

کشانەوەی کتوپڕی دەرباز کۆسرەت ڕەسوڵ، لە وەرگرتنی پۆستی وەزارەتی پلاندانان، یەکێک بوو لەو سوپرایزانەی کە بەشێک لە سەرکردایەتی ئەو حزبەش چاوەڕێی نەبوون. ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکێتی دەڵێ: "پێداگیری زۆرمان کرد بۆ ئەوەی ئەو پۆستە وەربگرێت و تەنانەت دەنگیشی لەسەر درابوو، بەڵام پێش ئەوەی ناوەکان بنێردرێن بۆ مەسروور بارزانی، گوتی ناوی من دەربهێنن، چونکە تەنیا یەک وەزارەت بەر هەولێر کەوتووە و نامەوێ بگوترێ کۆسرەت ڕەسوڵ ئەو پۆستەی بۆ کوڕی خۆی وەرگرتووە". لە شوێنی دەرباز کۆسرەت ڕەسوڵ، د.دارا ڕەشید کراوەتە وەزیری پلاندانان کە پێشتر لەگەڵ کۆسرەت ڕەسوڵ چووە ئەڵمانیا بۆ سەرپەرشتیکردنی چارەسەری نەخۆشییەکەی.

**بەرپرسێکی یەکێتی: خۆپاڵاوتنی شاڵاو کۆسرەت تەنیا بۆ ئەوە بوو کە ماڵی تاڵەبانی دەستبەرداری پۆستی سەرۆکی پەرلەمان ببن**

### ڕێکخەر تەنیا دوو ناوی یەکلایی کردەوە

هەر دوای واژۆکردنی ڕێککەوتنەکەیان لەگەڵ پارتی، بزووتنەوەی گۆڕان رایگەیاند کە یەکلاکردنەوەی ناوی بەربژێرەکانی کاتی زۆر نابات، بەڵام دواتر دوو ناو بوونە لەمپەری بەردەم پرۆسەکە و جڤاتەکانی گۆڕان گرێکەیان خستە بەردەستی ڕێکخەری گشتی بۆ ئەوەی بیکاتەوە. جەلال محەممەد، ئەندامی فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان دەڵێ بزووتنەوەکەیان ناوەکانی یەکلایی کردووەتەوە و رادەستی پارتی کردوون. گوتیشی: "48 سەعات پێش کۆبوونەوەی پەرلەمان دەبێت سیڤییەکان بگەنە پەرلەمان".

بەرپرسێکی بزووتنەوەی گۆڕان وردەکاریی کێشەکانی نێو گۆڕان لە بارەی بەربژێرەکانەوە بۆ (ڕووداو) باسدەکات و دەڵێ: "ماوەی زیاتر لە دوو مانگە هەریەکە لە مستەفا سەید قادر، جەلال جەوهەر، ئاواتی شێخ جەناب، دانا عەبدولکەریم یەکلایی بوونەتەوە، بەڵام کێشەکە لەسەر کوێستان محەممەد و بڕزۆ مەجید بوو، چونکە کوێستان بەربژێری ڕێکخەری گشتی بوو، بڕزۆش بەربژێری کوڕەکانی کاک نەوشیروان بوو، لیژنەی دیاریکردنی بەربژێرەکان ناوی کوێستانیان لادابوو لە لیستەکە، هەربۆیە داوایان کرد ڕێکخەری گشتی خۆی بڕیار لەسەر ئەو دوو ناوە بدات، ڕێکخەری گشتیش کوێستان محەممەدی بۆ وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی و کەمال موسلیمی بۆ وەزارەتی بازرگانی دیاری کرد".

ئەو بەرپرسە ئاگادارەی بزووتنەوەی گۆڕان هەروەها دەڵێ: "کابینەی پێشووش کاک نەوشیروان بۆخۆی ناوی چوار وەزیرەکەی ئامادەکرد و بەڕێوەبەرە گشتییەکانی جێهێشت بۆ جڤاتەکان، بەڵام ئەمجارە پێدەچێت بەشێک لەوانەی سیڤییان ناردبوو بۆ وەزارەتەکان و دانەنراون، زویر ببن". گوتیشی: "گۆڕان لەبارەی هەندێک لە بەربژێرەکانییەوە راوێژی لەگەڵ مەسروور بارزانی هەبووە و بارزانیش بەو پێیەی سەرۆکی حکومەتە، مافی ئەوەی هەیە راوێژی لەگەڵ بکرێ بۆ بەربژێرەکان".

**کوێستان محەممەد لەسەر داوای ڕێکخەری گشتی دانرا**

### پارتی لە بەشی دهۆک سلێمانی رازیکرد

چەند ڕۆژێک پێش ئێستا ژمارەیەک لە بەرپرسانی لق و ئۆرگانەکانی سلێمانی، نامەیەکی ناڕەزایەتییان دابووە بارزانی بۆ ئەوەی لە کابینەی نۆیەمدا فەرامۆش نەکرێن. هەر بۆیە داوایان کردبوو لانیکەم وەزارەتێکی دیاریان پێبدرێت. لە دواساتەکانی تەتەڵەکردنی ناوی بەربژێرەکاندا، هەریەکە لە مەسعود بارزانی، نێچیرڤان بارزانی و مەسروور بارزانی، رازیبوون بەوەی داواکاریی سلێمانی لە بەرچاو بگیرێت و وەزارەتی پەروەردەیان دا بە ئالان حەمەسەعید، ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی سلێمانی.

ڕێبوار بابکەیی، پەرلەمانتاری پارتی دەڵێ: "پارتی ناوی بەربژێرەکانی خۆی یەکلایی کردووەتەوە و ئامادەیە بۆ ئەوەی لە کات و ساتی خۆیدا حکومەت پێکبهێنرێ کە 11 ئەم مانگەیە".

### یەکێتی کەی سەرۆکی پەرلەمان وەردەگرێ؟

بەپێی زانیارییەکان، یەکێتی داوای کردووە پێش سوێندخواردنی حکومەت پۆستی سەرۆکی پەرلەمان وەربگرێتەوە. سەرکۆ ئازاد، پەرلەمانتاری یەکێتی دەڵێ "بڕیارە ڕۆژی سێشەممەی داهاتوو ڤالا فەرید و ڕێواس فایەق ئاڵوگۆڕ لە پۆستەکانیان بکەن. دەستلەکارکێشانەوەی ڤالا فەرید و دەستبەکاربوونی ڕێواس فایەق لە یەک ڕۆژدا دەکرێت و ڕۆژی چوارشەممە، کابینەی نۆیەم سوێندی یاسایی دەخوات و دواتر پەرلەمان دەکەوێتە نێو پشووی هاوینەی خۆی".

جەلال محەممەد، ئەندامی لیژنەی یاسایی پەرلەمان، پێیوایە ئاساییە ئەگەر هەمان ڕۆژی سوێندخواردنی کابینەی نوێ سەرۆکی پەرلەمان دەستبەکار ببێ "لەم هەفتەیەدا ئەو ڕێوشوێنە یاساییانە تەواو دەبن". هەرچی پۆستی سەرۆکی پەرلەمانیشە، ڕێبوار بابکەیی دەڵێ "لەیەکەم ڕۆژەوە گوتوومانە ئەمە پۆستی یەکێتییە و هەرکات بەربژێریان ئامادە بوو دەتوانن داوای بکەنەوە. پێدەچێت یەکێتی پێیخۆشبێت پێش سوێندخواردنی حکومەت سەرۆکی پەرلەمان دەستبەکار ببێ".

### چوار پەرلەمانتار دەبنە وەزیر

خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان، ژمارەی پێوانەیی شکاند لە پەڕینەوەی پەرلەمانتارەکانی بۆ نێو بینای ئەنجوومەنی وەزیران. ڤالا فەرید، دەبێتە وەزیری داد و د.لەنجە دزەیی لە جێگەی ئەو دەبێتە ئەندامی پەرلەمان. هەروەها بێگەرد تاڵەبانی دەبێتە وەزیری کشتوکاڵ و شیرین کە خەڵکی شارۆچکەی کۆیەیە، لە شوێنی ئەو دەبێتە پەرلەمانتار. عەبدوڵڵا حاجی مەحموود، دەبێتە وەزیری شەهیدان و باپیر کامەلا لە شوێنی ئەو دەبێتە پەرلەمانتار. ئایدن مەعرووف، دەبێتە وەزیری هەرێم و هێشتا لە شوێنی ئەو بەرەی تورکمانی یەکلایی نەکردووەتەوە کێ دەنێرێتە پەرلەمان.

ئایدن مەعرووف، پەرلەمانتاری لیستی بەرەی تورکمانی دەڵێ: "راستە بەپێی عورف و یاسای هەڵبژاردن پێویستە ئەو کەسەی دوای من لە لیستەکەدا زۆرترین دەنگی هێناوە بێتە شوێنی من، بەڵام حیزب ئەوە یەکلایی دەکاتەوە و ئاساییە ئەگەر دوای کۆتاییهاتنی پشووی پەرلەمان ئێمە دەست لەکاری پەرلەمانتاریی بکێشینەوە و کەسانی دیکە لەشوێنمان دابنرێن".

## هەیکەلی کابینەی نوێ

بەپێی ئەو لیستانەی حیزبە براوەکان رایانگەیاندووە، وەک لیستی کۆتایی بەربژێرەکانیان، دەرکەوتووە کە سیمای کابینەی نۆیەم بەم شێوەیە دەبێ:

- مەسروور بارزانی، سەرۆکی حکومەت
- قوباد تاڵەبانی، جێگری سەرۆکی حکومەت
- جەلال جەوهەر، یاریدەدەری سەرۆکی حکومەت بۆ کاروباری چاکسازی
- ئومێد سەباح، سەرۆکی دیوانی ئەنجوومەنی وەزیران
- ڕێبەر ئەحمەد، وەزیری ناوخۆ
- شۆڕش ئیسماعیل، وەزیری پێشمەرگە
- ئاشتی هەورامی، وەزیری سامانە سروشتییەکان (یەکلایی نەبووەتەوە)
- د.دارا ڕەشید مەحموود، وەزیری پلاندانان
- ئاواتی شێخ جەناب، وەزیری دارایی
- ڤالا فەرید، وەزیری داد
- عەبدوڵڵا حاجی مەحموود، وەزیری شەهیدان
- ساسان عەونی، وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار
- د. سامان بەرزنجی، وەزیری تەندروستی
- د.ئارام محەممەد قادر، وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
- محەممەد سەعید عەلی (حەمەی حەمەسەعید)، وەزیری ڕۆشنبیری
- بێگەرد تاڵەبانی، وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو
- کوێستان محەممەد، وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی
- کەمال محەممەد ساڵح، وەزیری کارەبا
- ئالان حەمەسەعید، وەزیری پەروەردە
- دانا عەبدولکەریم، وەزیری ئاوەدانکردنەوە
- پشتیوان سادق، وەزیری ئەوقاف
- کەمال موسلیم، وەزیری بازرگانی
- ئانۆ جەوهەر، وەزیری گواستنەوە و گەیاندن
- فرسەت ئەحمەد، وەزیری کاروباری پەرلەمان و حکومەت
- خالد سەلام سەعید (خالید شوانی) وەزیری هەرێم
- ئایدن مەعرووف، وەزیری هەرێم
- د.محەممەد شوکری، سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان
- سەفین دزەیی، بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوە
- نەسرەدین مەحموود، سەرۆکی دەستەی گشتی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم
- ئیسماعیل مەحموود، سەرۆکی دەستەی گشتی کاروباری مین
- عوسمان شوانی، سەرۆکی دەستەی گەشتوگوزار

# کورد 16 ناوی بۆ 6 باڵیۆزخانەی عێراق داوەتە پەرلەمان

**نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو– سلێمانی**

بۆ پڕکردنەوەی پۆستی 70 باڵیۆزی عێراق لە وڵاتان، حیزبە عێراقی و کوردستانییەکان ژمارەیەک ناویان داوەتە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بۆ ئەوەی لەو پشکەی بەریاندەکەوێ، بکرێنە باڵیۆز. ئەندامێکی فراکسیۆنی یەکێتی دەڵێت "هێشتا حیزبە کوردستانییەکان لەسەر ئەو شەش پۆستە ڕێکنەکەوتوون کە بەر کورد دەکەون".

وەزارەتی دەرەوەی عێراق، لەگەڵ پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەت، بڕیاری دا باڵیۆزەکانی لە وڵاتان دەگۆڕێت، بەڵام هێشتا ئەو گۆڕانکارییە نەکراوە.

بەختیار شاوەیس، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی یەکێتی لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق دەڵێ حیزبەکەیان بەپێی بەرکەوتەی هەڵبژاردن و ژمارەی کورسییەکانی، 2 باڵیۆزی بەردەکەوێت "بەڵام ئێمە شەش ناومان داوەتە لیژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوە بۆ ئەوەی لەو شەش ناوە دوویان هەڵبژێردرێن".

دوای ئەوەی لەلایەن ژمارەیەک هاووڵاتی عێراقییەوە ڕەخنە لە خزمەتگوزاریی باڵیۆزخانەکانی عێراق گیرا و تەنانەت هەندێک لە باڵیۆزەکانیش بۆ خۆیان بەدەر نەبوون لە سەرزەنشتی خەڵک، وەزیری دەرەوەی عێراق، لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەڤانیدا رایگەیاند "هەوڵدەدەین لەو ماوەیەی کە وەک وەزیری دەرەوە کاردەکەم، باڵیۆزەکان لە باشترینەکان بن بەراورد بە ئەوانی رابردوو".

محەممەد عەلی حەکیم، گوتیشی: "کار لەسەر میکانیزمی نوێ دەکەین بۆ دیاریکردنی بەربژێرەکان بۆ پۆستی باڵیۆزەکان. لەگەڵ لیژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پەرلەمان ڕێککەوتووین وەک یەکدی بەربژێرمان هەبێت. بۆ نموونە ئەگەر ئێمە 30 کەس بەربژێر بکەین، ئەوانیش 30 کەس بەربژێر دەکەن. لیژنەیەک لە دەرەوەی وەزارەتی دەرەوە بەربژێرەکان دیاری دەکەن و لیژنەکەش سەربەخۆ و بێلایەن دەبێت".

عێراق 76 نێردەی دیپلۆماسی و 38 باڵیۆزخانەی لە وڵاتان هەیە، بەڵام 35 لەو باڵیۆزانە لە ڕێگەی پەرلەمانەوە دیاری دەکرێن، دوای ئەوەی حیزبەکان ناوی بەربژێرەکانیان دەدەنە پەرلەمان و پەرلەمان بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی دەرەوە دیارییان دەکەن. چونکە 35 باڵیۆزەکەی دیکە وەزارەتی دەرەوە بۆ خۆی لەو کارمەندانە دیاریی دەکات کە لەنێو وەزارەتی دەرەوە یان باڵیۆزخانەکان کاردەکەن و ئەزموونیان وەرگرتووە.

بەختیار شاوەیس دەڵێ: "کاتێک ئەو ناوانە پەسەند دەکرێن، یەکسەر ناکرێنە باڵیۆز، سەرەتا بۆ ماوەی دوو ساڵ دەنێردرێنە وەزارەتی دەرەوە لەوێ دەوام دەکەن و ئەزموون وەردەگرن، دواتر دەکرێنە باڵیۆز لە وڵاتان".

بەڵام پەرلەمانتارێکی پێشووی کورد لە پەرلەمانی عێراق کە داوای کرد ناوی بلانەکرێتەوە، ڕەخنە لە حیزبە کوردستانییەکان دەگرێ و دەڵێت: "هیوادارم ئەمەش بە دەردی پۆستەکانی سەرۆککۆمار و وەزیری دارایی و پۆستەکانی دیکە نەبەن. هیچ نەبێت بۆ وەرگرتنی پۆستی باڵیۆزەکان بە یەک تیم بچنە گفتوگۆ و هەرکەس بۆ بەشی خۆی نەڕوات".

کورد بەپێی ژمارەی کورسییەکانی لە پەرلەمانی عێراق مافی وەرگرتنی 6 باڵیۆزی هەیە، بەڵام 16 ناو لەلایەن فراکسیۆنە کوردستانییەکانەوە دراوە بە لیژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پەرلەمانی عێراق. پارتی کە پێیوایە 3 لەو باڵیۆزانەی بەردەکەوێ، ناوی هەریەکە لە خەسرەو پیربال، ئەشواق جاف و پەریزاد شەعبان و بەهزاد نەبی. یەکێتی ناوی بەهرۆز یاسین و ئەمین جودی و لوئەی مەحموود و دانا سەعید سۆفی و زانا بێستوون و چیا زەنگەنەی ناردووە، گۆڕانیش سێ ناوی پێشکەش کردووە کە پێکدێن لە د.دیاری ئەحمەد و شایان محەممەد و نەوشیروان محەممەد. یەکگرتوو ناوی د.ڕەئوف کەریم و عەبدوڵڵا کەریم، هەروەها نەوەی نوێ ناوی ئارام ئیسماعیلی پێشکەش کردووە.

ئەشواق جاف، پەرلەمانتاری خولی پێشووی پەرلەمان و یەکێک لە بەربژێرانی پارتی، دەڵێ حیزب خۆی پۆستەکان و ناوەکانی هەڵسەنگاندووە و ناوی منی لەو لیستەدا داناوە "بەشی ئێمە لەو 70 باڵیۆزە بەپێی ژمارەی کورسییەکانمان 3 باڵیۆزە، چونکە بۆ هەر 10 کورسییەک یەک باڵیۆز دەدرێت".

ئەشواق جاف، هەروەها دەڵێ "ئەم بابەتە پەیوەندی بە داواکردنەوە نییە و بەپێی ژمارەی کورسییەکانە". بەڵام بەختیار شاوەیس دەڵێ "ئێمە و پارتی یەکی دوو باڵیۆزمان بەردەکەوێت و دووەکەی دیکە بۆ لایەنە کوردستانییەکانی دیکەیە".

کورد لە خولی پێشووتر ژمارەی باڵیۆزەکانی زۆرتر بوون. بەکر فەتاح حوسێن لە سوێد. سەیوان بارزانی لە هۆڵەندا. بەکر ئەحمەد جاف، لە ئۆکراینا. ئەحمەد ئەبوبەکر بامەڕنی لە ئیتاڵیا. ئەحمەد تەحسین بەرواری لە چین. غازی تاهیر خالید زێباری لە یۆنان. عومەر بەرزنجی لە ڤاتیکان. حوسێن تەها شنگالی لە ڕۆمانیا. شۆڕش خالید، پلەی باڵیۆز و بریکاری وەزیری دەرەوە بۆ کاروباری کارگێڕی.

چیا زەنگەنە کە یەکێکە لە بەربژێرەکانی یەکێتی دەڵێ: "ئێمە کادر و کەسانی چالاکی ناو یەکێتین و خۆمان داوامان کردووە بکرێینە باڵیۆز و حیزبیش لای خۆیەوە پەسەندی کردووە و ئێمەی پێ باش بووە. چاوەڕوان دەکرێ لە ماوەی داهاتوو وەزارەتی دەرەوە و پەرلەمان ئەو ناوانە یەکلایی بکەنەوە".

ڕووداو
راپۆرت
ژمارە (561) - دووشەممە 2019/7/8



## داوا لە کاکە حەمە دەکرێ چوار موڵک چۆڵبکات

**ڕووداو– سلێمانی**

بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی سلێمانی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی فەرمانگەکانی دادی وەزارەتی داد، داوا لە محەممەد حاجی محموود، سکرتێری حیزبی سوسیالیست دیموکراتی کوردستان دەکات، چوار موڵکی کەرتی 8ـی ئابلاخ کە ئێستا ماڵی خۆی تێدایە، چۆڵبکات. بەڕێوەبەرایەتییەکە نووسراوێکی بۆ پۆلیسی سلێمانی ناردووە و داوایلێکردوون هێزێک کە لە 25 پۆلیس کەمتر نەبێت، ئامادەبکەن بۆ ئەوەی ڕۆژی 2019/6/18 ئەو مۆڵکانە بە محەممەد حاجی محموود چۆڵبکەن، بەڵام بڕیارەکە جێبەجێنەکراوە. بەختیار کەریم، گوتەبێژی حیزبی سوسیالیست دیموکراتی کوردستان ڕایگەیاند "ئەو موڵکە لە ساڵی 1991 بە شەڕ لە جەیشی شەعبیمان وەرگرتووە، ئێستاش ئامادەنین بۆ هیچ کەسێکی چۆڵبکەین".

# قۆناغی دووەم و سێیەمی بایۆمەتری چاوەڕێی پێکهێنانی حکومەتە

**شکار ئەحمەد**
**ڕووداو — هەولێر**

بەڕێوەبەری جێبەجێکاری تۆماری بایۆمەتری ڕایگەیاند کە تێچووی قۆناغی یەکەمی سیستەمی بایۆمەتری سێ ملیار دینار بووە و زیاتر لە 50 هەزار کەس لە لیستی مووچەخۆران دەرهێنراون. بۆ جێبەجێکردنی قۆناغی دووەم و سێیەمیش چاوەڕێی پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەت دەکەن.

سەفین غەفوور، بەڕێوەبەری جێبەجێکاری تۆماری بایۆمەتری بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "سیستەمی بایۆمەتری سێ قۆناغە، قۆناغی یەکەم ئەوەمان یەکلایی کردەوە کە کێن ئەوانەی مووچە لە حکومەت وەردەگرن، لەماوەی شەش مانگدا توانیمان کاری تۆمارکردنی فەرمانبەران تەواو بکەین کە بەپێی ڕاپۆرتی بانکی نێودەوڵەتی، بە ستانداردێکی جیهانی جێبەجێ کرا".

### ملیۆنێک و 259 هەزار فەرمانبەر

پێش دەستپێکردنی تۆماری بایۆمەتری لە ساڵی 2016 ، ژمارەی مووچەخۆرانی حکومەت زیاتر لە ملیۆنێک و 400 هەزار کەس بوو کە 95 هەزاریان خوێندکاری زانکۆ بوون و پێشتر دەرماڵەیان لە حکومەت وەردەگرت.

سەفین غەفوور لەبارەی ژمارەی ئێستای مووچەخۆرانی حکومەت دەڵێت: "ئەو 95 هەزار خوێندکارەی زانکۆ لە لیستی مووچەخۆرانی حکومەت دەرهێنراون، جگە لەوان 50 هەزار کەسی دیکەش دەرهێنران. ئێستا بە گوێرەی تۆماری بایۆمەتری، حکومەت ملیۆنێک و 259 هەزار مووچەخۆر و فەرمانبەری هەیە".

سیستمی بایۆمەتری توانای تۆمارکردنی 30 ملیۆن کەسی هەیە. بە گوتەی سەفین غەفوور، تێچووی قۆناغی یەکەمی بایۆمەتری زۆر کەم بووە "تێچووی قۆناغی یەکەم 3 ملیار دینار بوو، ئەمەش پارەیەکی کەمە. لە عێراق تێچووی یەک کارتی نیشتمانی 20 بۆ 26 دۆلار بووە، بەڵام تۆمارکردنی کەسێک لەلای ئێمە تێچووەکەی کەمتر لە 700 دینار بوو".

> پلە بەرزکردنەوەی فەرمانبەران ساڵانە پێویستی بە 20 ملیار دینارە

بایۆمەتری کۆتایی نەهاتووە و قۆناغی دووەم و سێیەمیشی ماوە. بەڕێوەبەری جێبەجێکاری سیستەمی بایۆمەتری دەڵێت: "ئێمە و فەرمانگەی IT لە ئەنجوومەنی وەزیران هەموو شتێکمان ئامادە کردووە، تیمەکانمان لەڕووی بەڕێوەبردن، جێبەجێکردنی لۆجستی و تەکنیکی ئامادەن و چاوەڕێی دەستبەکاربوونی ستافی نوێی حکومەتین، جارێ نازانین کەی دەستپێدەکەین و بایۆمەتری لەکوێی کارەکانی کابینەی نوێدایە".

گوتیشی: "18 مانگمان بۆ جێبەجێکردنی هەردوو قۆناغەکە داناوە و داوای پێنج ملیۆن دۆلاریشمان کردووە".

> لە 10 ساڵی داهاتوودا 260 ملیار دیناری دیکە دەچێتە سەر مووچەی فەرمانبەران

### 105 هەزار کەس دوو مووچە وەردەگرن

بە گوتەی سەفین غەفوور، لە قۆناغی دووەم و سێیەمدا "چاکسازییەکی گەورە" دەکرێ "قۆناغی دووەم قۆناغی بەراوردکردنە، هەر کەسێک وەهمییە یان مردووە و تۆمار نەکراوە دەبێت لەو سیستەمە پاک بکرێتەوە و مووچەکەی ببڕدرێت، لە قۆناغی سێیەمیشدا کار لەسەر ئەوە دەکەین کە ئەو مووچەخۆرە چی دەکات و چی کردووە بۆ حکومەت لە بەرامبەر ئەو پارەیەی وەریدەگرێت یان وەریگرتووە".

ئەوانەی دوو مووچەیان هەیە لە قۆناغی دووەمدا یەکلادەکرێنەوە، سەفین گوتی: "105 هەزار مووچەخۆرمان هەیە کە دوو مووچەیان هەیە، لە قۆناغی دووەم لیژنەیەکی تایبەت پێداچوونەوە دەکەن کە ئەوانە یاسایین یان نا، گلەییمان لێدەکەن کە چارەسەری کێشەی دوو مووچەییمان نەکردووە، بەڵام خۆیان بە یاسا کردوویانە، لەوانە پەرلەمان بە یاسا مووچەی بۆ وارسی شەهیدان بڕیوەتەوە و دەشڵێن ئەگەر مووچەی دیکەشیان هەبێ نابێت مووچەکەیان لێ ببڕدرێت. بەڵام ئەوانەی بەدەر لە یاسا دوو مووچە وەردەگرن لێیاندەبڕین".

> ساڵانە 4500 فەرمانبەر خانەنشین دەکرێن

ئەوەی باری سەرشانی حکومەتی قورس کردووە، خانەنشینانی دەرەوەی بەڕێوەبەرایەتی گشتیی خانەنشینن. سەفین غەفوور ژمارەی ئەوانە و چارەنووسیان دوای قۆناغی دووەم و سێیەمی بایۆمەتری ئاشکرا دەکات و دەڵێت: "16 هەزار خانەنشین هەن کە مووچەکانیان لە وەزارەتی پێشمەرگە و سەر بە بەڕێوەبەرایەتی خانەنشین نییە، ئەمە دەبێت یەکبخرێتەوە و یەک دەزگای خانەنشینی هەبێت کە ئێمە کاری لەسەر دەکەین، خەڵک هەیە شەهیدی مەدەنییە، نازانم بە یاسا یان ڕێنمایی کراوە، بەڵام دەڵێن دەبێت پلە بەرزکردنەوە و عەلاوەکەی بەردەوام بێت لە وەزارەتەکەی خۆی تا دەگاتە کاتی خانەنشینی، بەڵام ئێمە لە بایۆمەتری مامەڵە لەگەڵ زیندووەکان دەکەین، ئەوانەش چارەسەر دەکرێن".



(فۆتۆ: ڕووداو)

### هەموو کەسێک دەبێتە خاوەن ژمارە

دروستکردنی ژمارەی تایبەت بڕگەیەکی دیکەی تۆماری بایۆمەتری دەبێت کە سەفین غەفوور بە "گەورەترین دەستکەوت"ی دەزانێت و دەڵێت: "هەر کەسێک دانیشتووی هەرێمی کوردستانە، دەبێت خاوەنی ژمارەیەکی خۆی بێت، پێیدەڵێن ژمارەی کەسیی بێهاوتا، ئەویش بۆ قۆناغی دووەمی بایۆمەتری ئامادەیە کە گەورەترین دەستکەوتی بایۆمەترییە و بەبێ جێبەجێکردنی ئەو بڕگەیە هیچ چاکسازییەک ناکرێ".

سەبارەت بە چارەسەرکردنی کێشەی ئەوانەش کە دەمردن، ئەو بەڕێوەبەرە دەڵێ: "هەندێک کەس لە نەخۆشخانە دەمرن و بەیان وەفاتەکەی دەدەنەوە کەسوکاری و لە سیستەمێکدا تۆمار دەکرێت، هەندێکیشیان لە دادگا تۆماردەکرێن و حیجەت وەفاتیان بۆ دەکرێ، لە قۆناغی دووەم لەگەڵ وەزارەتەکانی داد و تەندروستی ئەوانە لە یەک سیستەمدا کۆدەکەینەوە".

> 16 هەزار خانەنشینی پێشمەرگە هەن

> حکومەت ئێستا ملیۆنێک و 259 هەزار مووچەخۆری هەیە

لە قۆناغی دووەمدا سیستەمی ناسنامە و ناسینەوەش دادەنرێ، سەفین غەفوور لەو بارەیەوە دەڵێت: "ئایدێنتیتی مەنجیمێنت سیستم IMS سیستەمی بەڕێوەبردنی ناسنامە یان ناسینەوە، بەو سیستەمە کەسی مردوو و زیندوو دەناسرێتەوە، سیستەمەکە ئەوەش ڕوونده‌کاتەوە کە ئەو کەسە فەرمانبەرە یان نا، باجی لەسەرە یان نا، چ زەوی و خانووێکی بەناوە و زۆر شتی دیکەش، هەر بەپێی سیستەمەکە، مردووەکانیش ناکارا (disable) دەبن، بۆیان نییە مووچە و بیمەی تەندروستییان هەبێت".

بەگوتەی بەڕێوەبەری جێبەجێکاری بایۆمەتری، بەپێی سیستەمەکە هیچ فەرمانبەرێک ناتوانێ تەکسی لێبخوڕێت: "تۆماری تەکسی دەبێتە بەشێک لە پرۆژەکە، شوفێری تەکسی نابێت فەرمانبەر بێت، ئێستا لەنێوان وەزارەتی دارایی و فەرمانگەی ئایتی و ئێمە کار بۆ جێبەجێکردنی ئەو سیستەمە دەکرێ".

> ساڵانە 6 ملیار دینار دەچێتە سەر عەلاوەی فەرمانبەران

### ساڵانە 4500 کەس خانەنشین دەبن

وەک بەڕێوەبەرەکەی سیستمی بایۆمەتری دەڵێت، دەبێ خشتەی مووچە و شێوازی چاودێریکردنی نوێبکرێنەوە "لە هەرێمی کوردستان ساڵانە 4500 کەس خانەنشین دەبن، ئەگەر حکومەت کەسیش دانەمەزرێنێ، پێویستمان بە زیاتر لە 166 ساڵە بۆ ئەوەی ئەو ژمارەیە سفر ببێتەوە، بۆیە شێوازی چاودێریکردن، دابینکردن و پێدانی مووچە پێویستیان بە نوێکردنەوەیە".

سەفین غەفوور گوتیشی: "پلەبەرزکردنەوە ڕاگیراوە، بەڵام تەنیا بە پێدانی عەلاوە، ساڵانە نزیکەی 6 ملیار دینار دەبێتە ماڵ لەسەر حکومەت، ئێستا مووچەی ساڵانەی فەرمانبەران نزیکەی 9 ترلیۆن دینارە. لە 10 ساڵی داهاتوودا 60 ملیار دینار مووچەی فەرمانبەران زیاد دەکات، ئەگەر پلەبەرزکردنەوەش دەستپێبکاتەوە، ساڵانە 20 ملیار دینار لەسەر مووچە زیاد دەبێت و لەگەڵ عەلاوەکە لە 10 ساڵی داهاتوودا 260 ملیار دیناری دیکە دەبێتە بار لەسەر حکومەت".

> 105 هەزار کەس دوو مووچە وەردەگرن

# یەکێتی دوای پێکهێنانی حکومەت پارێزگاری سلێمانی لەگەڵ گۆڕان یەکلایی دەکاتەوە

**نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو — سلێمانی**

پەرلەمانی کوردستان خوێندنەوەی یەکەم و دووەمی بۆ هەموارکردنەوەی یاسای ئەنجوومەنی پارێزگاکان کرد و بڕیارە پێش پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەنگ لەسەر هەموارکردنەوەکە بدرێت. بەپێی هەموارە نوێیەکە، پارتە سیاسییە براوەکانی هەڵبژاردن دەستکراوە دەبن لە دەرەوەی ئەنجوومەنەکانی پارێزگا، کەسێک بە پارێزگار دابنێن. ئەندامێکی فراکسیۆنی گۆڕان لە ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی دەڵێ: "یەکێتی نابێت بیر لە وەرگرتنەوەی پۆستی پارێزگاری سلێمانی بکاتەوە، چونکە پشکی ئەوان نییە".

هەمواركردنەوەی یاسای ئەنجوومەنی پارێزگاکان، بەتایبەت ئەو بڕگەیەی تایبەتە بە دانانی پارێزگارەکان لەکاتێکدایە، پارتی دیموکراتی کوردستان سەرقاڵی ژمارەیەک گۆڕانکارییە لە پۆستە ئیدارییەکانی پارێزگای هەولێر و دهۆک بە گۆڕینی پارێزگارەکانیشەوە. یەکێتیش دەیەوێ سوود لەو هەموارکردنەوەیە وەربگرێت بۆ ئەوەی ئەو پەیامانەی لە ماوەی ڕابردوو دەیدا بە گوێی بزووتنەوەی گۆڕاندا، بیکاتە ڕاستی و ئەو پۆستە وەربگرێتەوە و لە دەرەوەی ئەنجوومەنەوە کەسێک بنێرێتە شوێنەکەی هەڤاڵ ئەبوبەکر.

هێڤیدار ئەحمەد، ئەندامی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پەرلەمانی کوردستان دەڵێ: "دوای هەموارکردنەوەی یاساکە، بارودۆخی سیاسی و ئەمنی و ئابووریی هەرێمی کوردستان گونجاو نییە بۆ هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان و تاوەکو خولی داهاتووی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان، پارێزگارەکان بە دامەزراندن دادەنرێن، بەڵام ئەنجوومەنی پارێزگاکان دەنگیان پێدەدەن".

پارتی دەیەوێ گۆڕانکارییە ئیدارییەکان ببەستێتەوە بە پێکهێنانی حکومەتی نوێ و بەرپرسێکی پارتی دیموکراتی کوردستان کە داوای کرد ناوی بڵاونەکرێتەوە، دەڵێ: "لە دوای پەسەندکردنی یاسای هەموارکراوی ئەنجوومەنی پارێزگاکان، پارێزگاری نوێ بۆ پارێزگای هەولێر و دهۆک دادەنرێ و بەربژێری هەردوو پارێزگارەکەش ئامادەن". ئەو بەرپرسەی پارتی گوتیشی: "نەوزاد هادی، لە حکومەتی نوێدا دەبێتە وەزیر و فرسەت سۆفی دەبێتە پاریزگاری هەولێر. حەمید عەلیش، بەڕێوەبەری گشتیی دەروازەی سنووری ئیبراهیم خەلیلیش دەکرێتە پارێزگاری دهۆک".

ئەو بەرپرسەی پارتی، دڵنیایە لەوەی کە حزبەکەی باشترین هەڵسەنگاندنی کردووە بۆ دیاریکردنی بەربژێرەکان و هەوڵ دەدات پارێزگارە نوێیەکان باشترین خزمەتی هەردوو پارێزگاکە بکەن "بەڵام پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجە تایبەتە بە یەکێتی و گۆڕان و ئەو ڕێککەوتنەی لە نێوانیاندا هەیە".

بەتێپەڕینی شەش مانگ بەسەر تەواوبوونی دوو ساڵەکەی هەڤاڵ ئەبوبەکروەک پارێزگاری سلێمانی، بەرپرسانی یەکێتی لە ڕێگای لێدوانەکانیانەوە بۆ میدیاکان، زەنگی ئاگادارکردنەوەیان بۆ بەرپرسانی بزووتنەوەی گۆڕان نارد. ئەویش پەیامی وەرگرتنەوەی پۆستی پارێزگاری سلێمانییە کە بەپێی ڕێککەوتنێکی پێشووتر لە 2014/11/12 لە نێوان هەردوو حیزب بۆ بەڕێوەبردنی پارێزگاکانی سلێمانی و هەڵەبجە واژۆکرا و ماوەی دوو ساڵ بە دوو ساڵ پارێزگاکان بەڕێوەدەبەن.



> تا هەڵبژاردن نەکرێ پۆستی پارێزگاری سلێمانی تەسلیم ناکەینەوە

هوشیار ئیسماعیل، ئەندامی فراکسیۆنی سەوز لە ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی دەڵێ، تاوەکو ئێستا کە ئاڵوگۆڕ نەکراوە لە پۆستەکاندا، لەبەر کێشەی یاسایی نەبووە و یەکێتی خۆی بە فەرمی داوای ئەو پۆستەی نەکردووە، چونکە کێشەی گەورەتری لە بەردەم بووە، وەک یەکلاکردنەوەی پارێزگاری کەرکووک و پێکهێنانی حکومەت "بەدڵنیاییەوە دوای پێکهێنانی حکومەت یەکێتی بڕیار دەدات کە چی بکات لەو بارەیەوە".

ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتیمانی کوردستانیش بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، بەپێی ڕێککەوتنی نێوان یەکێتی و گۆڕان، بزووتنەوەی گۆڕان زۆر زیاتر لەوەی پێویست بووە پۆستەکەی بەدەستەوە بووە و ئێستا هەموو لایەک دڵنیابووینەتەوە کە هەڵبژاردن ناکرێ: "بۆیە یەکێتی مافی خۆیەتی داوای ئەوە بکات لە گۆڕان یان ڕێککەوتنێکی نوێ بکرێت، یان پۆستی پارێزگاری سلێمانی بداتەوە یەکێتی".

ئەو ئەندامەی سەرکردایەتی یەکێتی کە داوای کرد ناوی بڵاونەکرێتەوە، دەڵێ یەکێتی لە دوو هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق و پەرلەمانی کوردستان یەکەمی پارێزگای سلێمانی بووە و مافی خۆیەتی داوای ئەو پۆستە بکاتەوە، هەر بۆیە لەو باوەڕەدا نین گۆڕان ڕادەستکردنەوەی ئەو پۆستە بکاتە کێشە.

ئازاد محەممەدئەمین کە لەسەر پشکی یەکێتی سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانییە، پێشتر ڕایگەیاندبوو کە بەپێی ڕێککەوتنەکە، دەبوو ساڵێک لەمەوبەر یەکێتی پۆستی پارێزگاری سلێمانی لە بزووتنەوەی گۆڕان وەربگرێتەوە "نەک هەر من وەک کادیرێکی یەکێتی و سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی، بەڵکو هەموو یەکێتییەکان بە خۆشمەوە پێمانخۆشە یەکێتی پۆستی پارێزگاری سلێمانی لە بزووتنەوەی گۆڕان وەربگرێتەوە، بەڵام بەڕێککەوتن لەگەڵ بزووتنەوەی گۆڕان هەروەک چۆن پێشتر ڕێککەوتن کرا بۆ دابەشکردنی ئەو پۆستە و هەموو پۆستەکانی پارێزگای سلێمانی".

ساڵی 2014 دوای هەڵبژاردنی پارێزگاکان، یەکێتی و گۆڕان حەوت مانگ دانوستاندنیان کرد تا توانییان بگەنە ڕێککەوتن لەسەر دابەشکردنی پۆستەکانی پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجە و گەرمیان، بەڵام تاوەکو ئێستاش بزووتنەوەی گۆڕان ڕەخنە لەیەکێتی دەگرێت و دەڵێ نزیکەی 100 پۆستی ئیداریی وەرنەگرتووە و کۆبوونەوە و ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانیشی لەگەڵ یەکێتی، بەستووەتەوە بە وەرگرتنەوەی ئەو پۆستانە.

بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو)، یەکێتی هەر لەئێستاوە بەربژێری بۆ پارێزگاری سلێمانی ئامادە کردووە و هەریەکە لە عیززەت سابیر و ئەکرەم شەریف لە کێبڕکێدان بۆ وەرگرتنی ئەو پۆستە.

بەڵام سیوە خدر، ئەندامی فراکسیۆنی گۆڕان لە ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی، دەڵێت بزووتنەوەی گۆڕان دەستبەرداری پۆستی پارێزگاری سلێمانی نابێت "ڕێککەوتنمان هەیە و ئەمە پشکی یەکێتی نییە تا بڵێ وەریدەگرمەوە".

ئەو ئەندامەی ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی، دەڵێت حیزبەکان ماوەی 7 مانگە ناتوانن حکومەت پێکبهێنن و لەسەر ناوەکان و پۆستەکان ڕێکبکەون. بۆیە لە ئەگەری پێدانەوەی ئەو پۆستە بە یەکێتی و قایل بوون بە ڕێککەوتنێکی نوێ، ماوەیەکی زۆر دەخایێنێ تاوەکو لەسەر پۆستەکان و وردەکارییەکانی ڕێکدەکەون: "هەرکات هەڵبژاردن کرا، هەر لایەنێک بردییەوە، پیرۆزی بێت".

# دەرزییەکی ساختەی هاوشێوەی ئاڤاستین لە هەولێر دەفرۆشرێت

**شکار ئەحمەد**
**ڕووداو- هەولێر**

دەرزییەکی هاوشێوەی ئەو ئاڤاستینەی لە ساڵی 2013 لە نەخۆشخانەیەکی حکومی لە هەولێر لە 30 نەخۆش درا و بە هۆیەوە چاوی هەشتیان دەرهێنران، ئێستا لە دەرمانخانەکانی هەولێر بەئاشکرا دەفرۆشرێ. پزیشکێکی نەخۆشییەکانی چاو و کواڵیتی کۆنترۆڵی دەرمانیش دەرمانەکە بە "قاچاخ و ساختە" دەزانن و دەڵێن بەکارهێنانی کارەساتی لێدەکەوێتەوە.

لە کۆتایی مانگی 4ی ساڵی 2013 لە نەخۆشخانەی ڕزگاری لە هەولێر بەهۆی دەرزیی ئاڤاستینەوە 30 نەخۆش چاویان تێکچوو، دواتر بۆ چارەسەری ڕەوانەی ئەڵمانیا کران و چاوی هەشت نەخۆش دەرهێنران. کەمپینێک لەژێر ناوی (چاو هەر چاوە) بۆ قوربانیانی دەرزی ئاڤاستین پێکهێنرا و تۆمەتبارانی کەیسەکەش درانە دادگا.

بەپێی بەدواداچوونێکی (ڕووداو)، ئێستا لە دەرمانخانەکانی هەولێر جۆرە دەرزییەکی هاوشێوەی ئاڤاستین دەفرۆشرێ.

پزیشکێکی پسپۆڕی چاو کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، دەڵێت: "ئەو دەرزییە کە ساختەیە، کەس نازانێت لە کوێ دروستدەکرێ و چی لەنێو ئەو شووشەی دەرزییەدایە، ئێستا لە چەند دەرمانخانەیەکی هەولێر بە ئاشکرا دەفرۆشرێ. لیژنەی پشکنین لە وەزارەتی تەندروستی و سەندیکای دەرمانسازانیش ئاگاداری ئەو دەرزیەن، بەڵام بێدەنگن لێی، بۆیە کە قسە ناکەن زۆر شک و گومان دەکەوێتە سەریان".

> **ئەم دەرزییە لەناو سیستەمی کواڵیتی کۆنترۆڵدا نییە و لەڕێگەی ئێمەوە نەهاتووە**
> کواڵیتی کۆنترۆڵی دەرمان

بە گوتەی ئەو پزیشکە، دەرزییەکە ناوی ئایلیایە کە دەرمانێکی زۆر باشە و بۆ چارەسەری تۆڕی چاو بەکاردێت، بۆ ئەوانەی تەمەنیان زۆرە، یان تووشی شەکرە و جەڵتەی چاو بوون بەکاردێت "بەڵام ئەوەی لە دەرمانخانەکانی هەولێر دەفرۆشرێ ساختەیە. بارکۆد و QRەکانی سەر پاکەتەکەی هیچی وەکو یەکتری نییە، نازانم چ دەرمانێکە لەنێو شووشەکانی ئایلیای دەکەن و بە نەخۆشی دەفرۆشنەوە".



نمونەی دەرزییەکە کە لە دەرمانخانەکانی هەولێر دەفرۆشرێ

پزیشکەکە گوتیشی: "ئەو دەرزییە حەبێکی پاراستۆڵ نییە، یان بۆیەی نینۆکی کچان نییە هیچ کێشەیەک دروست نەکات. ئەو دەرمانە دەچێتە نێو چاوی نەخۆش و وێرانی دەکات. ئەگەری هەیە وەکو چۆن لە ساڵی 2013 بە دەرزی ئاڤاستین چاوی 30 کەس کوێر کرا، ئەو دەرزییەش هەمان کارەسات دروست بکات".

نرخی دەرزییەکە لە دەرمانخانەکانی کوردستان هەرزانترە لە نرخی ئۆرجیناڵی دەرزییەکە. ئەو پزیشکە دەڵێ "بۆیە دەڵێین دەرمانەکە ساختەیە، چونکە ئەو دەرمانە تەنیا بە زمانی تورکی لەسەری نووسراوە، لە کاتێکدا بەپێی ڕێسای ئەو کۆمپانیایەی دەرمانەکە دروست دەکات، بۆ هەر وڵاتێکی بنێرێ، دەبێ زمانی ئەو وڵاتەی لەسەر بێ. هەروەها نرخی ئەو دەرزییە لە تورکیا 800 دۆلار بووە سەرەتا، بەڵام ئێستا داشکاندنی بۆ کراوە و بووە بە 400 دۆلار، کەچی لە دەرمانخانەکانی هەولێر بە 250 دۆلارە".

ئەو پزیشکە گومانی لە هەموو دەرمانێکە کە هاوردە دەکرێت، چونکە دەڵێت ئەو ستیکەرەی بە ناوی وەزارەتی تەندروستییەوە دەخرێتە سەر دەرمانەکان، بەدەستی خەڵکەوەی بینیوە: "من بە چاوی خۆم لە شەقامی پزیشکان خەڵکم بینیوە بە عەلاگە ئەو ستیکەرانەی پێبووە کە لە کواڵیتی کۆنترۆڵ لە دەرمانی دەدەن، لەکوێی دەستکەوتووە و کرییەتی؟ بەئارەزووی خۆی هەر دەرمانێکی بیەوێت لێیدەدات و ئەوەی دەیکڕێ وادەزانێ لە کواڵیتی کۆنترۆڵ دەرچووە".

> **بە چاوی خۆم لە شەقامی پزیشکان خەڵکم بینیوە بە عەلاگە ئەو ستیکەرانەی پێبووە کە لە کواڵیتی کۆنترۆڵ لە دەرمانی دەدەن**
> پزیشکێک

(ڕووداو) نموونەیەکی ئەو دەرزییەی دەستکەوتووە و بۆ دڵنیابوون لێی بردی بۆ کواڵیتی کۆنترۆڵی دەرمان. سەرچاوەیەکی بەرپرس لە کواڵیتی کۆنترۆڵی دەرمان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "ئەم دەرزییە کە بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشییەکانی چاو بەکاردەهێنرێ، لەناو سیستەمی کواڵیتی کۆنترۆڵدا نییە و لەڕێگەی ئێمەوە نەهاتووە، بۆیە ساختەیە و بەشێوەی قاچاخ هاتووەتە دەرمانخانەکان".

وەک ئەو گوتی، هەر دەرمانێک کە دێتە هەرێمی کوردستان دەبێت لەسەر پاکەتەکەی بە یەکێک لە زمانەکانی کوردی، ئینگلیزی، عەرەبی لەسەری نووسرابێت، بەڵام ئەو دەرمانە تەنیا بە زمانی تورکی لەسەری نووسراوە، بۆیە دەرمانەکە بۆ هەرێمی کوردستان دروستنەکراوە و نابێت بەهیچ شێوەیەک بەکاربهێنرێت.

سەرچاوەکەی کواڵیتی کۆنترۆڵی دەرمان دەشڵێت: "هەر دەرمانێک کە دەچێتە دەرمانخانەکان دەبێت ستیکەری کواڵیتی کۆنترۆڵی دەرمانی لەسەر بێت، بەڵام ئەو دەرزییە کە تورکییە، ستیکەری لەسەر نییە، بۆیە بەهیچ شێوەیەک نابێت لە دەرمانخانەکان بفرۆشرێت و بدرێت بە نەخۆش، چونکە کارەساتی بەدوادا دێت". بۆیە گوتیان کە بەدواداچوونی ورد بۆ ئەو بابەتە دەکەن.

---

# خانووی کرێنشینەکانی گوندی کۆری بە زیاتر لە کەسێک فرۆشراون

**شکار ئەحمەد**
**ڕووداو – هەولێر**

بەپێی ڕێنماییەکانی پارێزگای هەولێر خانووەکانی گوندی کۆری کڕین و فرۆشتنیان لەسەر نییە، بەڵام هاووڵاتیان و نوێنەرانی بەشداربووی گوندی کۆری دەڵێن هەر لە سەرەتاوە کڕین و فرۆشتن بەو خانووانە کراون. بەشێکیش لەو خانووانە لەلایەن خاوەنەکانیانەوە لە یەک کاتدا بە چەند کەسێک فرۆشراون و ئێستا نازانرێ کێ خاوەنی ڕاستەقینەیانە.

سیما دوای ماوەیەک لە کڕینی خانوویێک لە گوندی کۆری، خانووەکە بە هاوڕێیەکی خۆی بەناوی عەلی حوسێن دەفرۆشێتەوە، بەڵام عەلی دەڵێ تووشی کێشە بووە: "خانووەکەم بە 15 هەزار دۆلار کڕی و گرێبەستیش لەنێوانماندا هەیە، بەڵام ئێستا

> **خانوویەکم لە گوندی کۆری کڕیوە، ئێستا سێ خاوەنی لێ پەیدا بووە**
> هاووڵاتییەک

ناتوانم بچمە نێو خانووەکە و دەڵێن تاوەکو خاوەنی خانووەکە بریکارنامەت بۆ نەکات ناتوانی بچیتە ناوی، ئەویش خۆی دەشارێتەوە".

سەبارەت بە هۆکاری خۆشاردنەوەی خاوەنی یەکەمی خانووەکەش، عەلی حوسێن گوتی: "بێجگە لە سیما، ئەو کەسە خانووەکەی بە دوو کەسی دیکەش فرۆشتووە". ئێستا خانووەکەی عەلی سێ خاوەنی هەیە.

(ڕووداو) پەیوەندی بە ناسح ئەحمەد، خاوەنی یەکەمی خانووەکەوە کرد، بەڵام ئەو نکۆڵی دەکات لەوەی کە بێجگە لە سیما، خانووەکەی بە کەسی دیکە فرۆشتبێت و تەنیا گوتی: "هەر خانوویێکم فرۆشتبێت بەبێ بریکارنامە و چەکی بانکی نەمفرۆشتووە، گرێبەستەکەشمان لە نووسینگەیەکی پیرزین کردووە، بەڵام ئێستا نووسینگەکە نەماوە".

عەلی حوسێن ئەو پارەیەی هەیبووە بەو خانووەی داوە، ئەو دەڵێت: "چووین بۆ ئاسایش و زانیاریشمان هەیە ئەو کەسە دۆسیەی لە دادگا هەیە و پێشتریش چەند جارێک ئیشی ساختەکاری کردووە، ئێمە بەبێ ئەوەی خاوەنی خانووەکە بریکارنامەمان بۆ بکات ناتوانین بچینە نێو خانووەکە، ئەگەر بۆمان نەکات، سکاڵای لەسەر تۆمار دەکەین".

خانووەکەی دانا محەممەدیش لەوانەیە کە چەند کەسێکی دیکە خۆیان لێ کردووە بە خاوەن، ئەو بە (ڕووداو)ی گوت: "پێش ئەوەی خانووەکان دابەشبکرێن، لەڕێگەی پارێزگای هەولێر و بە واژۆی ئەوان خانووەکەم کڕیوە، حەوت هەزار دۆلارەکە و دوو قیستەکەی دیکەشم داوە، ئێستا لە کۆمپانیا و پارێزگاش خانووەکە بەناوی منە، بەڵام سێ مانگ پێش ئێستا پیاوێک هات و گوتی من ئەو خانووەم بە 9200 کڕیوە".

دەربارەی کێشەی ئەو خانووانە، هیمداد ڕەمەزان کە موختاری گوندی کۆرییە، دەڵێت: "لە پسوولەکان ساختەکاری کراوە، بەشێک لە خاوەنی خانووەکان پسوولەکەیان فرۆشتووەتەوە، دواتر کۆپییەکەشیان هەر فرۆشتووە، چووەتە مەفقوداتیش گوتوویەتی پسوولەکەی ونکردووە و پسوولەیەکی دیکەیان پێداوە، ئەویشی فرۆشتووە، ئێستا خانوو هەیە بەو شێوەیە سێ خاوەنی بۆ پەیدا بووە".

بەگوتەی موختاری گوندی کۆری، خاوەنی ئەو خانووانەش کە شوێنی خانووەکەیان نایابە، تووشی کێشە بوون: "هەندێک خانوو لە ڕیزی پێشەوەن و لە مزگەوتەکە نزیکن، خاوەنەکانیان بە تیروپشک ئەو خانووانەیان بۆ دەرچووە، بەڵام کۆمپانیا ئەو خانووانەی داوە بە کەسی دیکە کە بە واستە یان ناسینی کەسێک ناویان دەرچووە".

هەر لەوبارەوە نەوزاد عوسمان نوێنەری خاوەن خانووەکانی گوندی کۆری گوتی: "مامەڵەکە تەنیا بە خانووەکانەوە نەکراوە، بەڵکو بەشێک لە زەوییەکانیش بە چەند کەسێک فرۆشراونەتەوە، هاوڕێم هەیە لە فینلەندا بووە، زەوییەکی لە کەسێک بە 20 هەزار دۆلار کڕیوە، خاوەنەکەی دوای فرۆشتنی زەوییەکە مەفقوداتی کردووە و 7 هەزار دۆلارەکەی خۆی وەرگرتووەتەوە، هاوڕێکەم کە چووەتە پارێزگا پێیانگوتووە ئەو ناوە هەر نەماوە و کاتی خۆی پارەکەی خۆی وەرگرتووەتەوە".

> **کڕین و فرۆشتن بەدەر لە ڕێنمایی ئێمە بووە و ئەوانەی کێشەیان هەیە با بڕۆنە دادگا**
> پارێزگای هەولێر

نەوزاد عوسمان گوتیشی: "ئەو حاڵەتانە لە سەرەتای دروستکردنی گوندی کۆرییەوە هەبووە، پارێزگا بە یاسا قەدەغەی کرد کڕین و فرۆشتنی پێبکرێ، چونکە بێجگە لە پسوولەیەک هیچ بەڵگەنامەیەکی دیکەیان نەبووە، بەڵام بەشێک لە خاوەن خانووەکان پسوولەی خانووەکەیان فرۆشتووەتەوە، دواتر چوون بۆ پارێزگا و بەناوی ونکردنی پسوولەکە، پسوولەیەکی دیکەیان وەرگرتووە و ئەویشیان فرۆشتووە، ئێستا خانوو هەیە چوار خاوەنی هەیە".

ئەو 4000 کەسەی بڕیار درا لە گوندی کۆری خانوویان بۆ دروست نەکرێ و بە 7 هەزار دۆلار و پارچە زەوییەک قەرەبوو بکرێنەوە، کێشەیان بۆ دروستبووە، چونکە بەشێک لە خانووەکان چەند خاوەنێکیان هەیە، هەمووشیان بەڵگەی پسوولە، بریکارنامەی گشتی یان مەفقوداتیان پێیە.

سەبارەت بە چارەسەری ئەو کێشەیە، هەمزە حامید، بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی پارێزگای هەولێر بە (ڕووداو)ی گوت: "ئەو کڕین و فرۆشتنانە بە فەرمی نەکراون، بەڵکو بەدەر لە یاسا و ڕێنماییەکانی ئێمە بووە، بۆیە ئەوانەی کێشەیان بۆ دروستبووە، دەبێ لە دادگا چارەسەری بکەن".



---

## داواکاری گشتی تەمیزی کردووەتەوە

# دادگا دۆسیەی ساختەکردنی شیری دیالاکی داخست

**شکار ئەحمەد**
**ڕووداو – هەولێر**



دوای زیاتر لە 5 مانگ، دادگا بڕیاری داخستنی دۆسیەی ساختەکردنی لۆگۆ و شیری دیالاکی دەرکرد کە لە کارگەیەکی هەولێر دەستی بەسەردا گیرابوو، بەڵام هێشتا سەرپەرشتیاری ئەو کارگەیەی شیرەکەی تێدا ساختە دەکرا، فەرمانی دەستگیرکردنی هەیە و لە سنووری پارێزگای سلێمانی خۆی حەشارداوە. بریکارەکانی شیری دیالاک دەستیان لە دۆسیەکە هەڵگرتووە، بەڵام داواکاری گشتی بڕیارەکەی دادگای تەمیز کردووەتەوە.

ڕۆژی 2017/11/20 بەڕێوەبەرایەتی گومرگی ڕاپەڕین دەستی بەسەر بڕی (23) ملیۆن و (587) کیسی بەتاڵی شیری دیالاکدا گرت کە بە شێوەی لوول و بۆ تێکردنی شیر ئامادە کرابوو، خاوەنەکەی ویستوویەتی شیری خراپی تێبکات. جەوهەر ڕەسوڵ، بەڕێوەبەری گومرگی ڕاپەڕین ڕایگەیاند: "بەپێی ڕێنماییەکان ئەو کارە قەدەغەیە و دەچێتە بواری ساختەکارییەوە و تاوانێکی گەورەیە، چونکە خاوەنەکەی دەتوانێ شیری ماوەبەسەرچوو یان جۆری خراپ و هەرزانتر بکاتە نێو کیسەکانەوە و بەناوی شیری دیالاک بیانفرۆشێت".

لە کۆتایی مانگی 12ی ساڵی 2018 کارگەیەکی شیری وشک لە ناحیەی بەحرکەی سەر بە هەولێر دەستی بەسەرداگیرا و داخرا. کارگەکە ماوەی دوو ساڵ جۆرە شیرێکی لە ئێرانەوە هاوردە کردووە و بەناوی شیری دیالاکی نیوزیلەندی لە بازاڕەکانی کوردستان ساغی کردووەتەوە.

دوای دەستبەسەرداگرتنی شیرەکە کە 24 هەزار کارتۆن بوو لەگەڵ بڕێکی زۆر کارتۆنی ساختە و شیری فەل، تیمەکانی چاودێریی تەندروستی ئاشکرایان کرد کە کارگەکە مۆڵەتی تەندروستیشی نییە. ئەوکات سامی نەجمەدین، بەڕێوەبەری چاودێریی تەندروستی لە هەولێر بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "دەرکەوت ئەم کارگەیە مۆڵەتی تەندروستی نییە، شیری لە ئێرانەوە هێناوە و بەناوی نیوزیلەندی دەیخاتە کیسەوە، گوایە لە ڤێتنام خراوەتە ئەو کیسانە، بەڵام لە بەحرکە ئەو کارە دەکرا و بەناوی شیری دیالاک لە بازاڕەکانی هەرێمی کوردستان ساغ دەکرایەوە".

پارێزەری کۆمپانیای قوباد کە بریکاری سەرەکی شیری دیالاکە لە عێراق و هەرێمی کوردستان، دەڵێت ڕاستە شیرەکە لە ئێرانەوە هاوردەی هەرێمی کوردستان کراوە. بەشدار حەسەن لەوبارەوە گوتی: "ئەو شیرە لە ئێرانەوە هاوردە کراوە و دوای بەکارهێنانی لۆگۆی دیالاک، ماوەی دوو ساڵ لە بازاڕەکانی کوردستان بە نرخێکی کەمتر لە بازاڕ و دەرمانخانە و مارکێتەکان ساغکراوەتەوە و فرۆشراوە. هاووڵاتیانیش بەناوی شیری دیالاکی ئۆرجیناڵ کڕیویانە".

سەبارەت بەو کەسانەش کە فەرمانی دەستگیرکردنیان بۆ دەرچووە، بەشدار حەسەن گوتی: "فەرمانی دەستگیرکردن بۆ سەرپەرشتیاری کارگەکە دەرچووە کە بەرپرسێکی سەربازی بووە بەناوی (ه.د.ر)، لە کارگەکەدا کاری ساختەکاری کردووە و ئەو شوێنەش کە کارگەکەی تێدابووە بە سەرپێچی دروستکراوە و مۆڵەتی دروستکردنی بینای لەسەر زەوییەکە لە شارەوانی نەبووە، کارگەکەش مۆڵەتی دامەزراندنی نەبووە".

بەشدار حەسەن گوتیشی: "دوای دەستبەسەرداگرتنی کارگەکە، ئەو بەرپرسە بەرەو سلێمانی هەڵاتووە و لەوێ خۆی حەشارداوە، یان دەستگیر نەکراوە".

لە مانگی 6ی ئەمساڵدا دادگای عەنکاوە بڕیاری داخستنی دۆسیەکەی دا. پارێزەری کۆمپانیای قوباد دەڵێت: "دادوەری لێکۆڵینەوەی دادگای عەنکاوە لە مانگی ڕابردوو بەبیانووی ئەوەی کە ئەو شیرەی بەناوی دیالاک فرۆشراوە لە تاقیگە دەرچووە و هیچ کێشەیەکی تەندروستی بۆ بەکارهێنەرانی نەبووە، کەیسەکەی داخست".

کۆمپانیای قوباد بڕیارەکەی دادگای تەمیز نەکردووەتەوە. بەشدار حەسەن لەو بارەیەوە دەڵێت: "خاوەنی کۆمپانیاکە پێیگوتم بڕیارەکەی دادگا تەمیز نەکەینەوە، بەڵام هێشتا فەرمانی دەستگیرکردنی خاوەنی کارگەکە هەڵنەوەشاوەتەوە و کارگەکەش بە داخراوی ماوەتەوە".

بەڵام دوای بڕیارەکەی دادوەری لێکۆڵینەوەی عەنکاوە، داواکاری گشتی دۆسیەکەی تەمیز کردووەتەوە.

> **خاوەنی کارگەکەی بەحرکە بەرپرسێکی سەربازی بووە و هەڵاتووە بۆ سلێمانی**

ڕائید نەجمەدین حوسێن، ئەفسەری بنکەی پۆلیسی بەحرکە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "دوای دەستبەسەرداگرتنی کارگەکە، پەڕاوی لێکۆڵینەوەمان ڕێکخست و ڕەوانەی بەردەم دادوەری لێکۆڵینەوەمان کرد، لە چەند ڕۆژی ڕابردووشدا دادوەر بڕیاری داخستنی کەیسەکەی دا، بەڵام داواکاری گشتی دووبارە دۆسیەکەیان تەمیز کردەوە و چاوەڕوانی ئەنجامەکەی دەکەین".

سەبارەت بە دەستگیرنەکردنی تۆمەتبارەکە، ڕائید هۆگر عەزیز، گوتەبێژی پۆلیسی هەولێر بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "هەر تۆمەتبارێک لەلایەن دادگاکانی هەولێرەوە بڕیاری گرتنی بۆ دەرکرابێت، لەچوارچێوەی سنووری هەولێر بێت دەگیرێت، ئەو تۆمەتبارانەش کە بەرەو شار و ناوچەکانی دیکە هەڵدێن لەڕێگەی نووسراوێکی تایبەتەوە داوا لە پۆلیسی سنوورەکە دەکەین دەستگیر بکرێن و بۆمان ڕەوانە بکەنەوە، بەڵام ئەو تۆمەتبارە هێشتا داڵدەدراوە، ئەگەرچی ئێستا بەپێی ماددەی 456 لە یاسای سزادانی عێراقی فەرمانی دەستگیرکردنی هەیە، بەڵام هۆکاری نەگرتنی نازانین، پێدەچێت بەهۆی پارێزبەندیی حیزبی و سەربازی دەستگیر نەکرابێ".

# 7000 کەس لە بارەگا سەربازییەکانی مووسڵ بەندکراون

ناسر عەلی
رووداو- دهۆک

فەیسەڵ حامد دانیشتووی مووسڵە، سێ مانگە سۆراغی براکەی دەکات، بەڵام هیچی دەستناکەوێ، ئەو سوێند دەخوات کە براکەی نە چەکداری داعش بووە و نە پەیوەندیشی پێیانەوە هەبووە.

فەیسەڵ دەڵێت: "سێ مانگ لەمەوبەر گرووپێکی سەر بە حەشدی شەعبی هاتن و براکەمیان بە شەق و تێهەڵدان برد، لەو رۆژەوە هیچ هەواڵێکی نازانین". فەیسەڵ دەڵێت دراوسێیەکیان داعش بووە و پێیوایە براکەی بە هەڵە لە جیاتی دراوسێکەیان گیراوە.

نزیکەی 7 هەزار کەس لە مووسڵ لە سەربازگەکاندا بەندکراون کە عەرەبی سوننە، کورد، ئێزدی، کریستیان و عەرەبی شیعەشیان تێدایە. سەرۆکی لیژنەی ئەمنی لە ئەنجوومەنی پارێزگای دهۆک ئاشکرای دەکات کە خۆراک و ئاوێکی زۆر کەم دەدرێتە بەندکراوەکان و دەستدرێژیشیان کراوەتە سەر.

وشەی زیندان بەناوی مووسڵەوە گرێدراوە. کەم کەس هەیە لە عێراق ناوی گرتووخانەی بادۆشی نەبیستبێ کە لە ساڵی 1979 بەردی بناغەی دانرا و لە ساڵی 1986 تەواو بوو. بادۆش لەدوای ئەبووغرێب بە دووەم گەورەترین گرتووخانەی عێراق دادەنرێ. زیندانەکە لە سەردەمی بەعس جێگەی بەندکردنی نەیارانی رژێمەکە بوو. دوای نەمانی بەعسیش بووە شوێنی بەندکردنی لایەنگرانی بەعس و ئەندامانی گرووپی توندڕەوی وەکو قاعیدە و دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق (داع).

کاتێک داعش لە حوزەیرانی ساڵی 2014 پەلاماری مووسڵی دا، لە 10ی حوزەیران گرتووخانەکەی شکاند کە 1400 بەندکراوی تێدابوو، بەڵام 670 ی لێکوشتن و ئەوانی دیکەش زۆربەیان چوونە پاڵ داعش. دوای کۆنترۆڵکردنەوەی مووسڵ لەلایەن سوپای عێراق و گروپەکانی سەر بە حەشدی شەعبی، جارێکی دیکە زیندانەکە بوو بەشێک لە مێژووی ئەو شارە، بەڵام ئەمجارەیان بادۆش نا، شوێنی دیکە کرانە بەندیخانە. ئێستا هەر یەک لە سەربازگەی تلکێف و سەربازگەی فەیسەڵییە، دوو گرتووخانەی گەورەن.

هەفتەی رابردوو رێکخراوی چاودێریی مافەکانی مرۆڤ (HRW) راپۆرتێکی لەبارەی رەوشی گرتووخانەکانی پارێزگای نەینەوا بڵاوکردەوە کە تێیدا ئاماژە بۆ رەوشی خراپی گرتووخانەکان دەکرێ.


یەکێک لە گرتووخانەکانی موسڵ

راپۆرتەکە لەسەر زاری شارەزایەکەوە ئاشکرای دەکات کە هەرسێ گرتووخانەی تلکێف، فەیسەڵییە و تەسفیرات توانای راگرتنی 2500 کەسیان هەیە، بەڵام هەتا حوزەیرانی ئەمساڵ نزیکەی 4500 بەندکراویان تێدا بووە، لەو ژمارەیە 1300 کەسیان دادگایی کراون و بڕیاریان بۆ دەرچووە و دەبووایە هەتا ئێستا رەوانەی بەغدا بکرابان، بەڵام هەندێکیان دوای شەش مانگ لە بڕیارەکەیان هێشتا لە گرتووخانەکە ماون.

رێکخراوەکە ژمارەیەک وێنەی بەشی دەستبەسەریی ئافرەت و منداڵان و بەشی نەوجەوانانی گومانلێکراوی داعشی لە گرتووخانەی تلکێف بڵاوکردووەتەوە کە تێیدا دەردەکەوێ بەندکراوەکان بە ئەستەم شوێنی پاڵکەوتنیشیان هەیە.

چاودێریی مافەکانی مرۆڤ جەخت لەوە دەکاتەوە کە بەپێی بەڵگەکان "دۆخی بنکەکانی دەستبەسەری لە نەینەوا گونجاو نین بۆ ئەوەی بەندکراوەکانیان بۆ ماوەیەکی درێژ تێدا رابگیرێ و لەگەڵ پێوەرە بنەڕەتییە نێودەوڵەتییەکاندا یەکناگرنەوە".

لە بەشێک لە راپۆرتەکەدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکرێ کە پارێزەری گومانلێکراوەکان ناتوانن سەردانی موەکیلەکانیان بکەن، لەبەر ئەوەی هیچ شوێنێک بۆ کۆبوونەوە و دیدار نییە. رێکخراوە نێودەوڵەتییەکە جەخت لەوە دەکاتەوە کە وەزارەتەکانی داد و ناوخۆی عێراق دەبێ دڵنیا ببنەوە لەوەی "بناغەی یاسایی روون بۆ دەستبەسەرکردنەکان" هەیە و هەموو دەستبەسەرکراوان دەبێ "دەستیان بە راوێژی یاسایی رابگات".

**تەنیا سێ دادوەر لێکۆڵینەوە لە کەیسی تۆمەتباران دەکەن**
سەرۆکی لیژنەی ئەمنیی ئەنجوومەنی پارێزگای نەینەوا

هاشم بریفکانی، سەرۆکی لیژنەی ئەمنی لە ئەنجوومەنی پارێزگای نەینەوا بە (رووداو)ی راگەیاند، کاتێک داعش پەلاماری مووسڵی دا، زۆربەی گرتووخانەکانی تێکدا، بۆیە دوای رزگارکردنی مووسڵ دوو شوێن کران بە گرتووخانە، ئەوانیش سەربازگەی تەسفیرات، تلکێف و بارەگای سەربازیی فەیسەڵییەن. بە گوتەی بریفکانی "لەو دوو شوێنە 7000 کەس بەندکراون".

هاشم بریفکانی ئاماژەی بە رەوشی زیندانیان دا و گوتی: "70%ی ئەوەی لە راپۆرتەکەی چاودێریی مافەکانی مرۆڤدا هاتووە راستە. رەوشی گیراوەکان زۆر خراپە، بە تایبەتی شوێنی نووستن و خۆشۆردنیان. پێشتر لە ماوەی 24 سەعاتدا تەنیا یەک لیتر ئاویان دەدرایێ، ئێستا بۆیان کردوون بە دوو لیتر و نیو. ئەمە جگە لەوەی گیراوەکان ئەشکەنجە دەدرێن".

بە گوتەی سەرۆکی لیژنەی ئەمنی لە ئەنجوومەنی پارێزگای مووسڵ، پرۆسەی لێپرسینەوە لەگەڵ تۆمەتباران زۆر بە هێواشی بەڕێوەدەچێ، ئەمەش بۆ کەمیی دادوەری لێکۆڵینەوە دەگەڕێتەوە کە تەنیا سێ دادوەر لێکۆڵینەوە لە دۆسیەی تۆمەتباران دەکەن. بریفکانی دەڵێت: "تۆمەتبار هەیە شەش مانگە گیراوە و لێکۆڵینەوەی لەگەڵ نەکراوە. هەندێک لە تۆمەتبارانیش بەبێ بڕیاری دادوەر دەستگیرکراون". بە گوتەی بریفکانی، بێسەروبەرییەکی زۆر لە دۆسیەی تۆمەتباراندا هەیە، بەشێک لە گیراوەکان نازانن لەسەر چی گیراون.

**دراوسێکەمان داعش بووە کەچی براکەی منیان گرتووە**
کەسوکاری تۆمەتبارێک

هاشم بریفکانی تەئکیدی کردەوە کە ئەشکەنجەدان لە گرتووخانەکاندا هەیە و گوتی: "بەپێی بەدواداچوونی ئێمە هەموو جۆرە ئەشکەنجەدانێک هەیە، تەنانەت دەستدرێژیش بۆ سەر تۆمەتباران هەبووە".

سەبارەت بە هەوڵی لیژنەکەیان بۆ باشترکردنی رەوشی گیراوەکان، هاشم بریفکانی دەڵێت: "ئێمە هەموو کەموکوڕی بەندیخانەکانمان بە راپۆرت داوەتە بەغدا، داوامان کردووە ژمارەی دادوەران زیاد بکرێن، شوێنی باشتر بۆ گیراوەکان دابین بکرێ.

زۆربەی ئەوانەی لە گرتووخانەکانی مووسڵن، گومانلێکراوی داعشن، واتە ئەوانەن کە گومانی ئەوەیان لەسەرە چەکدار، هاوکار یان لایەنگری داعش بووبن.

بەرەکات شەمۆ، ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگای نەینەوا کە کوردی ئێزدییە بە (رووداو)ی گوت: "جگە لە عەرەبی سوننە، کورد، ئێزدی، کریستیان و پێکهاتەکانی دیکەشی تێدان، بەڵام زۆربەیان عەرەبی سوننەن". بە گوتەی شەمۆ "خەڵکی بێتاوان"یش لە نێو گیراوەکاندا هەن.

# ئێزدییەکان لە ئیسرائیل مەشق وەردەگرن

## تیمەکە لە 15 ئافرەت پێکهاتوون کە زۆربەیان ئێزدین و ژمارەیەکی کەمیشیان مەسیحین

رووداو- هەولێر

ژمارەیەک کوردی ئێزدی بۆ کۆرسێکی دوو هەفتەیی لە ئیسرائیلن، ئامانج لە کۆرسەکە پێگەیاندنی کادیرە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو دۆخە دەروونییە سەختەی کۆمەڵگای ئێزدی لەدوای هێرشەکانی 2014ی داعش تووشی بوون. نەبوونی پسپۆڕی دەروونناسی و دەروونشیکاری بەپێی پێویست لە عێراق، کۆمەڵگەی ئێزدی ناچار کردووە پەنا بۆ وڵاتانی جیاواز بەرن.

بەپێی راپۆرتێکی رۆژنامەی (هارێتز)ی ئیسرائیلی، تیمەکە لە 15 ئافرەت پێکهاتوون کە زۆربەیان ئێزدین و ژمارەیەکی کەمیشیان مەسیحین. جگە لە لەمیا حاجی بەشار، چالاکڤانی ئێزدی و براوەی خەڵاتی ساخارۆف لە 2016، هەموو تیمەکە دوای تەواوبوونی کۆرسەکە دەگەڕێنەوە عێراق. لەمیا ماوەی سێ ساڵە لە ئەڵمانیا دەژی و لەگەڵ 1100 ئافرەت و منداڵی ئێزدیی دیکە لەو وڵاتە بۆ چارەسەری و ئاساییکردنەوەی دۆخیان وەرگیراون.

بەشدارانی کۆرسەکە لە رێکخراوی مرۆیی جیاواز کاردەکەن و شارەزایی جۆراجۆریشیان هەیە، لەوانەش کۆمپیوتەر، دارایی، مامۆستایەتی و پزیشکی. هیچکام لە ئافرەتەکان پێشتر کۆرسی دەروونییان وەرنەگرتووە، بەڵام لەبەر ئەوەی لە رێکخراوەکانی هاریکاریی مرۆیی کار دەکەن، ناچارن لەگەڵ ئەو خەڵکەدا مامەڵە بکەن کە رووبەڕووی توندوتیژی بوونەتەوە. ئامانج لە کۆرسەکەش ئەوەیە تیمەکە بتوانن دوای گەڕانەوەیان دۆخی دەروونیی ئەو ئافرەتانە ئارام بکەنەوە.

دکتۆر میرزا دینایی، پزیشک و چالاکڤانی کۆمەڵایەتی ئێزدی و دانیشتووی ئەڵمانیا، بە رۆژنامە ئیسرائیلییەکەی راگەیاندووە "بژارەی دیکەمان نەبوو، هەر چارەسەری سایکۆلۆژی خۆی لە عێراق شتێکی باو نییە، وەک چۆن لە وڵاتانی دیکەی عەرەبیش هەروایە. لە عێراق بۆ هەر 300 هەزار کەس تەنیا یەک دەروونناس یان راوێژکاری کۆمەڵایەتی هەیە. بۆیەش ناچارین ئەوەی دێتە بەردەستمان سوودی لێ وەربگرین".

زۆربەی دانیشتووە ئێزدییەکانی ناوچەی شنگال و دەوروبەری لە دوای هێرشەکانی هاوینی 2014ی داعش ناوچەکەی خۆیان جێهێشت. زۆرینەی ئەو کۆمەڵگایە ئێستا لە کەمپی ئاوارەکاندا نیشتەجێن. لە کاتی هێرشەکاندا، داعش نزیکەی 6500 ئافرەت و منداڵی ئێزدی رفاند، بەشێکی زۆر لەو ئافرەتانە وەک کۆیلە مامەڵەیان لەگەڵ کرا و بازرگانییان پێوە کرا. هەتا ئێستاش نزیکەی 3000 کەس لەو ئافرەت و منداڵانە بێسەروشوێنن.


لەمیا حاجی بەشار کە لەگەڵ دوو رفێنراوی دیکەی ئێزدی لەدەستی داعش هەڵاتن

لەمیا حاجی بەشار یەکێک لە ئافرەتە رفێنراوەکان بوو کە لە کاتی راکردن لە گوندی کۆچۆ لەگەڵ خێزانەکەی کەوتنە دەست چەکدارانی داعش. باوکی و دوو لە براکانی لەمیا دەمودەست کوژران.

لەمیا لە دایک و خوشک و خزمەکانی جیاکرایەوە و بۆ سووریا گوازرایەوە و لەوێ لە تەمەنی 15 ساڵیدا بۆ یەکەمجار دەستدرێژی کرایە سەر، چەند رۆژێکیش دوای ئەوە لە بازاڕێک بە چەکدارێکی سعودی فرۆشرا کە چەند هەفتەیەک دواتر یەکێک لە خوشکەکانی لەمیاشی کڕی. دوای ئەوەش بە چەکدارێکی عێراقی فرۆشرا و هێنرایە مووسڵ.

لە مووسڵ چیرۆکی راکردنی ئافرەتە ئێزدییەکە دەستیپێکرد، دوای ئەوەی توانی بە تەلەفۆنی یەکێک لە خزمەکانی چەکدارەکە پەیوەندی بە خێزانەکەی خۆیەوە بکات و پلانی راکردنی خۆی و دوو گیراوی دیکە دابنێن کە قاچاخچییەکان بۆ هەرکامیان داوای 10 هەزار دۆلاریان دەکرد.

بەشێک لە راکردنەکە بەپێ بوو. لەمیا بۆ رۆژنامە ئیسرائیلییەکەی دەگێڕێتەوە: "شەوێکی باراناوی بوو، چاو چاوی نەدەدی. بۆ ئەوەی تووشی بازگەی داعش نەبین، دەبووایە بەناو کێڵگەی میندا بڕۆین". بەڵام لەپڕ یەکێک لە کچەکان هەڵخلیسکا و پێی کەوتە سەر مینێک. لەمیا هەر ئەوەندەی لەبیرە کە پێی لە زەوی جیابووەوە و جارێکی دیکە توند بەر زەوی کەوتەوە و ئیدی چاوی هیچی نەبینی. ئەو هەتا ئێستاش نازانێ هاوڕێکانی چییان بەسەر هاتووە، قاچاخچییەکانیش هیچیان پێنەگوت.

براوەی خەڵاتی ساخارۆفی پەرلەمانی ئەورووپا ئێستا لەگەڵ دوو خوشک و برایەکی لە نزیک شاری شتوتگارت دەژی. بەگوێرەی راپۆرتەکە، هەتا ئێستا چەندین چارەسەری وەرگرتووە و نەشتەرگەری بۆ کراوە و بەو هۆیەشەوە بینایی بۆ گەڕاوەتەوە. بەڵام شوێنی سووتان هەتا ئێستا بەسەر دەموچاوییەوە ماوە.

یۆتام پۆلیزەر، هاوسەرۆکی رێکخراوی ئیسرائەید، بە راپۆرتەکەی راگەیاند: "ئێمە مانگێک دوای هێرشەکانی داعش دەستمان بەکارکردن لە عێراق کرد. یەکسەر تێگەیشتین کە ئێمە دەتوانین لە بواری چارەسەری تراوما و هاریکاریی سایکۆلۆژی یارمەتیدەر بین". رێکخراوە ئیسرائیلییەکە لە چەند ساڵی رابردوودا 20 هاووڵاتیی جووت رەگەزنامەی ئیسرائیلی رەوانەی عێراق کردووە، بۆ ئەوەی لەڕووی سایکۆلۆژییەوە یارمەتی خەڵک بدەن.

بەگوێرەی راپۆرتەکە، دوو ساڵ لەمەوبەر، سێ ئەندامی بەشی دەروونناسی زانکۆی بارئیلیان پەیوەندییان بە رێکخراوەکەوە کرد کە بریتی بوون لە دکتۆر یاکۆڤ هۆفمەن، دەروونناس و لێکۆڵەر، پرۆفیسۆر ئامیت شریرە، دەروونناس و ئاری زیڤۆتفسکی، لێکۆڵەری مێشک. هەر سێ لێکۆڵەرەکە پێشتر لێکۆڵینەوەیان لە بواری تراومای ئافرەتە ئێزدییەکان کردبوو، زیڤۆتفسکی تەنانەت سەردانی عێراقیشی کردبوو.

هەرسێ لێکۆڵەرەکە پێشنیاری کردنەوەی کۆرسیان کردبوو بۆ ئەو کەسانەی لەگەڵ خەڵکانێک مامەڵە دەکەن کە تووشی تراوما بوون یان لەگەڵ ئاسەوارە دەروونییەکانی پاش تراوما مامەڵە دەکەن.

تراوما حاڵەتێکی زەینییە کە بەهۆی بەسەرهاتێک یان پەشۆکانی سەختەوە تووشی کەسەکان دەبێ. لە زۆربەی کەیسەکاندا ئاسەواری ئەو بەسەرهاتە ئەگەر چارەسەر نەکرێ، بۆ ماوەیەکی درێژ بە چڕی لە کەسەکەدا دەمێنێتەوە و تەنانەت بەهێزتریش دەبێ.

لەدوای ئەو دەستپێشخەرییەوە، پرۆژەیەکی هاوبەش بە یارمەتی دکتۆر میرزا دینایی دەستیپێکرد و 15 ئافرەتیان لە عێراقەوە برد بۆ ئیسرائیل. ئەو هەوڵە نیمچە نهێنییە پێویستی بە ئامادەکارییەکی چەندلایەنە هەبووە، بۆ نموونە دەبووایە چەند مانگ پێشتر زانیاریی تەواو لەبارەی هەرکام لە ئافرەتەکان بە وەزارەتی دەرەوەی ئیسرائیل بدرێ.

هۆفمەن بە رۆژنامە ئیسرائیلییەکە دەڵێ: "ئێمە نزیکەی ساڵ و نیوێک کارمان کرد بۆ ئەوەی بناغەیەک بۆ ئەو کارە دابنێین و لەبارەی کولتووری ئێزدییەوە شت فێر ببین. هەوڵمان بۆ ئەوە بوو باشترین مۆدێل بۆ راهێنانی ئەو کەسانە بەکاربهێنین. بەڵام ئەو خەڵکەی راهێنانیان پێدەکەین دەروونناس و شارەزای تەندروستیی دەروونی نین. بۆیەش نازانین ئەوان لە کۆمەڵگەی خۆیان چییان پێدەکرێ".

15 ئافرەتەکە لە ماوەی دوو هەفتەی رابردوودا وانەی چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵ خەمۆکی، دڵەڕاوکێ، کابووس و حاڵەتەکانی دیکەی تێکچوونی خەویان وەرگرتووە. تیمەکە سەردانی تەلەبیب، دیواری رۆژئاوا و ناوەندی یادکردنەوەی یاد ڤاشیمی هۆلۆکۆستیان کردووە.

یەکێک لە ئەندامانی تیمەکە ئافرەتێکی تەمەن 30 ساڵی مەسیحییە کە لەگەڵ دوو رێکخراوی مرۆیی کاردەکات. ئەو کە داوای کردووە ناوی ئاشکرا نەکرێ، پێشتر لە گواستنەوەی ئێزدییەکاندا بۆ کەمپەکان کاری کردووە، بەڵام دواتر گوازراوەتەوە بۆ بەشی چارەسەری تراوما.

ئەو ئافرەتە کە خۆی دکتۆرە و سەروکاری لەگەڵ ژمارەیەکی زۆری ئافرەتانی ئێزدیدا هەبووە، دەڵێ: "نەخۆشەکانم وەک هاوڕێم وان. یەکێک لە خراپترین کەیسەکان کچێک بوو کە رەتیکردبووەوە لەگەڵ پیاوێکدا سێکس بکات و پیاوەکەش بۆ سزادانی لەبەر چاوی خۆی دەستدرێژی کردبووە سەر خوشکە تەمەن نۆ ساڵانەکەی".

بەشدارانی کۆرسەکە پێیانوایە کێشەکە تەنیا دەستدرێژی و ئەشکەنجە جەستەیی و دەروونییەکانی ژێر دەسەڵاتی داعش نییە، بەڵکو دۆخی ئێستای ژیانی ئێزدییەکان کێشەیەکی دیکەیە.

یەکێک لە بەشدارانی کۆرسەکە دکتۆرێکی تەمەن 25 ساڵی خەڵکی شنگالە بەناوی مونیر. ئەو دەڵێ: "کێشەکە تەنیا رفاندن و شەڕ و دەستدرێژی نییە. پاش پێنج ساڵ ژیان لەژێر چادر و لە دۆخی خراپی کەمپەکان، زۆر خەڵک تووشی خەمۆکی، دڵەڕاوکێ و مەیلێکی سەختی خۆکوشتن بوون".

تەنیا بەشێک لەو ئافرەتە ئێزدییانەی لە ژێر دەستی داعش رزگارکراون لە پرۆگرامەکەی دکتۆر میرزادا بەشدارن، هەندێک لەو ئافرەتانەش کە دەستیان بە پرۆگرامەکە کردبوو، بڕیاری گەڕانەوە بۆ عێراقیان داوە، ژمارەیەکی دیکەشیان بەهۆی پڕبوونەوەی پشکەکان نەیانتوانیوە بەشداری بکەن. دکتۆرە ئێزدییەکە هەوڵی داوە ژمارەی پشکەکان بەرز بکاتەوە، بەڵام هەوڵەکانی بێسوود بوون.

کەنیزەکەکانی خەلافەت..

# ئەو ئافرەتانەی بە عەرەبی قسەیان نەدەکرد نرخیان کەمتر بوو



چیرۆکی 24

نەوزاد مەحموود
رووداو – دهۆک

تەلەفۆنەکەی باوکی بەردەوام دەزرینگایەوە، بەڵام تەنیا پەیوەندییەک کە هیوایەکی پێبەخشین، لەلایەن ئەو دراوسێیانەوە بوو کە لەگەڵ بیستنی هەواڵی گەیشتنی چەکدارانی داعشدا، خێزانەکەی بە ئۆتۆمبیلە پیر و شەکەتەکەی گەیاندبووە چیای شنگال "ئێمە لەبەردەستی داعش نەماوین، بەڵام لێرە نە ئاو هەیە بیخۆینەوە و نە نان".

دایکی زوو هاواری کردبوو کە با هەڵبێین، بەڵام باوکی لەو باوەڕەدا بوو فرۆکە جەنگییەکان و هێزی پشتیوانی سوپای عێراق دەیانپارێزن.

دواجار یەکێک لە مامەکانی قەناعەتی بە باوکی هێنابوو کە دەست لە خۆشبینییەکانی هەڵگرێ و منداڵەکانی نەداتە دەست گەلەگورگی رۆژگار. باوکی، گوشاری لە ئۆتۆمبیلەکە دەکرد تاوەکو خێراتر بڕوات. تازە لەماڵ دەرچووبوون کە یەکێک بە دەنگێکی گڕ و تێکشکاوەوە بەباوکی گوت: داعش گەیشتوونەتە ناو شنگال و لە گەڕەکی ئازادی ئاڵای رەشیان هەڵداوە و کەسێکیشیان سەربڕیوە: "باوکم بە ئەنقەست زەردەخەنەیەکی کرد، بۆ ئەوەی دایکم واز لە گریان بهێنێ و پاشان گوتی: ئێمە رزگارمان دەبێت".

بەڵام داعش، ئەو چەکدارانەی ئەوان سەرەتا وەک کەسانی دەشتەکی و نەخوێندەوار و بێپلان سەیریان دەکردن، زیرەکانە هێرشیان کردبوو. هەموو ئەو رێگا سەرەکییانەیان بڕیبوو کە ناوچە ئێزدینشینەکانیان بە هەرێمی کوردستانەوە دەبەستەوە، تەنانەت رێگا لاوەکییەکانیش: "ئەوەی ئێمەی ئازار دا، ئەوە بوو کە دراوسێ عەرەبەکانمان رێنمایی داعشەکانیان دەکرد بۆئەوەی رێ لە هەڵاتنی ئێمە بگرن و بکەوینە بەردەستیان".

## "پێیانبڵێ ئێوە کۆیلەن"

رووەیدا، لەگەڵ هەرسێ خوشکەکەی و باوکی و دایکی ناچار بوون لە ئۆتۆمبیلەکە دابەزن پاش ئەوەی چەکدارەکان لوولەی تفەنگەکانیان ئاراستە کردن، یەکێک لە چەکدارەکان بە تووڕەییەوە بەسەر باوکیدا هاواری کرد "بۆ دانابەزن؟". هەر لەوێدا کچەکان و دایکیان لە جێگەیەک دانران و باوکیان دوورخرایەوە بۆ نێو ئەو پیاوانەی کە وا دیاربوو پێش ئەمان کەوتوونەتە بۆسەوە "یەکێک لە چەکدارەکان کارتۆنێکی بەدەستەوە بوو، داوای لێکردین هەرچیمان پێیە لە پارە و زێڕ و مۆبایل بیخەینە نێو کارتۆنەکە".

پاشان فەرمانیان پێ کردن بچنە نێو بارهەڵگرێ کە لەوێ راوەستابوو. رووەیدا دەڵێت "بارهەڵگرەکە پیسایی مەڕ و بزنی تێدابوو، پێدەچوو پێش ئێمە ئاژەڵیان پێ گواستبێتەوە. شوفێرەکەشی باریکەلەیەکی دشداشەلەبەر بوو، روویکردە بەعاج".

لەنێو بارهەڵگرەکەدا هەر کەسە و قسەیەکی دەکرد لەبارەی چارەنووسیان، هەندێکیان دەیانگوت دەمانکوژن، هەبوو

> **جوانیی خۆمان لەژێر لەچکدا دەشاردەوە**

دەیگوت دەمانکەن بە کۆیلە، هەشبوو بە ئومێدەوە دەیگوت هیچمان بەسەرنایەت و دەمانگەڕێننەوە شنگال.

ماوەیەکی کەم لە بەعاج مانەوە، بەڵام ئەو ماوە کەمە بەلای رووەیداوە ساڵێکی پڕ لە ئازار بوو. چونکە هەر لەو چەند کاژێرەدا بوو دایکەکان بە چاوی خۆیان بینییان کە چۆن کچەکانیان وەک تاڵانی دابەش دەکرێن. هەر لەو ماوە کەمەدا بوو هەواڵی کوشتنی پیاوەکان هەموویانی تاساند. یان ئەو چەکدارانەی بەنێو کچەکاندا دەگەڕان و بە پێکەنینەوە دەیانگوت: "لەنێو ئەم هەموو کچە ناسکەدا چۆن دەکرێ یەکێک هەڵبژێری". ئەوی دیکە وەڵامی دەدایەوە "باشترە چەند دانەیەک ببەی".

ژنێک چووە بەردەم ئەو پاسەوانەی چاودێریی کچەکانی پێ سپێردرابوو "لەبەر خاتری خودا پێمبڵێ ئێمە چیمان بەسەردێ؟" پاسەوانەکە سەدان پرسیاری دیکەی وای لێکرابوو، هەر بۆیە بە بێزارییەوە چەند وشەیەکی لە دەم کەوتنە خوارەوە: "دوای چەند رۆژێکی دیکە دەچنەوە بۆ لای باوک و برا کافرەکانتان". بەڵام یەکێک لە چەکدارەکان حەزی نەدەکرد تەنانەت بە درۆش بێت هیوایەکیان پێ ببەخشێ "بۆچی راستییان پێناڵێی؟ بڵێ ئێوە کۆیلەن و تەواو. هەرگیز ناگەڕێنەوە ئەو شوێنەی لێی دەژیان".

## "عەرەبیزانەکان گرانتر بوون"

شەو بێت یان رۆژ، بۆ ئەوان چ مانایەکی هەیە؟ دنیا ساماڵ بێت یان زریان، چی لە دۆخی ئەوان دەگۆڕێ؟ ژمارەیەک کچ و ژنی دەستگیرکراو هەریەکە و بەدنیایەک لێکدانەوەی جۆراوجۆرەوە چاوەڕوانی ئەوەن بزانن خولەکەکانی دواتر چی دێننە رێگایان؟ بەدرێژایی ئەو رێگایەی لەنێو بارهەڵگرەکەدا بوو، ئەو ماوەیەش کە لەنێو قوتابخانەکەی بەعاج مانەوە، رووەیدا بیری لەوە دەکردەوە ئاخۆ دەستدرێژی دەکرێتە سەری؟ ئاخۆ چانسی ئەوەی دەبێت ئەوە روونەدات؟ ئاخۆ کچێکی تەمەن 14 ساڵ بەرگەی ئەوە دەگرێ؟ ئەوەی سێکسی لەگەڵ دەکات، دەبێت کام دڕندە بێت؟ چۆن دەتوانێ بەرگری لە خۆی بکات؟ زۆر پرسیار کە وەڵامەکانیان تەنیا لە ئاسمان بوون. تەنیا لای ئەو خودایە بوون کە بەردەوام لێیدەپاڕایەوە و داوای لێدەکرد پاکیزەیی بپارێزێ.

"چەکدارێکی داعش هات. هەر بە چەند جووڵەیەک نیشانی داین کە چەند کەسێکی بێ ئابڕووە. یەک یەک دەستی دەخستە سەرمان و تەماشای دەکردین. ئینجا لە هەر کچێکی دەپرسی: عەرەبی دەزانی؟".

رووەیدا رۆژانی دواتر، دوای ئەوەی پاکیزەیی دانا و هەموو شتێکی جیهانە تایبەتەکەی جەستە و رۆحیان وەک شنگال داگیر کرد، تێگەیشت کە بۆچی کڕیارە شەهوانییەکان بەردەوام ئەو پرسیارەیان لە کچەکان دەکرد. زۆربەی کچەکان بە "نەخێر" وەڵامیان دایەوە، بۆیە بە یەکێک لە پاسەوانە داعشەکانی گوت "ئەمانە عەرەبی نازانن و کاری ئێمە قورس دەکەن. باش لە خواستەکانت تێناگەن، بۆیە پارەیەکی باشتر بەوانە دەدەم کە عەرەبییەکی باش دەزانن".

رووەیدا دەڵێت ئەوان عەرەبییان دەزانی، بەڵام لەنێوخۆیاندا رێککەوتبوون کە بە عەرەبی وەڵامیان نەدەنەوە.

> **هەندێک لە کڕیارەکان وەکو ئاژەڵ سەیری دەموودانیشیان دەکردین**

لە سەرەتاوە کاتێک لە رووەیدام پرسی: دەتوانی بە زمانی عەرەبی چیرۆکەکەت بگێڕیتەوە؟ شانەکانی هەڵتەکاند و گوتی: "هەرگیز نامەوێ بەو زمانە قسە بکەم".

من ئێستا تێدەگەم بۆچی ئەو نایەوێت بەو زمانە قسە بکات. چونکە ئیدی لە یادەوەریی ئەودا، ئەو زمانە بۆنی رۆژە رەشەکانی لێدێت. بۆنی پاکیزەیی تاڵانکراوی لێدێت.

## لە بارەگایەکی پێشمەرگەدا

رووەیدا، تێبینی ئەوەی کردبوو هەرجارێک لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە دەگوازرانەوە، ژمارەیان زیاتر دەبوو "دەبراینە هەر جێگایەک، دەمبینی ژمارەیەک ئێزدیی دیکەی لێبوو، هەر لەڕێگای ئەوانەوە هەموو شتێکم بۆ روون بووەوە و زانیم کە ئێمە زیاتر لە جارێک دەفرۆشرێین".

پاشان گواسترانەوە نێو بارەگایەکی پێشمەرگە لە شنگال. رووەیدا دەڵێت بارەگاکە هێشتا هەموو کەلوپەلەکانی نێوی وەک خۆی مابوون و تەنیا گۆڕانکاری ئەوە بوو کە ئاڵایەکی رەش لەسەربانەکەی هەڵکرابوو. لەوێ زیاتر لە 50 ئافرەتی دیکەم بینی. هەر یەکێک لە ئێمە تاوەکو ئەوکاتە چەند جارێک رووبەڕووی دەستدرێژی ببووینەوە. دواتر پاسیان هێنا و بەرەو مووسڵ بەڕێخراین.

لەنێو هۆڵێکی گەورەدا، داعشێک دەستیکرد بە تۆمارکردنی ناوی ئەوانەی جوانییەکەیان سەری خواردبوون.

–جوانەکان چۆن دەستنیشان دەکران؟

+ ئێمەی کچانی ئێزدی سەرمان داناپۆشین، بەڵام لەوێ هەموو سەرپۆشیان لەسەر کردبوو بۆ ئەوەی روخساریان دیار نەبێت و جوان دەرنەکەون. ئەوان یەک بە یەک کچەکانیان ریز دەکرد و هەر کچێک بەدەست سەریان بەرز دەکردەوە و سەرپۆشەکەیان لادەبرد.

– زۆرتر سەرنجی چییان دەدا؟

+ سەیری روخساریان دەکرد. باڵا و هەروەها رەنگی پێستی. بیرمە یەکێک لەو کچانەی خەڵکی کۆچۆ بوو، پێستێکی سپی و ناسکی هەبوو لەگەڵ دوو چاوی رەشی گەورە، زوو بردیانە دەرەوەی ریزەکە. ئیدی زۆر لەوانە تووڕە دەبوون کە روخساری خۆیان دەرنەدەخست. بیرمە بەکچێکیان گوت، ئێوەی کافر کەی خۆتان داپۆشیوە وا ئێستا ناهێڵن بتانبینین.

–دوای ناونووسینەکە، ئەوانەی پەسەند کرابوون بۆ کوێ بران؟

+ ئەوانەی دەڕۆشتن، ئێمە نەماندەبینینەوە. هەریەکە و رێگای دەکەوتە ویلایەتێک و دەکەوتە بەردەستی کەسێک. هەندێکیش هەبوون کاتێک دەکڕدرانەوە، بازرگانییان پێوەدەکرا و بە کۆمەڵ دەفرۆشران. من لەو جارەشیاندا نەبوومە یەکێک لە هەڵبژێردراوەکان. هەندێک کڕیار هەبوون کاتێک سەیری کچەکانیان دەکرد بۆ کڕین، سەیری دەم و ددانیشیان دەکردن، هەروەک ئەو جامبازانەی لە مەیدانی ئاژەڵاندا سەیری دەم و ددانی ئاژەڵەکان دەکەن.

## "12 جار فرۆشرام"

رووەیدا، کچێکی گەنمڕەنگی لاوازە. کەمدووە و حەزی لەوە نییە زۆر پرسیاری لێ بکەی. زۆرتر بە مۆبایلەکەی دەستییەوە خۆی سەرقاڵ

> **ئەو ئافرەتانەی بیریان لە هەڵاتن دەکردەوە بە هەرزانتر دەفرۆشران**

دەکات و زۆربەی کاتەکانی رۆژ دەخەوێ. نازانم ئەوە رەنگدانەوەی ساڵە تاریکەکانی ژیانیەتی، یان پێشتریش هەروا بووە. پێش هاتنی داعش لە گەڕەکی ئازادی خوێندکار بووە و لە وانەی مێژوودا زیرەک بووە، بەڵام باوەڕ ناکەم ئێستا مێژوویەکی خۆشبوێ کە باس لە رۆژگارە رەشەکانی داعش بکات.

دواجار ناوی رووەیدا کەوتە نێو ئەو لیستەوە کە چەکدارەکان ناوبەناو دەهاتن بۆ پڕکردنەوەی "منیان رەوانەی تەلەعفەر کرد و بردمیانە ماڵی پیاوێک ناوی عەبدوڵڵا بوو. ماڵی ئەو کابرایە پاک و خاوێن و پۆشتە بوو. لەوێش چەند کچ و ژنێکی ئێزدی لێبوون، چەند رۆژێکی کەم دوای ئەوە دایکم و یەکێک لە خوشکەکانیشم هێنران بۆ ئەوێ". دواتر رووەیدا بۆی روون بووەوە کە عەبدوڵڵا ماڵەکەی خۆی کردووەتە نووسینگەی کڕین و فرۆشتنی ژنان.

عەبدوڵڵا، لە دەرەوەی ماڵەکە و لەنێو ماڵەکەشدا پاسەوانی دانابوون نەوەک کەسێک بیر لە هەڵاتن بکاتەوە. تەنانەت پەنجەرەکانیشی بەشێوەیەک توندوتۆڵ کردبوون، هیچ شتێک دەرەقەتی شکاندنیان نەدەهات. ئیدی کڕیارە هەمەجۆرەکان هاتن. زۆربەیان کچیان بۆ سووریا دەویست، ئەوەی عەبدوڵڵا بیری لێدەکردەوە، تەنیا قازانجێکی باش بوو "بەڵام ئەو کچە عەجولانەی کە خۆیان نەدەدا بەدەستەوە و بەردەوام بیریان لە هەڵاتن دەکردەوە، عەبدوڵڵا ئامادەبوو بە نرخێکی هەرزانتر بیانداتە کڕیارەکان و لە سەرئێشە رزگاری ببێ".

رۆژێک کڕیارێک پەیدابوو کە دیار بوو لە رێگایەکی دوورەوە هاتووە. بە چاوگێڕانێکی خێرا چاوی لەسەر رووەیدا و کچێکی دیکە نیشتەوە و هەردووکیانی کڕی. دواتر چووە ژوورەکەی عەبدوڵڵا و لەوێ گرێبەستێکی پڕکردەوە کە رووەیدا بە "گرێبەستی هاوسەرگیریی شەرعی" ناوی دەبات و ژنەکانی دیکە بە "گرێبەستی کڕین" ناوی دەبەن. ماوەی چوار مانگ لە سووریا مایەوە. ئەم دەست بۆ ئەو دەست.

لەم ماڵەوە بۆ ئەو ماڵ و لای بازرگانێکەوە بۆ لای بازرگانێکی دیکە "بەو شێوەیە 12 جار فرۆشرام، هەر پیاوێک دەیکڕیم، لەوی دیکە خراپتر بوو".

## ئەوەی کە باسمان نەدەکرد

لە ماوەی ئەو پێنج ساڵەدا، رووەیدا دەیان ئافرەتی بەکەنیزەککراوی لە نووسینگەکان و ئەو ماڵانەدا بینییەوە کە تایبەت بوون بە فرۆشتنی ئەوان. لە ژوورە داخراوەکاندا دەردەدڵیان بۆ یەک دەکرد و لەبارەی هەموو شتێکەوە قسەیان دەکرد "بەڵام هیچکام لە ئێمە نەماندەویست لەبارەی ئەو دەستدرێژییانە قسە بکەین کە لە ژمارە نەدەهاتن و دڵنیاش بووین هەموومان ئەو ئازارەمان چەشتبوو. ئەوە شتێک بوو کەس حەزی نەدەکرد لەبارەیەوە بدوێ".

"رووەیدا، پێتوایە ئێستا هەنجیرەکانی حەوشەکەی ئێمە پێگەیشتوون؟ پێتوایە ئێستا ئێوارانی شنگال چۆنە؟"

یەکێک لە کچەکان کە لە سووریا و لە یەکێک لە نووسینگەکانی کڕین و فرۆشتن ناسییەوە و هاوڕێی قوتابخانەی بوو، لێی پرسی. بەڵام رووەیدا نەیدەزانی ئاخۆ ئێستا کێ لەنێو باخەکانی شنگالدایە و نەشیدەزانی ئاخۆ باخەوانەکان داعشن یان ژیان لەوێ ئاسایی بووەتەوە.

هاوڕێکەی بۆی دەگێڕایەوە کە چۆن پیاوێکی لیبی و دواتر یەکێکی تونسی و پاشان یەکێکی مووسڵاوی و پاشان یەکێکی پاکستانی کڕیویانە ودوای ئەوانە بازرگانێکی سعودی کڕیویەتییەوە. هەموو ئەو شتانە بۆ رووەیدا شتی ئاشکرا و روون بوون، چونکە هەموویان بەسەر خۆی هاتبوون "لەناو داعشدا شتێکی سەیر بەلای منەوە ئەوە بوو، هەموو چەکدارەکان لە هەڵسوکەوت و جوڵانەوە و مامەڵەدا وەک یەک بوون. مەغریبییەک و سودانییەک و عێراقییەک و سوورییەک لە هەڵسوکەوتدا وەک یەکیان لێهاتبوو. لە تووڕەیی و ئازاردان و دەستدرێژیدا هەموویان لەیەک دەچوون، باش و بە بەزەییان تێدا نەبوو".

رووەیدا ئێستا تێدەگات کە زۆربەی کچان و ژنانی ئێزدی بۆ خۆیان باری گرانی کۆیلایەتییان لەسەر شانی خۆیان گران کردبوو، دەرفەتەکانی هەڵاتنیان لەخۆیان بەرتەسک کردووەتەوە "ئەگەر بە درۆ موسوڵمانبوونمان رابگەیاندایە، دەرفەتی باشتر بۆ هەڵاتن دەهاتنە پێشمان، بەڵام ئیدی هەموو ئەو کچ و ژنانە کە من دەمبینین ئەوەیان رەتدەکردەوە".

چیرۆکەکەی رووەیدا لێرەدا کۆتایی هات، چونکە حەوسەڵەی نەبوو لەوە زیاتر قسە بکات.



## عێراق 200 ملیۆن دۆلار بۆ کاره‌با قه‌رز ده‌کات

**ڕووداو- هه‌ولێر**

بۆ باشترکردنی کاره‌با له ناوچه‌کانی باشووری عێراق، وه‌زاره‌تی دارایی ڕێککه‌وتنێکی بۆ وه‌رگرتنی 200 ملیۆن دۆلار به قه‌رز له بانکی نێوده‌وڵه‌تی واژۆکرد. فوئاد حوسێن، وه‌زیری دارایی و جێگری سه‌رۆکوه‌زیرانی عێراق بۆ کاروباری وزه ڕایگه‌یاند، ڕێککه‌وتنه‌که له چوارچێوه‌ی کاری هاوبه‌شدایه له‌گه‌ڵ بانکی نێوده‌وڵه‌تی بۆ پاڵپشتی پرۆژه‌کان و پێشکه‌شکردنی خزمه‌تگوزاریی به هاووڵاتیان، به‌تایبه‌ت پاڵپشتیکردنی پرۆژه‌کانی کاره‌با له پارێزگاکانی باشووری عێراق. به‌گوته‌ی د. فوئاد حوسێن، له عێراق کێشه‌ی له به‌رهه‌مهێنانی کاره‌با نییه، به‌ڵکو کێشه‌ی له گواستنه‌وه و دابه‌شکردنی هه‌یه "ئه‌م ڕێککه‌وتنه‌ش له بواری چاره‌سه‌رکردنی به‌شێکی کێشه‌کانه له پارێزگای به‌سره و پارێزگاکانی هاوسێی".

# ساڵانه بایی 2 ملیار دۆلار جلوبه‌رگ و قوماش هاورده‌ی کوردستان ده‌کرێ

**ڕه‌وا عه‌بدوڵڵا**
**ڕووداو- هه‌ولێر**

به‌پێی ئاماری وه‌زاره‌تی پیشه‌سازی و بازرگانی له هه‌رێمی کوردستان، له سێ ساڵی ڕابردوودا بایی 6 ملیار دۆلار جلوبه‌رگ و قوماش هاورده‌ی هه‌رێمی کوردستان کراوه. زیاتر له 80%ی ئه‌م کاڵایانه‌ش هه‌نارده‌ی شاره‌کانی عێراق و ئێران کراون.

به‌گوێره‌ی ئاماری به‌ڕێوه‌به‌رایه‌تی گشتیی پلان و به‌دواداچوون له وه‌زاره‌تی بازرگانی و پیشه‌سازی هه‌رێمی کوردستان که پشتی به داتای وڵاتانی هه‌نارده‌کار به‌ستووه، له ماوه‌ی سێ ساڵی ڕابردوودا، عێراق بایی 9 ملیار و 92 ملیۆن و 597 هه‌زار دۆلار جلوبه‌رگ و قوماشی هاورده کردووه. 64%ی ئه‌م ئاڵوگۆڕه بازرگانییه‌ش که ده‌کاته 5 ملیار و 883 هه‌زار و 310 هه‌زار دۆلار، له‌ڕێگه‌ی خاڵه سنوورییه‌کانی هه‌رێمی کوردستانه‌وه بووه.

بازرگانان له 24 وڵاته‌وه جلوبه‌رگ و قوماش هاورده ده‌که‌ن، به‌ڵام 84.5 %ی کۆی کاڵا هاورده‌کراوه‌کان به‌ر وڵاتانی چین، تورکیا، ئێران، ئیمارات و هیندوستان ده‌که‌وێت. له سێ ساڵی ڕابردوودا بازرگانان بایی 4 ملیار و 418 ملیۆن دۆلار قوماش و جلوبه‌رگیان له چینه‌وه هاورده کردووه، له تورکیاوه بایی 2 ملیار و 518 ملیۆن دۆلار، له ئێرانه‌وه بایی 977 ملیۆن و 103 هه‌زار دۆلار، له ئیماراته‌وه بایی 656 ملیۆن و 541 هه‌زار دۆلار، له هیندوستانیشه‌وه بایی 93 ملیۆن و 146 هه‌زار دۆلار قوماش و جلوبه‌رگ هاورده‌کراوه.

کۆمپانیای ئاڵتوون تور بۆ گواستنه‌وه‌ی کاڵا، ساڵی ڕابردوو بایی 110 ملیۆن دۆلار و ساڵی پێشتریش بایی 130 ملیۆن دۆلار کاڵای بۆ بازرگانان گواستووه‌ته‌وه.

محه‌ممه‌د مه‌هدی خه‌یات، به‌ڕێوه‌به‌ری گشتی کۆمپانیای ئاڵتوون تور، ده‌ڵێت: "به‌های ئه‌و کاڵایانه‌ی هه‌نارده‌ی عێراقمان کردووه 4 به‌رامبه‌ری ئه‌و به‌هایه‌یه که به‌فه‌رمی تۆمارکراوه، چونکه له تورکیا باج له فرۆشیار وه‌رده‌گیرێت، خاوه‌ن پێشانگه یان کارگه‌کان بۆ ئه‌وه‌ی باجی که‌متر بده‌ن، نرخی ڕاسته‌قینه‌ی کاڵاکه نانووسن. بۆ نموونه ئه‌گه‌ر نرخه‌که 1000 دۆلار بێت، له فاتوره 300 دۆلار ده‌نووسن".

> له کوردستان مارکه‌ی کۆپیکراو به ناوی ئۆرجیناڵه‌وه ده‌فرۆشرێ
>
> خاوه‌نی پێشانگه‌یه‌کی جلوبه‌رگ

کۆمپانیاکه‌ی محه‌ممه‌د لقی له زۆربه‌ی شاره‌کانی عێراق هه‌یه و کاڵا بۆ زیاتر له 10 هه‌زار خاوه‌ن پێشانگه و قوماشفرۆش و بازرگانی بچووک و مامناوه‌ند له تورکیا و وڵاتانی ئه‌ورووپی ده‌گوازێته‌وه.

محه‌ممه‌د مه‌هدی خه‌یات ده‌ڵێت: "شه‌ش مانگی یه‌که‌می ئه‌مساڵ به‌راورد به شه‌ش مانگی یه‌که‌می ساڵی ڕابردوو، کارمان نزیکه‌ی 25% زیادی کردووه، به‌ڵام به‌هۆی تێکچوونی بارودۆخی ئێران، هه‌نارده‌مان بۆ سلێمانی و ئێران که‌می کردووه".

تورکیا له ڕێگه‌ی لێخۆشبوونی 8%ی باج له‌و کۆمپانیایانه‌ی کاڵا بۆ عێراق ده‌نێرن، تاڕاده‌یه‌کی زۆر باش توانیویه‌تی کۆنترۆڵی بازاڕی جلوبه‌رگی ئاماده‌کراو بکات، به‌ڵام له‌هه‌وڵدایه له قوماشیش شوێنی خۆی بکاته‌وه. ئێستا هه‌ر کارگه و کۆمپانیایه‌کی تورکی له عێراق لق بکاته‌وه، بۆ ماوه‌ی 3 ساڵ 60%ی خه‌رجی کرێی باڵه‌خانه و مووچه‌ی کارمه‌نده‌کان له ئه‌ستۆ ده‌گرێت، به‌ڵام له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌شدا هێشتا نه‌یتوانیوه کێبڕکێی چین بکات.

حاجی یوسف جه‌میل، که بازرگانێکی شاری هه‌ولێره و ساڵانه بایی 9 ملیۆن دۆلار قوماش له چینه‌وه هاورده ده‌کات، ده‌ڵێت: "چین کۆنترۆڵی بازاڕی قوماشی کردووه، ئێستا 90%ی ئه‌و قوماشه‌ی له بازاڕه‌کاندا هه‌یه چینین، بڕێکی که‌م قوماشی ئافره‌تان له هیندوستان و ئیماراته‌وه دێت".



له ماوه‌ی سێ ساڵی ڕابردوودا، عێراق بایی 9 ملیار و 92 ملیۆن و 597 هه‌زار دۆلار جلوبه‌رگ و قوماشی هاورده کردووه (فۆتۆ: ڕووداو)

به‌گوته‌ی ئه‌م بازرگانه، دانیشتووانی عێراق به‌گشتی، خه‌رجیی زۆر له کڕینی قوماش بۆ جلوبه‌رگ و گۆڕینی په‌رده و دۆشه‌ک و نێوماڵ ده‌که‌ن. ئه‌و نموونه‌ی به فرۆشی یه‌ک جۆر قوماشی دۆشه‌ک هێنایه‌وه و گوتی: "له فرۆشی هه‌ندێ قوماش تووشی شۆک بووین، له چین ده‌بێت سێ تا چوار مانگ نۆره بگرین تا چه‌ند کۆنتێنه‌رێک له‌و قوماشه‌مان ده‌ستده‌که‌وێت که خه‌ڵک زیاتر بۆ به‌رگی دۆشه‌ک به‌کاریده‌هێنن، ساڵانه ته‌نیا له هه‌رێمی کوردستان نزیکه‌ی بایی 10 ملیۆن دۆلار قوماشی دۆشه‌ک ده‌فرۆشین".

له هه‌رێمی کوردستان جگه له جلوبه‌رگی ئاسایی، به‌ڕێژه‌یه‌کی که‌م جلوبه‌رگی مارکه‌ش هه‌ن، هه‌ندێ کۆمپانیا و پێشانگه‌ش بوونه‌ته بریکاری مارکه جیهانییه‌کان.

لۆکان عه‌بدوڵڵا، به‌ڕێوه‌به‌ری کۆمپانیای لۆکان له شاری هه‌ولێر که جلی مارکه ده‌فرۆشێت و بریکاری پێنج مارکه‌ی ئیتالی و فه‌ره‌نسی وه‌رگرتووه، ده‌ڵێت: "نرخی کاڵاکانمان به‌گوێره‌ی قوماش و پێکهاته‌ی دروستکردن ده‌گۆڕێت. بۆ نمونه نرخی تیشێرتێکی مارکه‌ی زیلی له 410 دۆلاره‌وه ده‌ستپێده‌کات تا 1100 دۆلار، نرخی کراسێک له 650 دۆلاره‌وه ده‌ستپێده‌کات تا 1150 دۆلار، قاته‌کانیشمان له 2500 دۆلاره‌وه ده‌ستپێده‌کات تاوه‌کو ده‌گاته 9 هه‌زار دۆلار". گوتیشی "60%ی کڕیاره‌کانمان خۆماڵین".

قسه‌ی زۆر له‌سه‌ر کۆپیی مارکه‌ی جلوبه‌رگ ده‌کرێ له کوردستان. لۆکان نایشارێته‌وه که کۆپیی مارکه له کوردستان هه‌یه و ده‌ڵێت: "ته‌نانه‌ت ئه‌وانه‌ی بریکاری مارکه‌کانیشن ئه‌و فێڵه ده‌که‌ن. کۆپی تێکه‌ڵ به ئۆرجیناڵ ده‌که‌ن و به نرخی ئۆرجیناڵ ده‌یفرۆشن".

> ساڵانه بایی 10 ملیۆن دۆلار ته‌نیا قوماشی دۆشه‌ک ده‌فرۆشم
>
> بازرگانێک

به‌هۆی هه‌رزانیی نرخی گواستنه‌وه، پێشتر بازرگانان پتر به‌نده‌ری ئوم قه‌سریان هه‌ڵده‌بژارد. بۆ نموونه ساڵی 2016 بایی 2 ملیار و 849 ملیۆن دۆلار جلوبه‌رگ و قوماش هاورده‌ی عێراق کراوه، 68.6%ی له ڕێگه‌ی خاڵه سنوورییه‌کانی عێراق به‌تایبه‌ت ئوم قه‌سره‌وه بووه، به‌ڵام دوای ئه‌وه‌ی عێراق ڕه‌سمی گومرگی زیاد کرد، ئه‌م جوڵه بازرگانییه زیاتر گوازرایه‌وه خاڵه سنوورییه‌کانی هه‌رێمی کوردستان، به‌جۆرێک له ساڵی 2017 بایی 3 ملیار و 238 ملیۆن دۆلار و له ساڵی 2018 بایی 3 ملیار و 92 ملیۆن دۆلار جلوبه‌رگ و قوماش هاورده‌ی عێراق کراوه و نزیکه‌ی 79%ی له ڕێگه‌ی خاڵه سنوورییه‌کانی هه‌رێمی کوردستانه‌وه بووه.

نه‌وزاد ئه‌دهه‌م، به‌ڕێوه‌به‌ری گشتی بازرگانی له وه‌زاره‌تی پیشه‌سازی و بازرگانی، ده‌ڵێت: "پێشتر به‌هۆی جیاوازیی ڕه‌سمی گومرگی و ئاسانکاریی ئێمه بۆ پێدانی مۆڵه‌ت، بازرگانان زیاتر خاڵه گومرگییه‌کانی هه‌رێمی کوردستانیان به‌کارده‌هێنا، به‌ڵام به‌هۆی یه‌کخستنی ته‌عریفه‌ی گومرگی و هه‌رزانیی نرخی گواستنه‌وه‌ی کاڵا له ئوم قه‌سر و چاوپۆشی له وه‌رگرتنی هه‌ندێ ڕه‌سمی گومرگی، خه‌ریکه ئه‌م جموجوڵه له گومرگه‌کانی هه‌رێمی کوردستان که‌م ده‌کات".

## ساڵانه بایی 250 ملیۆن دۆلار داری دارتاشی هاورده ده‌کرێ

# له هه‌رێمی کوردستان ته‌نیا سپیدار بۆ مه‌به‌ستی بازرگانی ده‌چێنرێ

**ڕه‌وا عه‌بدوڵڵا**
**ڕووداو- هه‌ولێر**

به‌هۆی باشبوونی ڕه‌وشی ئه‌منی و ئابووری و ده‌ستپێکردنه‌وه‌ی پرۆژه‌کانی ئاوه‌دانی، جووڵه که‌وتووه‌ته بازرگانیی هاورده‌کردنی داری دارتاشی. له دوو ساڵی ڕابردوودا بایی زیاتر له 500 ملیۆن دۆلار له‌و جۆره داره هاورده کراوه.

به‌پێی ئاماری به‌ڕێوه‌به‌رایه‌تی گشتی پلان و به‌دواداچوون له وه‌زاره‌تی بازرگانی و پیشه‌سازیی هه‌رێمی کوردستان، له دوو ساڵی ڕابردوودا بایی 710 ملیۆن و 594 هه‌زار دۆلار داری سروشتیی وشک و ده‌ستکرد هاورده‌ی عێراق کراوه که نزیکه‌ی 70 %ی (بایی 500 ملیۆن دۆلار) له ڕێگه‌ی خاڵه سنوورییه‌کانی هه‌رێمی کوردستان و له‌لایه‌ن بازرگانانی کورده‌وه هاورده‌کراوه.

به‌پێی داتاکان، بازرگانان داری سروشتیی دارتاشی زیاتر له ڕووسیا، ئۆکراینا، ڕۆمانیا، تورکیا و ئێرانه‌وه هاورده ده‌که‌ن، داری ده‌ستکردیش له چین، مالیزیا، ئیندۆنیزیا، تورکیا و ئه‌فریقای باشووره‌وه.

کۆمپانیای باڵه‌ک له شاری هه‌ولێر، ساڵانه بایی پێنج ملیۆن دۆلار دار له ڕووسیا و ئۆکراینا و تورکیاوه هاورده ده‌کات. فه‌رهه‌نگ حه‌مه‌د چۆمانی خاوه‌نی کۆمپانیاکه ده‌ڵێت: "ئه‌و داره سرووشتیانه‌ی ئێمه له ڕووسیا و ئۆکراییناوه هاورده‌یان ده‌که‌ین له جۆری یولگا و ساسنان، جۆری یه‌که‌میان زیاتر بۆ دروستکردنی مۆبیلیات و دیکۆر و خانوو و کاری بیناسازی به‌کاردێت، جۆری دووه‌میشیان زیاتر بۆ دروستکردنی ده‌رگا به‌کاردێت".

فه‌رهه‌نگ ده‌ڵێت ئێستا خواستێکی زۆر له‌سه‌ر به‌کارهێنانی ئه‌و جۆره دارانه هه‌یه، به جۆرێک ساڵانه 250 تاوه‌کو 300 ترێله دار (5000 تۆن) به به‌های زیاتر له 3.5 ملیۆن دۆلار له‌و دوو جۆره له ڕووسیا و ئۆکراییناوه هاورده ده‌که‌ن و نزیکه‌ی 75 %ی هه‌نارده‌ی شاره‌کانی عێراق ده‌که‌ن.

فه‌رهه‌نگ چۆمانی ده‌ڵێت له هه‌رێمی کوردستان به‌گشتی خه‌ڵکێکی زۆر به‌م بازرگانییه‌وه خه‌ریکن. ته‌نیا بازرگانه‌کانی هه‌ولێر ساڵانه نزیکه‌ی 40 تاوه‌کو 50 هه‌زار تۆن، ته‌نیا له‌م دوو جۆره داره که به‌داری ته‌خته ناسراوه، هاورده ده‌که‌ن و نزیکه‌ی 70 %ی ئه‌م داره‌ش له ڕووسیاوه ده‌هێنرێ.

جگه له‌و ته‌خته‌دارانه‌ی له داری سروشتی دروست ده‌کرێن، بڕێکی زۆر داری ده‌ستکردیش هاورده‌ی هه‌رێمی کوردستان ده‌کرێت. داره ده‌ستکرده‌کانیش بریتین له ئێم دی ئێف، معاکس، پله‌ی ود، ئایۆس، سندیان، ساج، جاو که زۆرتر له چین، مالیزیا، ئیندۆنیزیا، ئۆکراینا، ڕۆمانیا، ئه‌مه‌ریکا، تورکیا و هه‌ندێ وڵاتی ئه‌فریقییه‌وه هاورده ده‌کرێن.



به مه‌رج ڕێگه به بازرگانان ده‌درێ سپیدار هاورده بکه‌ن (فۆتۆ: ڕووداو)

حوسێن ڕه‌سوڵ، که خاوه‌نی کۆمپانیایه‌که بۆ بازرگانی هاورده‌کردنی داری ده‌ستکرد، ده‌ڵێت: "پێشتر ئه‌و دارانه‌مان زیاتر له ڕێگه‌ی به‌نده‌ری ئوم قه‌سره‌وه هاورده ده‌کرد، چونکه تێچووی گواستنه‌وه‌ی که‌م بوو، به‌ڵام دوای ئه‌وه‌ی عێراق ڕه‌سمی گومرگی زیاد کرد، ڕێگه‌که‌مان گواسته‌وه بۆ مێرسین، ئێستاش هه‌ندێ له بازرگانانی هه‌رێمی کوردستان داری پله‌ی ود هه‌ر له‌ڕێگه‌ی به‌سراوه ده‌هێنن، چونکه دارێکی قورسه و له‌وێ گواستنه‌وه‌ی هه‌رزانتر ده‌که‌وێت".

سه‌باره‌ت به نرخه‌کانیشیان، حوسێن ڕه‌سوڵ گوتی: "نرخی ئه‌م جۆره دارانه له نرخی داری سروشتی گرانتره، بۆ نموونه ئێمه ساڵانه 500 تاوه‌کو 600 ترێله دار به به‌های 9 ملیۆن دۆلار هاورده ده‌که‌ین. جگه له ئێمه بازرگانی دیکه‌ش هه‌ن ئه‌م جۆره دارانه هاورده ده‌که‌ن، بۆیه ساڵانه بڕێکی زۆر له‌م داره ده‌هێنرێت".

جگه له‌و جۆره داره، بازرگانان سپیداریش له تورکیا و ئێرانه‌وه هاورده ده‌که‌ن که زیاتر بۆ پووشی موبه‌ریده و کێڵگه‌کانی په‌له‌وه‌ر به‌کاردێت.

ئه‌م جۆره داره له زۆربه‌ی ناوچه‌کانی کوردستان هه‌یه، به‌تایبه‌ت له دۆڵی بالیسان و دۆڵی ئالانه، چۆمان، حاجی ئۆمه‌ران، سیده‌کان، سمێلان و زاخۆ و ئاکرێ. هه‌روه‌ها له سلێمانیش له زۆر شوێن هه‌یه.

دڵدار عه‌بدوڵڵا مه‌لازاده، به‌ڕێوه‌به‌ری دارستان له وه‌زاره‌تی کشتوکاڵ و سه‌رچاوه‌کانی ئاو به (ڕووداو)ی گوت: "له هه‌رێمی کوردستان ته‌نیا دارێک که له‌لایه‌ن جووتیارانه‌وه بۆ مه‌به‌ستی بازرگانی بچێنرێت سپیداره، چاندنی ئه‌م داره و به‌کارهێنانیشی له دارتاشی مێژوویه‌کی کۆنی هه‌یه، بۆیه له زۆر ناوچه‌ی هه‌رێمی کوردستان جووتیاران به شێوه‌یه‌کی زانستی ده‌یچێنن، به جۆرێک هه‌ندێ جار ئه‌م جۆره دارانه نزیکه‌ی 10 تاوه‌کو 15 مه‌تر به‌رز ده‌بنه‌وه".

دڵدار عه‌بدوڵڵا مه‌لازاده، گوتیشی: "بۆ پاراستنی به‌رهه‌می جووتیاران، وه‌زاره‌تی کشتوکاڵ ماوه‌ی 7 ساڵه به‌مه‌رج ڕێگه به‌هاورده‌کردنی ئه‌م جۆره داره بۆ هه‌رێمی کوردستان ده‌دات، مه‌رجه‌که‌ش ئه‌وه‌یه بازرگان ده‌بێت 20 %ی بڕی ئه‌و داره‌ی که ده‌یه‌وێت هاورده‌ی بکات، داری جووتیارانی کوردستان بکڕێته‌وه، ئینجا ڕێگه‌ی پێده‌درێ دار هاورده بکات، ئه‌گه‌ر داریش نه‌بێت ده‌بێت له‌لایه‌ن کشتوکاڵی پارێزگاکه پشتگیرییه‌ک بهێنێ که داری ئاماده‌کراو نییه، ئینجا مۆڵه‌تی پێده‌ده‌ین".

که‌مال ته‌ها چیوه‌یی، دارفرۆشێکی شاری هه‌ولێره، ساڵانه له پێشانگاکه‌ی نزیکه‌ی 1500 تاوه‌کو 2000 تۆن داری سپیدار ده‌فرۆشێ و ده‌ڵێت "90 %ی ئه‌و داره‌ی ئێمه ساڵانه ده‌یفرۆشین به‌رهه‌می ناوخۆیه، هه‌ندێجاریش که دار نامێنێ له تورکیا و ئێرانه‌وه هاورده‌ی ده‌که‌ین".

# دانوستاندن لەگەڵ بەغدا و سازشنەکردن لەسەر یاسای نەوت و گاز



**عومەر ئەحمەد***

نەبوونی یاسای نەوت و گازی فیدراڵی، بەبڕوای زۆربەی شارەزایان ڕەگی کێشە گەورەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و عێراقە لە دوای پەسەندکردنی دەستوورەوە لە ساڵی 2005. ئێستا هەرێمی کوردستان بەرەو پێکهێنانی کابینەی نوێ دەڕوات و لە عێراقیش حکومەتێک لەسەرکارە کە نیازی چارەسەرکردنی کێشەکانی لەگەڵ هەرێمی کوردستان لەڕێگەی دیالۆگەوە پێشانداوە. لەبەر ئەوەش سەرکەوتنی کابینەی نوێی حکومەت بەندە بە چارەسەرکردنی کێشەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی لەسەر پرسەکانی پەیوەست بە نەوت و گاز و بودجە.

چۆنیەتی پەرەپێدانی سەرچاوەکانی نەوت و گاز، بەپێی دەستووری عێراق خراوەتە ئەستۆی هەردوو حکومەتی فیدراڵی و هەرێمەکان و پارێزگاکان بە هاوبەشی و، بەندکراوە بە دەرکردنی یاسایەکی تایبەت لەو بوارەدا، بەڵام ئەم یاسایە هێشتا پەسەند نەکراوە، لەبەر ئەوەش بووەتە سەرچاوەی ناکۆکیی زۆر لە نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵی.

پێشبینی دەکرێت یەکلاکردنەوەی ئەو کێشانە ئاڵۆزبێت و هەردوو حکومەت ڕێگەیەکی درێژ ببڕن بۆ چارەسەرکردنیان. لە ساڵی 2007 دا چەندین هەوڵ دران لە پەرلەمانی عێراق بۆ پەسەندکردنی یاسای نەوت و گازی فیدراڵی، بەڵام هەوڵەکان بێ ئاکام بوون و هەرێمی کوردستان ژێرانە چاوەڕێی عێراقی نەکرد و دەستی بە پەرەپێدانی کەرتی نەوت و گازی خۆی کرد، بەڵام پێش ئەوە پێویستی بەوە بوو کە لەو بارەیەوە یاسایەک دەربکات. ساڵی 2007 پەرلەمانی کوردستان یاسای نەوت و گازی پەسەند کرد، یەکێک لە باشترین یاساکانی نەوت و گاز لە جیهاندا کە تا ئێستاش بە تەواوەتی جێبەجێ نەکراوە.

یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان بە چەشنێک پێشکەوتوو بوو کە هەموو مافێکی بە حکومەتی هەرێمی کوردستان دا دەسەڵاتی تەواوی هەبێت، هاوچەشنی وڵاتێکی سەربەخۆ و خاوەن سەروەری، سامانە سرووشتییەکانی لە خزمەت پەرەپێدان و گەشەی ئابووریی خۆی دابنێ.

هەلومەرج و ڕەوشی بازاڕەکانی نەوت یارمەتیدەر بوون لەوەی دوای ئەم یاسایە، وەبەرهێنانێکی زەبەلاح لە کەرتی نەوت و گازی هەرێمی کوردستان لەلایەن کۆمپانیا بیانییەکانەوە بکرێ و لەوە بەدواوە ئابووریی هەرێمی کوردستانیان خستە ژێر ڕکێفی وەبەرهێنانەکانی خۆیان. لە ساڵانی دواتردا تەنانەت بەهۆی ئەو جموجۆڵە بازرگانییەی کە دروستبوو، گەشەی ئابووریی هەرێمی کوردستان نزیکبووەوە لە 10%.

هەرچەندە تاوەکو 2014 نرخەکانی نەوت لە ئاستێکی بەرزدا مامەڵەیان پێوە دەکرا و وەبەرهێنانەکان لە کەرتی نەوت و گازی هەرێمی کوردستان گەیشتنە لوتکە و 20 ملیار دۆلاری تێپەڕاند، بەڵام بەهۆی دارمانی نرخی نەوت لە ناوەڕاستی 2014دا، هەرێمی کوردستان و هەموو بەرهەمهێنەرانی نەوتی جیهان ڕووبەڕووی شۆکێکی گەورەی نەوتی و کورتهێنانی بودجە بوونەوە. لە هەرێمی کوردستان بەتایبەتی ئەم شۆکە زۆر گەورە بوو، حکومەتی فیدراڵی لە 2014 تەنیا دوو نیوە بودجەی بۆ هەرێمی کوردستان نارد و پشکی هەرێمی کوردستانی لە بودجەی عێراق بڕی. لە ساڵی 2014 بەدواوە قەیرانێکی گەورەی دارایی ڕووی لە هەرێمی کوردستان کرد کە تا ئێستا ئاسەوارەکانی بە ئابووریی هەرێمی کوردستانەوە دیارە و حکومەتی هەرێمی کوردستانیش هێشتا قەرزی ئەو کاتەی لەسەر شان ماوە.

لەبەر ئەوە گرنگە بۆ ئەوەی سەقامگیری و دڵنیایی بگەڕێتەوە بۆ ئابووریی هەرێمی کوردستان، حکومەتی نوێی هەرێمی کوردستان و حکومەتی ئێستای بەغدا کێشەکانیان لەسەر نەوت و بودجە یەکلایی بکەنەوە. ئەگەرنا دەرفەتێکی گەورە لەباردەچێت.

> ماددەکانی 110 و 112ی دەستووری عێراق بنەمایەکی باشن بۆ ڕێککەوتن لەگەڵ بەغدا لەسەر کەرتی وزە

دەستووری عێراق بنەمایەکی باشە بۆ ئەم ڕێککەوتنە گەورەیە. بەپێی ماددەی 110ی دەستووری عێراق، پەرەپێدان و بەڕێوەبردنی کەرتی نەوت و گازی عێراق لە ڕیزی دەسەڵاتە تایبەت و ڕەهاکانی حکومەتی فیدراڵ نییە و بەپێی ماددەی 112یش، بەڕێوەبردنی کێڵگە نەوتییەکانی ئێستای عێراق (مەبەست کێڵگە نەوتییەکانە تاوەکو ساڵی 2005 و ئەوانە ناگرێتەوە کە لە دوای 2005 دۆزراونەوە و پەرەیان پێدراوە) لە ئەستۆی هەردوو حکومەتی فیدراڵ و هەرێم، یان پارێزگا بەرهەمهێنەرەکانی نەوتە.

بەپێی یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان و حکومەتی هەرێمی کوردستان دەستیان کراوەیە لەوەی هەر جۆرە گرێبەستێک لەگەڵ کۆمپانیا بیانییەکان بکەن کە لە بەرژەوەندیی هەرێمی کوردستاندا بێت. هەر ئەوەش وایکرد لە دوای 2007 حکومەتی هەرێمی کوردستان بە پێشکەشکردنی شێوازێکی گرێبەست بە ناوی گرێبەستی هاوبەشکردنی بەرهەم (PSC) نزیکەی 50 گرێبەست لەگەڵ کۆمپانیا نەوتییەکان ببەستێ و ئەوەش ئێستا بووەتە هۆکاری بەرهەمهێنانی بڕێکی بەرچاو لە نەوت و گازی سرووشتی. سەرەڕای ئەوەی کە حکومەتی هەرێمی کوردستان پلانی بەرهەمهێنانی ڕۆژانە یەک ملیۆن بەرمیل نەوتی هەبوو و لەبەر هێرشی داعش و قەیرانی دابەزینی نرخی نەوت لە دوای 2014 نەیتوانی ئەو ئامانجەی بپێکێت، بەڵام هێشتا بەهۆی باشیی یاسای نەوت و گازەکەی، بە دوایین بەرەی وشکانی نەوت و گازی جیهان ئەژمار دەکرێت کە توانایەکی بەرزی لە بەرهەمهێنانی نەوت و گاز لە ساڵانی داهاتوودا دەبێت.



حکومەتی هەرێمی کوردستان نزیکەی 50 گرێبەستی لەگەڵ کۆمپانیاکانی نەوتدا هەیە

گرنگە لە دانوستاندنەکانی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقدا ئەم تایبەتمەندییە بپارێزرێت و یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان پاشەکشەی لێنەکرێت. لە یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستاندا جگە لە دامەزراندنی سندووقی داهاتە نەوتییەکان، دامەزراندنی چەندین کۆمپانیای نیشتمانیی دیکە وەک (KEPCO) کۆمپانیای دۆزینەوە و بەرهەمهێنانی نەوتی کوردستان، (KNOC) کۆمپانیای نەوتی نیشتمانی کوردستان، (KOMO) کۆمپانیای بەبازاڕکردنی نەوتی کوردستان و (KODO) ڕێکخراوی کوردستان بۆ کارەکانی خوارودەستی نەوت، ڕەچاوکراوە کە دامەزراندن و ڕێکخستنیان دەتوانێت کەرتی نەوتی هەرێمی کوردستان وەک بەرهەمهێنەرێکی گرنگی نەوت و گاز پێشەیی بکات و بیبووژێنێتەوە. سەبارەت بە فرۆشتنی نەوت، دەکرێت هەرێمی کوردستان ئەو نەوتەی کە بەتەواوەتی خۆی بەڕێوەی دەبات و بەرهەمی دەهێنێت، بەشێکی یان تەواوی لەڕێگەی کۆمپانیای KOMOوە بداتە حکومەتی فیدراڵی و لە بەرامبەردا داوای پشکی دادوەرانە و شایستەی خۆی بکات. ئەمە هیچ لە سەروەری و دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان بەسەر کەرتی نەوتی خۆی کەم ناکاتەوە. چونکە هەرێمی کوردستان خاوەنی یاسای نەوت و گازی خۆیەتی و بەشێوازی خۆی ئەو کەرتە بەڕێوەدەبات و بۆ ئەو مەبەستەش لە 10 ساڵی ڕابردوودا میکانیزم و ژێرخانی شیاوی بۆ دامەزراندووە.

***بەڕێوەبەری دیسکی ئابووریی تۆڕی میدیایی ڕووداو**

# ستراتیژی وزەی ڕووسیا بەرەوڕووی کێشە دەبێتەوە

**ڕووداو- هەولێر**

لە ساڵی 2015 دوایین نوسخەی دۆکیۆمێنتی "ستراتیژی وزەی ڕووسیا هەتا ساڵی 2035" ڕادەستی حکومەتی ڕووسیا و دەسەڵاتە نیشتمانییەکانی ئەو وڵاتە کرا، بەڵام هەتا ئێستا پەسەند نەکراوە. ڕاپۆرتێکی (ئەنجوومەنی ئەتڵەنتیک) ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە بەرژەوەندییە جیاوازەکان نەیانهێشتووە ڕووسیا سیاسەتێکی وزەی ڕوون و یەکدەستی هەبێ".

## ئامانجە ناکۆکە ئابوورییەکان

تاتانیا میترۆڤا، ئامادەکاری ڕاپۆرتەکە، پێیوایە کێشەکانی کەرتی وزەی ڕووسیا ڕەنگدانەوەی کێشەکانی ئابووریی ڕووسیان، چونکە "هیچ تێگەیشتنێکی ڕوون سەبارەت بە ڕێگەی پەرەسەندنی کۆی ئابووریی ڕووسیا لەئارادا نییە". ئاخۆ ئابووریی ڕووسیا دەگەڕێتەوە بۆ ئابووریی سەردەمی یەکێتیی سۆڤیەت کە تێیدا دەوڵەت بەسەر ئابووریدا زاڵە، یان ڕەوتی ئابووریی ئێستای جیهان دەگرێتەبەر کە تێیدا فۆکەس لەسەر گەشەکردنی کەرتی تایبەت، ئابووریی بازاڕ و هاوکاریی ئابووریی نێودەوڵەتییە؟

ستراتیژی ئێستای ئابووریی ڕووسیا ئاماژە بۆ جۆرێک لە ئابووری دەکات کە "بەشداریی بەهێزی دەوڵەت، بە نیشتمانیکردنی سامان و بەشدارییەکی سنووردار لە ئابووری جیهان" دەخوازێ، لە کاتێکدا کەرتی وزەی ئەو وڵاتە لە پێناو گەشەی بەردەوامی خۆیدا داوای ستراتیژێکی تەواو پێچەوانە دەکات.

ئابووریی ڕووسیا بەشێوەیەکی بەرچاو پشت بە داهاتی کەرتی وزە دەبەستێ و ئەو وابەستەییەش لە 20 ساڵی ڕابردوودا هەڵکشان و داکشانی بەرچاوی بەخۆوە بینیوە.

بەگوێرەی داتاکانی وەزارەتی دارایی ڕووسیا، پشکی نەوت و غاز لە بودجەی ساڵی 2017 نزیکەی 25% بووە، ئەو ڕێژەیە لە چاو ڕێژەی بەشداریی نەوت و غاز لە ئابووریی ڕووسیا لە 2011 بۆ 2014 زۆر کەمە، لەو چوار ساڵەدا 50%ی ئابووریی ڕووسیا لەسەر سەرچاوەکانی وزە بووە. لە ساڵانی سەرەتای سەدەی 21دا پشکی نەوت و غاز لە بودجەی گشتیی ڕووسیا کەمتر لە 10% بووە.

ڕاپۆرتەکەی (ئەنجوومەنی ئەتڵەنتیک) ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە کەرتی وزە 65%ی کۆی داهاتی هەناردەی ڕووسیا پێکدێنێ و 25%ی بەرهەمی ناپوختەی نێوخۆ (GDP)ش هەر لەسەر شانی کەرتی وزەیە.



ڕووسیا لە دوای ئەمریکا و چین گەورەترین بەرهەمهێنەری وزەیە

میترۆڤا پێیوایە ئێستا هیچ شتێک بەناوی "ستراتیژی درێژخایەن بۆ پەرەپێدانی کەرتی وزەی ڕووسیا" لەئارادا نییە، ئەوەی هەیە کۆمەڵێک خۆگونجاندنە کە وەک کاردانەوەن و کۆمەڵێک بڕیاریان لێکەوتووەتەوە، بێ ئەوەی هیچ هەڵسوکەوتێکی ستراتیژیی درێژخایەن لە کەرتی نەوتی ئەو وڵاتەیان لێ سەوز ببێت.

سەرەڕای ئەوەش لێکۆڵەرەکە پێیوایە کۆمەڵێک خاڵ لە سیاسەتی وزەی حکومەتی مۆسکۆدا بەردەوام دووبارە دەبنەوە کە دەکرێ وەک بەشێک لە ستراتیژی وزەی ڕووسیا سەیر بکرێن.

لێکۆڵەرەکە بە پشتبەستن بە دۆکیۆمێنتی "ستراتیژی وزەی ڕووسیا هەتا 2035" پێنج ئامانجی سەرەکیی کەرتی وزەی ڕووسیا دەخاتەڕوو کە بریتین لە:

**یەکەم:** پاراستنی پێگەی ڕووسیا لە بازاڕەکانی وزەی جیهان.

**دووەم:** فرەجۆریی بازاڕەکانی نەوت کە پشکێکی زۆری بەر بازاڕەکانی ئاسیا دەکەوێ.

**سێیەم:** دابینکردنی وزە بۆ بەکارهێنەرانی نێوخۆ.

**چوارەم:** کەمکردنەوەی چڕیی سەرچاوەکان و دابەزاندنی ڕێژەی دەردانی گازە مەترسیدارەکان.

**پێنجەم:** پەرەپێدانی وزەی پاک.

ئەنجوومەنە ئەمریکییەکە پێیوایە سێ ئامانجی یەکەم قورساییەکی زۆریان لە سیاسەتی وزەی ڕووسیادا هەبووە، بەڵام دوو ئامانجەکەی دیکە کە پەیوەندییان بە پاراستنی ژینگەوە هەیە، سەنگێکی ئەوتۆیان نەبووە، هەتا ئەو کاتەی وەک سەرچاوەیەکی داراییان لێهات.

بەپێی ڕاپۆرتەکە، پاراستنی پێگەی ڕووسیا لە بازاڕەکانی وزەی جیهاندا ئەولەویەتی ژمارە یەکی ڕووسیایە، بەجۆرێک ڕووسیا دەکرێ هەموو ئامانجەکانی دیکەی بۆ بکات بە قوربانی، چونکە ڕووسیا لە دوای ئەمریکا و چین گەورەترین بەرهەمهێنەری سەرچاوەکانی وزەیە و پاش ئەمریکا، چین و هیندستان چوارەم وڵاتی بەکارهێنەری وزەیە لە جیهاندا. ڕووسیا گەورەترین هەناردەکاری غازی سروشتی و دووەم هەناردەکاری نەوت و سێیەم هەناردەکاری خەڵووزە لە جیهاندا.



> شتێک بەناوی ستراتیژی وزەی ڕووسیا نییە، ئەوەی هەیە کۆمەڵێک خۆگونجاندنە

بەپێی ڕاپۆرتێکی ئەیلوولی 2018ی ناوەندی (ترانسنێفت)ی ڕووسی، ئەو وڵاتە 70 هەزار کیلۆمەتر بۆریی نەوت و 170 هەزار کیلۆمەتر بۆریی غازی سروشتی هەیە.

بە پشتبەستن بە داتاکانی وەزارەتی دارایی ڕووسیا، گەشەی هەناردەی وزەی ئەو وڵاتە لە ساڵانی یەکەمی دوو هەزارەکانەوە دەستیپێکردووە، بە جۆرێک لە نێوان 2000 بۆ 2005 هەناردەی نەوت و غازی ڕووسیا بە ڕێژەی 56% بەرزبووەوە. ئەوەش هاوکات بوو لەگەڵ دەرکەوتنی چین وەک جەمسەرێکی ئابووریی جیهان کە ڕاستەوخۆ ئاستی داخوازی لەسەر وزەی بەرز کردەوە.

قەیرانی دارایی جیهان لە 2018، کاریگەریی نەرێنیی گەورەی لەسەر هەناردەی وزەی ڕووسیا و گەشەی کەرتەکە دانا، کاتێک نرخەکانی نەوت و غازیش لە 2011 بۆ 2014 لە ئاستێکی بەرزدا بوون، ڕووسیا بەهۆی کەمیی هەناردەوە هەر نەیتوانی داهاتێکی گەورە دەستبخات. قەیرانی نرخەکانی نەوت لە ناوەڕاستی 2014 و سزا نێودەوڵەتییەکان بەهۆی بەشداریی ڕووسیا لە قەیرانی ڕۆژهەڵاتی ئۆکراینا، جارێکی دیکە ڕووسیای تووشی تەحەدای گەورە کرد.

هەناردەی نەوتی ڕووسیا لە 2015 هەتا 2017 جارێکی دیکە هەستایەوە، بەجۆرێک لە ماوەی ئەو سێ ساڵەدا هەناردەی ڕووسیا بە ڕێژەی 7% بەرز بووەوە، هەناردەی غازی سروشتیی ئەو وڵاتەش بە ڕێژەیەکی مێژوویی 30% لەو ماوەیەدا هەڵکشا.

ڕاپۆرتەکەی ئەتڵەنتیک پێشبینی دەکات کۆی گشتی هەناردەی وزە، بەتایبەتی نەوت، لە نێوان 2023 هەتا 2026 کەم ببێتەوە، هۆکاری ئەوەش بۆ بەرزبوونەوەی داوای نێوخۆ و ئاماژە نێگەتیڤەکان لە بازاڕەکانی ئەورووپا دەگەڕێتەوە، ئەوە جگە لەوەی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتی ڕووسیا لە کێڵگە کۆنەکان کەمی کردووە، نموونەی ئەوەش کێڵگەکانی نەوتی ڕۆژهەڵاتی سیبریایە، کە پشکی بەرهەمهێنانیان لە 62% وە بۆ 56% دابەزیوە. ئەوەش لە کاتێکدایە کە ڕێژەی بیرلێدان لە 5 ساڵی ڕابردوودا 22% بەرزبووەتەوە.

وەک ڕاپۆرتەکە دەڵێت، کەمبوونەوەی ئاستی بەرهەمهێنان لە کێڵگە کۆنەکان، بەرهەمهێنەرانی ناچار کردووە ڕوو لە کێڵگە نوێیەکان بکەن، بەڵام ئەو کێڵگانە لە زۆر حاڵەتدا "دوورەدەستن و لەڕووی تەکنیکیشەوە کارکردن تێیاندا ئاڵۆزە". لە کاتێکدا پاراستنی ئاستی ئێستای بەرهەمهێنانی کێڵگە کۆنەکانیش پێویستی بە میتۆدی نوێی بووژاندنەوەی کێڵگەکان و شێوازی پێشکەوتووی لێدانی بیرە، بەڵام سزا نێودەوڵەتییەکان دەستخستنی ئەو تەکنەلۆژیایەی سەخت کردووە.

ئەنجوومەنی ئەتڵەنتیک پێشبینی دەکات ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتی ڕووسیا لە 2018 بۆ 2019 لە گەشەکردنی چوار ساڵی ڕابردووی بەردەوام بێ، بەڵام دابەزینی کواڵیتی یەدەکی نەوتی ڕووسیا دەبێتە هۆی ئەوەی کۆمپانیا ڕووسییەکان نەتوانن لە دوای 2025 ئەو ئاستەی بەرهەمهێنانی ئێستا بپارێزن، بەتایبەتیش لەبەر ئەوەی تەکنەلۆژیای پێویست بۆ میتۆدی نوێی دەرهێنانی نەوتی لەبەردەست نییە.



## دیاری قەرەداغی گۆرانییەکی کۆن کلیپ دەکاتەوە

**ڕووداو- هەولێر**

هونەرمەند دیاری قەرەداغی گۆرانییەکی کۆنی خۆی کلیپ کرد و بڵاوی کردەوە. گۆرانیی (گەر تۆ نەبی) کە گۆرانییەکی کۆنی دیاری قەرەداغییە و لە ساڵی 2008 تۆمارکراوە، کلیپی بۆ دەکرێ و بڵاودەکرێتەوە. ڤیدیۆ کلیپەکە لە دەرهێنانی فرمێسک محەمەد و ڕۆژبێ یە و ئەدیابین ئەجێنسی سپۆنسەری کلیپەکەی کردووە. ئەم بەرهەمە لە تێکستی لوقمان محەمەد ڕەشید و توانا فەرەج و بڵند قەرەداغی، کاری میوزیکیان بۆ کردووە، ملیۆدی گۆرانییەکەش لایەن هونەرمەند خۆیەوە دانراوە. ڤیدیۆکلیپەکە لە شاری هەولێر کاری وێنەگرتنی بۆ کراوە.

### سامر میسری ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕێت

# مانۆ خەلیل خەونی منداڵێکی کورد دەکاتە فیلم



**پەسار فایەق**
**ڕووداو- هەولێر**

چیرۆکی منداڵێکی کورد لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو کە لە یەکێک لە گوندە سنوورییەکانی ڕۆژئاوای کوردستان ژیاوە، دەبێتە ناوەڕۆکی نوێترین فیلمی مانۆ خەلیل، دەرهێنەری کورد کە ئێستا لە سویسرا دەژی.

مانۆ خەلیل کە خەڵکی ڕۆژئاوای کوردستانە، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە لە دوای فیلمی سینەمایی (پەرەسێلکە) ئێستا کار بۆ فیلمێکی نوێ دەکات بەناوی (دراوسێ) و بڕیارە لە مانگی ئەیلوولی ئەمساڵدا دەست بە وێنەگرتنی بکات و لە ناوەڕاستی تشرینی دووەم دوایین دیمەنی فیلمەکە تۆمار بکات.

ژمارەیەک ئەکتەری کورد، عەرەب و ئەورووپی لەم بەرهەمەدا ڕۆڵ دەگێڕن، یەکێک لەوانە سامر میسری، ئەکتەری سوورییە کە لەسەر ئاستی سووریا و وڵاتانی عەرەبی ناسراوە. لەم فیلمەدا منداڵێک ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕێت و دەبێتە پاڵەوانی فیلمەکە. مانۆ ئەو ڕۆڵەی بە منداڵێکی کوردی ڕۆژئاوای کوردستان داوە.

مانۆ خەلیل ئاماژە بە ناوەڕۆکی فیلمەکە دەدات و دەڵێت: "فیلمەکە باس لە منداڵێکی کوردی تەمەن حەوت ساڵ دەکات کە لە یەکێک لە گوندە سنوورییەکانی ڕۆژئاوای کوردستان ژیاوە و بە خەیاڵ و بیرکردنەوەی تایبەتی خۆی هەوڵدەدات بەهەشتێکی لەسەر زەوی هەبێت، بەڵام مامۆستا بەعسییەکەی کۆتایی بە هەموو خەونە جوانەکانی دێنێت".

چیرۆکی فیلمەکەی مانۆ خەلیل بۆ 25 ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە. بیرۆکەی سەرەتایی ئەوەیە کە ناوی "دراوسێ" بێ، بەڵام دەڵێت هێشتا ناوی فیلمەکە جێگیرنەکراوە، ئەگەری هەیە بیگۆڕێ.

فیلمەکە لەلایەن کۆمپانیای فرایم بە هاوبەشی لەگەڵ وەزارەتی ڕۆشنبیریی سویسرا، دەزگای بێرن بۆ بەرهەمی سینەمایی و تەلەڤزیۆنی سویسری و ژمارەیەک کەناڵی ئاسمانیی ئەورووپی بەرهەمدێت. بڕیارە ئەم بەرهەمە سینەماییە لە بەهاری 2020 بۆ نمایش ئامادە بێت، کۆمپانیای فرێنتیک لەسەر ئاستی جیهان بڵاوی دەکاتەوە.

ئەو سینەماکارە کوردە سەرقاڵی ئامادەکارییە بۆ بەرهەمهێنانی فیلمەکە و بەشێکی ستافی فیلمەکە کە تاوەکو ئێستا دەستنیشان نەکراون، لە ئایندەیەکی نزیکدا دەستنیشان دەکرێن.

مانۆ خەلیل خەڵکی ڕۆژئاوای کوردستانە و لە زانکۆی دیمەشق لە سووریا لە بواری مێژوو و مافپەروەری خوێندوویەتی، ساڵی 1986 لەبواری دەرهێنان لە چیکوسلۆڤاکیا خوێندوویەتی، ساڵی 1993 بە پلەی نایاب دەرچووە، دواتر پلەی ماستەری لە دەرهێنانی سینەمایی و تەلەفزیۆنی بەدەستهێناوە، دواتر هەر لە کەناڵە بینراوەکانی ئەو وڵاتە کاری کردووە و وەک خۆی دەڵێت "ئێستا بە حەوت زمان قسە دەکات".

لە نێوان ساڵانی 1990-1992 وەک ئەکتەر بەشداری لە چەند بەرهەمێکی درامایی کردووە، بەڵام لە دوای تەواوکردنی خوێندن لە ساڵی 1994 و تاوەکو ئەمڕۆ زیاتر لە هەزار ڕیپۆرتاژی تەلەفزیۆنی و فیلمی ڕیکلامی وێنەگرتووە، ئێستا خۆی بۆ کاری سینەمایی و تەلەفزیۆنی تەرخان کردووە و کاری سینەمایی وەک دەرهێنەر، بەرهەمهێنەر و بەڕێوەبەری وێنەگرتنی سەربەخۆ بۆ فیلمە سینەمایی و بەڵگەنامەییەکان دەکات.

خەلیل، لە ساڵی 1996ـەوە لە سویسرا نیشتەجێیە و تاوەکو ئێستا کاری دەرهێنانی بۆ نزیکەی 20 فیلم کردووە، دوایین فیلمەکانی ئەمانەن: (پەرەسێلکە)، (حافیز و مارا)، (ئەنفال)، (داڤید تولهیلدان)، (زیندانەکەم، ماڵەکەم)، (باخچەکانی بەهەشت) و (تامی هەنگوین).

(تامی هەنگوین) باس لە هەنگەوانێکی کورد لە باکووری کوردستان دەکات کە لە ناوەڕاستی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوودا گەورەترین بەرهەمهێنەری هەنگ بووە لە جیهاندا، ساڵانە 20 تا 30 تۆن هەنگی بەرهەمهێناوە، بەڵام بەهۆی شەڕەوە هەنگ، زەوی، ماڵ و هاوژین و بەشێک لە منداڵەکانی لەدەستداوە، دواجار لە چیاکانی ئەلپ لە سویسرا درێژە بە پیشە و ژیانی دەدات.

ئەو دەرهێنەرە کوردە لەڕێگەی فیلمەکانییەوە چەندین خەڵاتی جیهانیی بەدەستهێناوە و لەسەر ئاستی وڵاتانی ئەورووپی ناوبانگی پەیدا کردووە.

دوایین فیلمی درێژی سینەمایی مانۆ خەلیل، فیلمی (پەرەسێلکە) بوو کە ساڵی 2015 بڵاوکرایەوە، تێیدا لە چاوی کچێکی کورد - سویسرییەوە جوانی و کولتووری کوردستان پیشاندەدات.

فیلمەکە چیرۆکی کچێکی کورد- سویسری دەگێڕێتەوە کە 30 ساڵ بەر لە ئێستا باوکە کوردەکەی لە سویسرا نیشتەجێ بووە و لەگەڵ ئافرەتێکی سویسری هاوسەرگیری کردووە. بەڵام دوای گەڕانەوەی بۆ کوردستان ون دەبێت و هیچ هەواڵێک لەبارەیەوە نازانرێت، دەڵێن گوایە کوژراوە.

میرا کچی ئەو پیاوە کوردەیە کە لە دوای 28 ساڵ بۆی دەردەکەوێت باوکی هێشتا لە ژیاندا ماوە، کچەکەی گەشتێک بۆ کوردستان دەکات، گوند بە گوند و شار بە شار دەگەڕێت بۆ ئەوەی باوکی بدۆزێتەوە.

چیرۆکی فیلمەکانی مانۆ خەلیل زیاتر گرێدراوی نێوان کوردستان و سویسران، بەهۆیەوە لەلایەن ئەو وڵاتە و کەناڵە ئەوروپییەکانەوە پاڵپشتی دارایی دەکرێت، لەوانە فیلمی (پەرەسێلکە)، (داڤید تۆلهیلدان)، (باخچەکانی بەهەشت) و (تامی هەنگوین).

خەلیل، لە ڕێگەی فیلمی داکیۆدرامایی "باخچەکانی بەهەشت"، چەندین خەڵاتی وەرگرتووە و لە ساڵی 2011 ـدا خەڵاتی مرواری سینەمای سویسرا بەدەستهێنا.

ساڵی پار فیلمێکی بەڵگەنامەیی بایۆگرافی ئەو دەرهێنەرە کوردە بەناوی "حافیز و مارا" لە سینەماکانی سویسرا نمایشکرا کە چیرۆکی شێوەکارێکی سویسری بە بۆ بینەر دەگێڕێتەوە. ماوەی فیلمەکە 88 خولەکە و لە غانا، لوبنان و سویسرا وێنەگیراوە و بە زمانەکانی، عەرەبی، ئینگلیزی، ئەڵمانی و فەڕەنسییە.



فیلمی (پەرەسێلکە)



فیلمی (تامی هەنگوین)



فیلمی (دراوسێ)

# میوزیک دەگەڕێتەوە ڕۆژئاڤای کوردستان

**ڕۆبێرت ئێدواردز**
**ڕووداو- هەولێر**

مستەفا و ئەحمەدی برای بە نابینایی لەدایکبوون. لەبەرئەوەش، نەیانتوانیوە بچنە خوێندنگا و ڕوویان لە میوزیک کردووە بەو هیوایەی ئاواز و دەنگ ڕووناکییەک بە دەروونیان ببەخشێ.

لە هاوینی 2014، داعش هێرشی کردە سەر کۆبانێ، دوو براکە وەک دانیشتووانی دیکەی شارەکە بەناچاری کۆبانێ و ئامێرەکانی میوزیکیان جێهێشت کە وەک پارچەیەک لە ڕوحی خۆیانی لێهاتبوو.

شەڕی کۆبانێ لە بەهاری 2015 بە تێکشکانی داعش کۆتایی هات. ئەحمەد و مستەفا لە هاوینی هەمان ساڵ گەڕانەوە، بەڵام لە گەڕانەوەیاندا بەسەر شارێکی وێراندا کەوتن کە تەنانەت دوو چاوی ساغیش نەیدەتوانی بیناسێتەوە. دوو براکە دەیانزانی لە شەڕێکی سەختی وەک شەڕەکەی کۆبانێدا ئەستەمە ئامێری میوزیک بە ساغی دەربچێ. ئەوەی زیاتر لە هەموو ئامێرەکان دڵی مستەفای ئێشاند، کەمانەکەی بوو کە بە شکاوی کەوتبووەوە دەستی.

چیرۆکی ژیانی دوو براکەی خەڵکی کۆبانێ لەلایەن پابلۆ تۆسکۆ و میگ ڕۆسەوە بۆ (ڕووداو) کراوە بە فیلمێکی دۆکیومێنتاری بەناوی "هارمۆنی". لە بەشێکیدا مستەفا دەڵێ: "من لێرە ئامێرە میوزیکەکانم جێهێشت. لێرە کەمان، گیتار و عوودەکەم جێهێشت. تەمبوورەکەشم لێرە جێهێشت. نەدەکرا لەگەڵ خۆم بیانبەم. کاتێک گەڕامەوە، داعش هەموو ئامێرەکانمی شکاندبوو، بێ میوزیک ئازارەکان زیاترن. میوزیک خۆراکی ڕوحمە".

داعش وەک زۆربەی ڕێکخراوە تەکفیرییەکان ژەنینی میوزیک و فۆرمەکانی دیکەی هونەر بە حەرام دەزانێ، هەر بۆیە خوێندنگا و ناوەندەکانی فێربوونی میوزیکی لە هەموو ناوچەکە تێکدا.

غەنی میرزۆ، ژەنیاری عوود و کوردی ڕۆژئاوا کە لە ئیسپانیا نیشتەجێیە، تووشی شۆک بووە کە دەبینێ هونەر لە ناوچەکە وەها خراپی بەسەرهاتووە و موزیسیەنەکانی ناوچەکە ئامێریان بەدەستەوە نەماوە و دەرفەتی فێربوونیش لەبەردەست نییە.

میرزۆ کە لەگەڵ گرووپی میوزیکڤانانی بێسنوور کاردەکات، دەستی داوەتە پڕۆژەیەک بۆ هێنانی ئامێری دەستەدوو بۆ ڕۆژئاڤای کوردستان، بۆ ئەوەی ژەنیارەکان لە شوێنی ئامێرە شکاوەکانیان بەکاریان بهێنن.

میرزۆ لە بەشێکی دۆکیومێنتاریی "هارمۆنی"دا دەڵێ: "کولتوور بە ساتەوەختێکی زۆر هەستیاردا تێدەپەڕێ، زۆر لە هونەرمەندان لە کەمپەکانی وەک دومیز ئاوارەن و ئەوانی دیکەش چوونەتە کوردستانی عێراق، تورکیا و ئەورووپا. ڕۆژئاڤا هونەرمەندی بەدەستەوە نەماوە. ئەمە دۆخێکی تراژیدییە".

ئامێرەکان بە ماوەی شەش مانگ لە ناوەندە مەدەنییەکان، کۆنسێرڤاتوارەکان و ناوەندەکانی میوزیکی هەرێمی باسکی ئیسپانیا کۆکراونەتەوە و بۆ هەرێمی کوردستان گوازراونەتەوە و لەوێشەوە ئاودیوی ڕۆژئاڤای کوردستان کراون.

بەشی زۆری ئامێرەکان پێشکەش بە پەیمانگەیەکی میوزیک لە قامیشلو کراون کە لەلایەن هارود مەدەر جان، کەمانژەنی ئەرمەنییەوە دامەزراوە. هارود لە کاتی هێرشی داعشدا ناچار بووە شاری ڕەققە جێبهێڵێ و لە قامیشلو بگیرسێتەوە.

ڕەققە لەلایەن داعشەوە کرابووە پایتەختی خەلافەت، ئەو کاتەی چەکدارانی گرووپەکە هێرشیان کردە سەر شارەکە، هارود تەمەنی 18 ساڵ بوو.

هارود لەوبارەوە دەڵێ: "ئەوان هاتنە سەر خانووەکەمان و ناچاریان کردین جێیبهێڵین. هەموو شتێک وەستا، بەڵام من وازم لە میوزیک نەهێنا".

پەیمانگەکەی هارود لە گەڕەکی ئەرمەنییەکانی قامیشلووە، بەڵام قوتابییەکانی لە هەموو خەڵکە جیاجیاکانی ناو شارەکەیە، لەوانەش کورد، عەرەب، سریانی، ئەرمەن و مەسیحی و موسوڵمان. فرەڕەنگیی قوتابیانی پەیمانگەکە وایکردووە ناوی "هارمۆنی" لێبنرێ. هارود لەوبارەوە دەڵێ: "ئێمە تێکەڵەیەکین و بەدەر لە جیاوازیی ئایینی و ئەتنیکی و هەموو جۆرەکانی دیکەی جیاوازی، میوزیک بەرهەم دەهێنین".

یەکێک لەو ئامێرانەی بۆ ڕۆژئاڤا نێردراوە کەمانێکی فەرەنسییە کە تەمەنی بۆ سەدەیەک لەمەوبەر دەگەڕێتەوە، ئەو کەمانە لەلایەن فران لاسون، موزیسیەنی فۆلکلۆری باسکی، پێشکەش بە هەڵمەتەکە کراوە.

لاسون زۆر دڵگران بووە بە چیرۆکی مستەفای کەمانژەن کە شەڕ لە کەمانەکەی بێبەشی کردووە، بۆیەش بڕیاریداوە بەو ئامێرە گرانبەهایە بەشداری پڕۆژەکە بێ. لاسون دەڵێ: "غەنی میرزۆی هاوڕێم لە دوایین گەشتیدا چیرۆکی سەرنجڕاکێشی ئەو دوو برایەی بۆ گێڕامەوە کە هەردووکیان نابینان و موزیسیەنن و یەکێکیان کەمانژەنێکی بێ کەمانە".

لە بەشێک لە فیلمەکەدا لاسون، پێش ناردنی کەمانە 100 ساڵییەکە بۆ ڕۆژئاڤا دەستێک بە کەمانەکەدا دەهێنێ و دەڵێ "دڵخۆشم کە ئێستا ئەم کەمانە شوێنی مەبەستی خۆی دۆزییەوە".

میرزۆ خۆی کەمانەکەی گەیاندە ماڵی مستەفا. لە یەکێک لە دوایین دیمەنەکانی فیلمەکەدا، مستەفا سندوقی کەمانەکە دەکاتەوە و بە سەری پەنجەی دەست بەسەر ژێیەکانیدا دەهێنێ، دەنگی کەمانەکە بە ناو حەوشەی ماڵەکەیاندا دەڕوات.

ئاوەدانکردنەوەی شارەکە کاتی زۆری دەوێ، بەڵام میرزۆ گەشبینە بەوەی کولتووری میوزیکی ناوچەکە لە لەناوچوون ڕزگار بکرێ.

غەنی میرزۆ دەڵێ: "کاتێک بەناو وێرانەی شارەکەدا گوێت لە دەنگی میلۆدییەکانیان دەبێ و لیریک و شیعرەکانیان گرمەی جەنگ دادەپۆشێ. ئەوان بە میوزیک ئەو هەرایە ڕادەگرن".





**میوزیکژەنێکی ئیسپانی کەمانێکی تەمەن 100 ساڵە دەداتە نابینایەکی کورد**





## پۆلیسی فەرەنسی خێزانێکی کورد دەستبەسەر دەکات

**ڕووداو- هەولێر**

خێزانێکی کوردی باشووری کوردستان لە پاریسەوە دەچنە کۆمەڵە دوورگەی سان پیەر میکلۆن لە نزیک کەنەدا، بەڵام پۆلیسی فەرەنسی ڕێگەیان لێدەگرێ و چوار ڕۆژ لێپرسینەوەیان لێدەکات. پۆلیس بە کەناڵی (سی بی ئێس) ڕاگەیاندووە ئەو خێزانە بەنیازی چوونە کەنەدا بوون، بەڵام کەماڵ ڕەحمان، سەرۆکی خێزانەکە، جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئەوان بە مۆڵەتی گەشتی حکومەتی فەرەنسا لەگەڵ هاوژین و دوو کچەکەیدا هاتوونەتە شوێنەکە. کەماڵ لە ساڵی 2015 هەرێمی کوردستانی بەرەو فەرەنسا جێهێشتووە و ئێستا دانیشتووی نانتە. خێزانی کەماڵ بەناچاری گەڕاونەتەوە نانت.

### لە هەموو جیهانەوە قوتابی وەردەگرێت

BIG STORY

# کوردێک لە سوێد فڕۆکە و ئەکادیمیای فڕۆکەوانیی هەیە

لە ئاسمانی شاری ڤێستروس، ئالان بابان لە فڕۆکەیەکی خۆیدا کە قوتابییەکی لێیدەخوڕێ و ئەو فێری دەکات، قسەم بۆ دەکات. ئەو باسی خەونی کردنەوەی ئەکادیمیایەک بۆ فڕین لە کوردستان دەکات. دەشڵێت باندەکان یان جادەکانی هەستان و نیشتنەوەی فڕۆکە لە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی هەولێر یەکێک لە گەورەترین باندەکانی جیهانن. ئەو گەنجە کوردە لە سوێد ئەکادیمیایەکی گەورەی لە شوێنی فڕۆکەخانەیەک کردووەتەوە کە جاران فڕۆکەخانەی سەربازی بووە و ئێستا لە سەرتاسەری جیهانەوە قوتابی دێن و لەسەر دەستی ئەو و هاوکارەکانی فێری فڕۆکەوانی دەبن.

هێمن عەبدوڵڵا
ڕووداو - سوێد



ئالان خەون بەوە دەبینێ ئەکادیمیایەکی فڕۆکەوانی لە کوردستان بکاتەوە (فۆتۆ: ڕووداو)

تەمەنی زۆر بچووک بووە کە کوردستانی بەجێهێشتووە و هاتووەتە سوێد، بەڵام بەلایەوە گرنگ بووە هەمیشە قسەکردن بە کوردیی لەبیرنەبێت. ئەو کوڕی ماڵباتێکە کە نەوەی بابانەکانی سلێمانین و زۆر شانازی بە مێژوو و ڕابردووی خۆیانەوە دەکەن. شەوقی بابانی باوکی دەڵێت مام و پوورەکانی کاپتن ئالان لە بەغدا گەورە بوون، بەڵام نەنکی هەمیشە بەبیری هێناونەتەوە کە نابێ کاتێک دەگەڕێنەوە ماڵەوە، جگە لە کوردی بە هیچ زمانێکی دیکە قسە بکەن. ئالان برازای شەکیب بابانە کە لە ساڵانی هەشتای سەدەی ڕابردوودا پاڵەوانی بۆکسێن بووە لە عێراق و بە زۆر وڵاتدا گەڕاوە، بەڵام دواتر حکومەتی عێراق کوشتوویانە. ئەو خۆیشی پاڵەوانی تای بۆکسینگ بووە لە سوێد، بەڵام هەمیشە قوربانێکی لەلایە کە هی مامی بووە و لەکاتی بەشداری لە پاڵەوانێتییەکاندا پێی بووە و خوێندوویەتی. کاتێک باسی مامیم بۆ دەکات، چاوەکانی ئالان پڕدەبن لە فرمێسک.

### خەون ببینە

باوکی ئالان ڕۆڵی گەورەی لە سەرکەوتنەکانی ئەو کاپتنە فڕۆکەوانە کوردەدا بینیوە. ئالان دەڵێت بە منداڵی پۆستەرێکی لە ژوورەکەی هەڵواسیوە و تێیدا نووسراوە (خەون ببینە). بەپێکەنینەوە دەیگێڕێتەوە کە ڕۆژێک باوکی هاتووە و پێیگوتووە: "کوڕم، ئەگەر دەتەوێ خەونەکەت وەدیبێت، دەبێ هەستیت لە خەو!". ئەم قسەیە کاریگەریی گەورەی لەسەر ئایندەی ئالان داناوە و خەونەکەی وەدیهێناوە کە بریتی بووە لە خەونی فڕین. باوکی دەڵێت ئالان بە منداڵی هەمیشە سەیری ئاسمانی دەکرد و زۆریش حەزی لە کۆکردنەوەی زانیاری بوو لەسەر فڕۆکە. بەجۆرێک کە لە تەمەنێکی زۆر کەمەوە جۆری فڕۆکەکان و ژمارەی ماتۆڕەکانیانی دەناسی و دەزانی.

### پێیناکرێ

باوکی ئالان دەڵێت کاتێک لەنێو دۆستە کوردەکانی سوێددا باسی ئەوەی کردووە کە کوڕەکەی حەزی لە فڕۆکەوانییە، زۆربەیان پێیانگوتووە: "ئەوەی لێرە بۆ ناکرێ و باشترە فێری کاسبییەکی بکەی. بۆ نموونە دووکانێکی بۆ دابنێ". بەڵام باوکی گوێ ناداتە ئەو قسانە و پشتیوانیی کوڕەکەی دەکات و دەبیات بۆ شوێنی مەشقکردن بۆ فڕۆکەوانی. ئەو دەڵێت: "خەونی خۆشم ئەوە بوو کە ڕۆژێک لە ڕۆژان ببمە فڕۆکەوان، بەڵام لەبەرئەوەی کورد بووم، لە عێراق نەیانهێشت ئەو خەونەم بێتەدی، بۆیە زۆر حەزمدەکرد کوڕەکەم ئەوە بکات کە حەزی لێیە و دەمزانی سەرکەوتوو دەبێت".

### شێرکۆی مامۆستا

مامێکی ئالان بەناوی شێرکۆ بابان ساڵانێکی زۆرە لە بواری فڕۆکەوانیدا کار دەکات، بەڵام فڕۆکەوان نییە و شێفی کابینە، واتە بەرپرسی خزمەتگوزارانی نێو فڕۆکەیە. ئەو شارەزایی زۆری هەیە و زۆر وڵاتی جیهان گەڕاوە و یاریزانی بۆکسێنیشە. لەگەڵ هەردووکیان دەچمە سەنتەرێکی مەشقی بۆکسێن. شێرکۆ بۆم دەگێڕێتەوە کە چۆن کاتێک ئالان منداڵ بووە، لەگەڵ خۆی هێناویەتی بۆ مەشق. بەپێکەنینەوە دەڵێت: "ئەوکات دەستکێشەکانی مەشق هێندەی خۆی دەبوون". هەمان ئەو ئالانە ساڵانی دوایی دەبێتە پاڵەوانی تای بۆکسینگ لە سوێد.

### کەرکووک و زاخۆ لە ئاسمانەوە

لەکاتی مەشقەکاندا لە ئەکادیمیاکەی، کاپتن ئالان دوو گەنجی کوردم پێدەناسێنێ. یەکێکیان خەڵکی کەرکووکە و یەکێکیشیان خەڵکی زاخۆیە. ئەوان بە ئینگلیزی و سوێدی و جارجارەش بە کوردی پێکەوە قسەدەکەن و لەنێو فڕۆکەیەکی مەشقدا مەشق دەکەن. هەردووکیان ڕەتیدەکەنەوە تەنیا لەبەر کوردبوون هاتبنە ئەکادیمیاکەی کاپتن ئالان، بەڵکو وەک خۆیان دەڵێن لەبەر کواڵیتی و نێوبانگی ئەکادیمیاکە هاتوون. قوتابییەکی خەڵکی ئایسلەنداش هەمان قسەم بۆ دەکات و دەڵێت: "پرۆفێشناڵی و جدیبوونی ئالان وایکرد کە بێمە ئێرە".

### خەریکی گیرفان بە

ساڵانی ڕابردوو ئالانی فڕۆکەوان لەگەڵ باوکی بە عەشقێکی زۆرەوە دەچێتەوە کوردستان. ئەو دەیەوێ ئەوەی فێری بووە بباتەوە وڵاتی خۆی و ئەکادیمیایەک بکاتەوە. باوکی دەڵێت: "ئەوەی لەوێ بینیمان و پێمانگوترا، ئالانی زۆر نیگەران کرد". وەک ئەو باسی دەکات، لە کوردستان پێیانگوتووە: "چ کارێکت بەو شتانە داوە، خەریکی گیرفانی خۆت بە!". ئالان دەڵێ لە قسەی ئەو خەڵکە تێدەگات کە ئەوکات ئەو قسەیەیان کردووە و نائومێد نەبووە و خەونەکەی لە کوردستان هەر وەدیدەهێنێ: "ئەوکات پارە زۆر بوو، خەڵک لە قسەکانم تێنەدەگەیشتن، ئێستا کە پارە کەم بووە و ئەو ساڵانە تێپەڕیون، هەستدەکەم ئەمجارە تێدەگەن و پلانەکەمان دەکەینە ڕاستی".

*** زانیاریی زۆرتر لەسەر ژیانی ئالان بابان چوارشەممە، کاژێر 22:00 لە بەرنامەی بیگ ستۆریی تەلەفیزیۆنی ڕووداودا ببینە.**

### چەند مانگێک لەمەوبەر برایەکی دیکەی کوژراوە

# ڕاپەرێکی کورد لە سوێد دەکوژرێ

**ڕووداو — ستۆکهۆڵم**

کاژێر 22:45 ی شەوی یەکشەممەی ڕابردوو لە ناوچەی (بلاک بێرگ)ی باکووری ڕۆژئاوای ستۆکهۆڵمی پایتەختی سوێد، گەنجێک بەناوی ڕۆژ شەماڵ، تەمەن 23 ساڵان، لەبەردەم دەرگای ماڵەکەی لەلایەن چەکدارێکەوە تەقەی لێکرا و کوژرا.

بەپێی گوتەی شایەتحاڵێک کە بەشێکی ڕووداوەکەی بە چاوی خۆی بینیوە، پێدەچێ ڕۆژ ویستبێتی پیاسە بە سەگەکەی بکات، لەگەڵ هاتنە دەرەوەی لە دەرگای شوقەکەیان، تەقەی لێکراوە. لەگەڵ دەنگی تەقەی یەکەم و دووەم، گەنجە کوژراوەکە سێ جار هاواری کردووە (نا نا نا)، لەگەڵ تەقەی سێیەم دەنگی نەماوە، گوللە بەر سەگەکەشی کەوتووە.

ڕۆژ شەماڵ لە بنەماڵەیەکی کوردی دێرینی سوێدن و خەڵکی شاری سلێمانین. ئەو خێزانە کوردە لە نەوەتەکانی سەدەی ڕابردوو ڕوویان لەو وڵاتە کردووە. ڕۆژ لە 5ی سێپتەمبەری 1995 لە سوێد لەدایک بووە.

ڕۆژ شەماڵ هونەرمەند بووە و گۆرانی (ڕاپ)ی گوتووە، بەپێی گوتەی ئەندامانی خێزانەکەی، هیچ پەیوەندییەکی بە کاری توندوتیژییەوە نەبووە، بەڵام سەرچاوەیەک بە (ڕووداو)ی گوت: "ئەویش تێوەگلابوو". لە سوێد تێوەگلان ئاماژەیە بۆ کاری توندوتیژی و کارکردن لەگەڵ یان لە دژی باندەکان. دواتر لەلایەن باندەکانەوە دەبنە ئامانجی تۆڵەکردنەوە.

"وەک زۆری گەنجە کوژراوەکانی دیکە، بەشێوەی ناڕاستەوخۆ لەکاری ئەو گرووپانەوە تێوەگلاوە و لە تۆڵەدا کوژراوە". ئەمە گوتەی کەسێکی نزیکی ئەو بنەماڵەیە بوو کە نەیویست ناوی بڵاو بکرێتەوە. بەڵام ڕەتیکردەوە کە ڕۆژ دەستی لەکاری کوشتن و هەڕەشەدا هەبووبێت، وەک لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و لە نێو بەشێک لە کوردی دانیشتووی ئەو شارە باس دەکرێت.

چەند مانگێک لەمەوبەر برایەکی ڕۆژ بەهەمانشێوە لەلایەن باندێکەوە لە ستۆکهۆڵم کوژرا. ئەوکاتیش هەڕەشەی ئەوەیان کردبوو کە هاوڕێ و کەسە نزیکەکانی دەکوژن.



ڕۆژ لە کلیپێکیدا هەڕەشەی تۆڵەسەندنەوەی براکەی کردبوو

**لە ماوەی دوو ساڵدا 15 گەنجی کورد لە سوید کوژراون**

چیا حاجی کە پێشتر وەک کەسێکی نزیکی بنەماڵەی ڕۆژ و لەکاتی پرسەی براکەی ڕۆژدا بۆ (ڕووداو) دوا، ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە ئەم کوڕانە تێوەگلابوون و دەرچوون لە کاری ئەو گرووپانەش کارێکی ئەستەمە.

لەبارەی کوژرانی ڕۆژیش، چیا دەڵێت: "بەداخەوە گەنجێکی لەسەرخۆ و هێمن بوو، لەگەڵ ئەوەی گومانی ئەوەم هەیە کە تێوەگلابێت لەو کارانە، بەڵام کەسێک بوو هەرگیز خەیاڵی بۆ شتی لەو شێوەیە نەدەچوو".

گوتیشی: "هیوادارم وا نەبێت و بەڕاستی ئەو قسانە ئێمە و خانەوادەکەشی ئازار دەدات".

قسەیەک لە نێو کوردی سوێد هەیە کە هەڕەشەی کردووە و دەستی لە کوشتنیشدا هەبووە. چیا ڕەتیکردەوە، بەڵام گوتی: "ڕەنگە بەشێوەیەک هەستی بۆ کوژرانی براکەی دەربڕیبێت، بەداخەوە ئەمە هەڕەشەیەکی جدییە لە ژیانی هەموومان".

ڕۆژ پێشتر و بە ماوەیەکی کەم بەر لە کوژرانی، کلیپێکی بە زمانی کوردی و زمانەکانی دیکە بڵاوکردبووەوە. لە کلیپەکەدا باس لە تۆڵە دەکات و دەڵێت: "نایەڵین خوێنت بەفیڕۆ بڕوات". مەبەستی لە خوێنی براکەی بووە.

لە کلیپەکەدا دیمەنی ترسێنەر و هەڕەشە و ئاماژەی کوشتن هەیە. ڕوخساری ئەو گەنجانە هەیە کە لە سوێد وەک (مافیا) ناویان دەرکردووە. کەسوکارەکەی گومان دەکەن بەهۆی ئەو کلیپەوە کوژرابێ.

ڕۆژ و براکەی دەبنە سێیەم کەسی ئەو بنەماڵەیە کە لەلایەن ئەو گرووپانەوە دەکوژرێن، ئەوان پێشتریش کەسێکی دیکەیان لێ کوژراوە. پۆلیس بڵاوی کردەوە کە دوو ڕۆژ دوای ڕووداوەکە گومانلێکراوی سەرەکی دەستگیرکراوە. گومانبارەکە گەنجێکی سوێدیی تەمەن 25 ساڵە، بەڵام هێشتا پرسەکە لە دادگا یەکلایی نەکراوەتەوە. هیچ سەرچاوەیەکی پۆلیسیش ئاماژەی بۆ هۆکاری کوشتنی ڕۆژی تەمەن 23 ساڵان نەکردووە.

لە پەراوێزی ئەم ڕووداوانەشدا، پۆلیسی سوێد دەستگیرکردنی دوو گەنجی مەترسیداری بەناوەکانی (حەمۆ بوداغی) و (ئابی السعدی) بڵاوکردەوە کە بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو) یەکەمیان بە 18 ساڵ بەندکردن سزا دراوە، ئەمە ئەو کەسەیە کە دەستی لە تاوانی کوشتنی شایان جافی 22 ساڵدا هەبووە. شایان کوردێکی دانیشتووی ستۆکهۆڵم بوو، کۆتایی ساڵی ڕابردوو بە هەڵە لە باشووری ڕۆژئاوای ستۆکهۆڵم تەقەی لێکرا و کوژرا.

حەمۆ و ئابی، وەک دوو کەسی مەترسیدار ناویان هێنراوە و دەستیان لە کوشتن و هەڕەشە و ڕفاندندا هەبووە و چەندین تۆمەتیان لەسەر ساخ بووەتەوە. هەردووکیشیان بە ڕەچەڵەک بیانین، بەڵام پۆلیس و مێدیاکان ڕەچەڵەکی نەتەوەییان ڕانەگەیاندووە. پێشتر لەکاتی کوشتنی شایان کە ئێستا لەسەر بوداغی ساغ بووەتەوە، باس لە تۆڵە کرا، گوایە لەلایەن ئەو گرووپەی بوداغی، لە تۆڵەی گەنجێکی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوژراوە کە لەلایەن کوردێکەوە کوژراوە و بە شێوە لە شایان چووە.

کوشتنی ڕۆژ شەماڵ هاوکات بوو لەگەڵ کوشتنی گەنجێکی دیکە لە ناوچەی سۆلەنتوونای ستۆکهۆڵم. بەم پێیە ڕووداوەکانی کوشتن لە ماوەی شەش مانگی ڕابردوودا بۆ 11 و کوژرانی گەنجانی کورد لە ستۆکهۆڵم لە ماوەی دوو ساڵدا بۆ 15 بەرز دەبێتەوە.

یەکەمجارە لەو گەڕەکەی ڕۆژی تێدا دەژیا، ڕووداوێکی وا ڕوودەدات. ڕووداوەکەش ترس و دڵەڕاوکێی لای دانیشتووانی ئەو ناوچەیە دروست کردووە.

هەرێز مەجید، دانیشتووی ئەو گەڕەکەیە کە ڕۆژی تێدا کوژرا، دەڵێت: "ئەوە چەند ڕۆژە نازانین چۆن دێین و دەچین، نە ژیانمان ماوە نە خواردن، نە نووستن، هەموو خەیاڵمان لای ئەوەیە ئەم گەڕەکە و بگرە ئەم شارەش بەجێبهێڵین".

بەڵام پۆلیسی سوێد دڵنیایی دەدات و دەستگیرکردنی هەردوو گەنجە بکوژەکان بە پێشڤەچوونی کارەکانی پۆلیس بۆ کۆتاییهێنان بە کاری ئەو گرووپانە دەزانێت.

سەرچاوەیەک لە پۆلیسی سوێد وێڕای پشتڕاستکردنەوەی هەواڵی دەستگیرکردنی بکوژی شایان، بە (ڕووداو)ی گوت کە زۆر کەسی دیکەیان دەستگیر کردووە و دەستیان بە پلانێکی بەرفراوانی ئەمنی کردووە بۆ کۆتاییهێنان بە کاری ئەو گرووپانە.



رووداو

## ژنێک لەلایەن هاوسەرەکەیەوە بە چەقۆ کوژرا



**رووداو – هەولێر**

بەهۆی کێشەیەکی کۆمەڵایەتییەوە ژنێکی دانیشتووی بۆکانی رۆژهەڵاتی کوردستان لەلایەن هاوژینەکەیەوە بە چەقۆ کوژرا. رێکخراوی هەنگاو بۆ مافی مرۆڤی رایگەیاند: "رۆژی 2019/7/6 ژنێکی 50 ساڵ بەناوی مریەم خدریان بەدەستی کەریم عەبدە زادەی هاوژینی کە تەمەنی 55 ساڵە بە چەقۆ کوژرا و تاوانبارەکەش خۆی رادەستی هێزە ئەمنییەکان کردووە". بەپێی راگەیەندراوەکە هۆکاری رووداوەکە ئەوە بووە کە مریەم ئامادە نەبووە ئەو خانووەی تێیدا نیشتەجێبوون و تاپۆکەی بەناویەتی لەلایەن هاوژینەکەیەوە بفرۆشێت بۆ ئەوەی قەرزەکانی پێ بداتەوە.

# لە هەڵاتن لەدەستی داعشەوە بۆ تەڵەی قاچاخچییەکانی سێکس لە بەغدا

**رووداو– هەولێر**

دەستی نادیە لە کاتی تەوقەکردندا بەهێزە، بەڵام سڵاوەکە لەناو گەروویدا دەلەرزێ. نەهامەتیی نادیە لە 2014 لە کاتی هێرشی داعش بۆ سەر شنگال دەستیپێکرد، راکردن لەدەست ئەو گروپە هیوای ئازادیی بۆ گەڕاندەوە، بەڵام وەک خۆی بۆ کەناڵی (سی ئێن ئێن)ی ئەمریکی باسی دەکات، هەڵگەڕانەوەی بەخت لە عێراقی پاش داعشدا ئەوی تووشی باندی قاچاخی سێکس کرد.

### لە جێی باوەڕەوە بۆ هەڕەشەکار

دوای راکردن لەدەستی داعش، نادیە و خێزانەکەی روویان لە کەمپێکی ئاوارەکان لە هەرێمی کوردستان کرد، بەڵام لەو ماوەیەدا پارەی بۆ کابرایەک دەنارد کە پێیوابوو "هاوڕێیەکی جێی باوەڕ"ە و لە کاتی راکردن لەدەستی داعش ناسیبووی و بە ئافرەتە ئێزدییەکەی گوتبوو کار بۆ رێکخراوێکی هاریکاریی مرۆیی دەکات بۆ ئێزدییەکان.

بەڵام هێندەی نەبرد هەڕەشەی تەلەفۆنی دەستیپێکرد. نادیە لەوبارەوە بە کەناڵە ئەمریکییەکە دەڵێ: "تەلەفۆنی هەڕەشەم بۆ دەکات، من لە خۆم نەدەترسام، بەڵکو نیگەرانی خوشکە بچووکەکەم بووم، چونکە ئەوان دەیانگوت ئەگەر نەیەیت، ئێمە دەزانین خوشکەکەت بە کوێدا دەچێتە قوتابخانە". نادیە نەیدەزانی کێیە هەڕەشەی لێدەکات.

لە چەند ساڵی رابردوودا سەدان ئێزدی لە رێگەی رێکخراوە ناحکومییەکانەوە رەوانەی دەرەوەی عێراق کراون. نادیە پاش ماوەیەک مانەوە لە کەمپەکە، نامەی رێکخراوێکی ناحکومی بەدەست گەیشت کە پشتگیری لە کەیسی پەناخوازییەکەی لە ئەمریکا دەکرد. نادیە یەکسەر پەیوەندی بە "هاوڕێ"کەیەوە کرد تاوەکو بیبات بۆ باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە بەغدا. پیاوەکە بە نادیەی گوتبوو: "خوشکم، من دەتبەم، پیاوێکیش دەناسم لە پەرلەمانی عێراق، دەتبەم بۆ لای ئەو".

نادیە کە بە ناوی خوازراو قسەی بۆ (سی ئێن ئێن) کردووە، لە رێگا هەستی بەوە کردبوو شتێک تەواو نییە، چونکە "ئەو وازی لە قسەکردن بە تەلەفۆن هێنا و دەستی بە نامەگۆڕینەوە کرد". لەو کاتەدا نادیە گوتبووی: "بمبەوە، دەمەوێ بگەڕێمەوە"، ئەویش لە وەڵامدا گوتبووی: "نا، هیچ نییە، ئەوە کۆمەڵێک کچی دیکەی ئێزدین کە لە فەللوجە رزگارم کردوون و ئێستا لە بەغدا چاوەڕێی ئێمەن". یارمەتیدانی کچە ئێزدییەکان خاڵی لاوازی نادیە بووە و هەر بەوەش قەناعەتی پێهێناوە واز لە گەڕانەوە بهێنێ".

بەگوێرەی راپۆرتەکە، ئەوان لە بەغدا چووبوونە گەڕەکێک کە بە باندی مادەی هۆشبەر بەناوبانگە، لەوێش ئەوەی بە خەیاڵی ئافرەتە ئێزدییەکەدا نەدەهات روویدا. لەوێ لە خانوویەکی لەتک و لەوار لێبڕاودا، پیاوێکی پیر کە گوایە ئەندام پەرلەمان بووە، پێشوازی لێکردبوون و بە نادیەی گوتبوو: "تۆ ئێستا هی منیت، ئێستا هی منیت". پیاوەکە سەرۆکی باندێکی قاچاخی سێکس بوو.

### دەستدرێژیی بە کۆمەڵ

نادیە تووشی شۆک ببوو، ئەو پیاوەی بە درێژایی ئەو هەموو ماوەیە هەموو متمانەیەکی پێکردبوو، ئەوی فرۆشتبوو. ئافرەتەکە دەڵێ: "دەستم بە شەڕ کرد لەگەڵیان، لێمدەدان، بەڵام هەردووکیان زۆر توند کەوتنە گیانم". پاش ماوەیەک دوو پیاوەکە بە دەرزییەک بێهۆشیان کردبوو، دونیا لەبەرچاوی رەش داگەڕا.

کاتێک بەهۆش خۆی هاتەوە، خۆی بە رووتی بینییەوە لەناو بوتڵی بەتاڵ و قاپی پیسدا کەوتووە، بەهۆی دەستدرێژیی بە کۆمەڵەوە ئازاری هەبوو. بەپێی ژمارەی قاپەکان بێ، دەبێ 10 پیاو بووبن. ئازارێک ناوەوەی ئافرەتە ئێزدییەکەی دەخوارد: "ژیانم لەدەستدا، وێران بووم. بە درێژایی سێ مانگ هەموو رۆژێک بەو جۆرە ئەشکەنجەیان دام".

> **ئاوارەکان بەناوی یارمەتیدانەوە لە کەمپەکان دەردەهێنرێن، دواتر لە مەلهاکانی بەغدا خۆیان دەبیننەوە**
>
> رێکخراوێکی مرۆیی

نادیە وەک چۆن سەردەمانێک هەوڵی راکردن لە دەستی داعشی دابوو، ئاوەها هەوڵی راکردن لە دەست ئەو باندەشی دا، بەڵام هەموو جارێک دەیانگرت و لێیان دەدا. بەپێی راپۆرتەکە، جارێکیان ئەوەندە بە سەختی لێیانداوە کە تووشی خوێنبەربوونی ناوەکی بووە و ناچار رەوانەی نەخۆشخانە کراوە.

سەرۆکی باندەکە لە نەخۆشخانە لە ژوور سەری دادەنیشت و بە "کچی خۆم" بانگی دەکرد. سەرۆک باندەکە بە پزیشکەکانی گوتبوو نادیە نەخۆشیی دەروونی هەیە و لە پلیکانە کەوتووەتە خوارەوە.

کاتێک نادیە لە نەخۆشخانەکە دەرچوو، ئەوجار زانی لە چ زەلکاوێکدا گیری خواردووە. لەدوای دەرچوون ئافرەتێک بەسەرییەوە بووە کە ئەویش قوربانییەکی دیکەی دەستی ئەو باندە بووە. نادیە لە ئافرەکە پاڕابووەوە رێگەی بدات رابکات، ئافرەتەکە پێکەنیبوو.

بەپێی گێڕانەوەی نادیە، ئافرەتەکە کراسەکەی هەڵکردبوو و شوێنی برینێکی لەسەر سکی پیشاندابوو "ئەوان ئاوایان بە من کردووە. من دوو منداڵم هەیە و ئەوانە فرۆشتوویانن. ناچارت دەکەن لەگەڵیان بمێنیتەوە. تۆش لەوە رادێیت، لە هەموو ئەو شتانەی بەسەرت دێ رادێیت". باندەکە یەکێک لە گورچیلەکانی ئافرەتەکەیان دەرکردبوو.

پاش چەندین مانگ دەستدرێژی و سووکایەتی، نادیە دەستی لە رزگاربوون شۆردبوو. بەڵام رێک لەو کاتەدا کۆمەڵێک پیاو کە خۆیشی نازانێ کێ بوون، رزگاریان کرد و بردیانە هۆتێلێک کە خاوەنەکەی ئێزدییەک بوو، لەوێشەوە جارێکی دیکە لەگەڵ خێزانەکەیدا یەکیانگرتەوە.

ئێستا نادیە دەیەوێ هەقی خۆی وەربگرێتەوە و دەڵێ: "لەدژی ئەمە شەڕ دەکەم، دەمەوێ هەتا دوایین هەناسەم ببمە دەنگی هەمووان، بۆ ئەوەی ئەمە بەسەر هیچ کەسێکی دیکە نەیەتەوە".

### سەیری هەر کوێ بکەی قوربانییەک دەبینی

لە عێراق ژمارەی ئەو رێکخراو و گروپانەی بەرەنگاری قاچاخی سێکسی دەبنەوە زۆر کەمن، هەر ئەوەش وایکردووە داتایەکی کەم سەبارەت بە قەبارەی ئەو دیاردەیە لەبەردەست بێ. بەڵام (سی ئێن ئێن) لەسەر زاری شایەتحاڵ و کەسانی ئاگادار ئاشکرای دەکات کە دیاردەی قاچاخی مرۆڤ لە کەمپەکانی عێراق و شارەکانی وەک بەغدا زیادی کردووە.

دامەزراوەی سید (SEED) یەکێکە لەو دەزگایانەی لە هەرێمی کوردستان هەوڵی بەرەنگاربوونەوەی هەموو فۆرمەکانی قاچاخی مرۆڤ دەدات. بەپێی راپۆرتی ئەو دەزگایە و وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا، ئافرەتە ئاوارەکان لە کەمپەکان دەردەهێنرێن و بەڵێنی ئەوەیان پێدەدرێ کە شوێنی حەوانەیان بۆ دابین دەکرێ، بەڵام ئەو ئافرەتانە دواجار خۆیان لە هۆتێل و مەلهاکانی بەغدا و بەسرە و شارەکانی دیکەی باشووری عێراقدا دەبیننەوە.

دکتۆر عەلی ئەکرەم ئەلبەیاتی، ئەندامی کۆمیسیۆنی باڵای مافەکانی مرۆڤ لە عێراق کە هەوڵی بەرەنگاربوونەوەی قاچاخی مرۆڤ دەدات، کۆمیسیۆنەکە لەلایەن حکومەتەوە دامەزراوە و پاڵپشتی دارایی پێدەدرێ، بەڵام وەک ئەلبەیاتی بە کەناڵە ئەمریکییەکە دەڵێ، سەرچاوە و دەسەڵاتی پێویستیان نییە بۆ ئەوەی هەوڵەکانیان کاریگەر بێ.

کاری سەرەکی کۆمیسیۆنەکە کۆکردنەوەی زانیاری، لێکۆڵینەوە لە کەیسەکان و جووڵاندنیانە لە دادگا. ئەلبەیاتی لەبارەی دۆخەکەوە دەڵێ: "سەیری هەر شوێنێک بکەیت کۆمەڵێک قوربانی لێیە".

کەیسی نادیە یەکێکە لەو ژمارە زۆرەی کەیسەکانی رفاندن و دەستدرێژی کە کۆمیسیۆنی باڵای مافەکانی مرۆڤ لە عێراق کاریان لەسەر دەکات. بەڵام وەک بۆ (سی ئێن ئێن)ی باسدەکات، دەزگای دادوەریی عێراق رێگرە لە سەرکەوتنی کەیسەکەی نادیە، چونکە کەیسەکەی لە هەرێمی کوردستان و بەغدا بەردی لەسەر دانراوە.

لەسەر کاغەز حکومەتی عێراق هەوڵەکانی دەستپێکردووە بۆ لێپرسینەوە و حوکمدانی قاچاخچییەکان، بەڵام وەک ئەلبەیاتی دەڵێ، هەتا ئێستاش نەیانتوانیوە چارەسەرێک بۆ کرۆکی بەربڵاوی کێشەکە بدۆزنەوە. وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لە راپۆرتی ئەمساڵی خۆیدا سەبارەت بە قاچاخی مرۆڤ ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە "حکومەتی عێراق نەیتوانیوە لە ئاست نزمترین پێوەرەکانی بنبڕکردنی قاچاخی مرۆڤدا بێ، بەڵام هەوڵێکی زۆر دەدات وابکات".

راپۆرتەکەی وەزارەتی دەرەوە جەخت لەوەش دەکاتەوە کە حکومەتی عێراق: "هەوڵەکانی بۆ جێبەجێکردنی یاسا زیاد کردووە، بەڵام نەیتوانیوە بەرپرسیارێتی تاوانەکان بخاتە ئەستۆی ئەو بەرپرسانەی دەستیان لە قاچاخی مرۆڤدا هەبووە، لەوانەش بە چەکدارکردنی منداڵان و قاچاخی سێکس".

ئەلبەیاتی ئەنجامگیرییەکانی راپۆرتەکەی وەزارەتی دەرەوەی پشتڕاستکردەوە و بە کەناڵە ئەمریکییەکەی راگەیاند: "ئەگەر باسی قاچاخی مرۆڤ دەکەی، ئەوە بێگومان لە کاتی لێکۆڵینەوەدا دەبینی کە هەندێک لە بەرپرسان تێوەگلاون. بەرپرسەکان باڵا بن یان باڵا نەبن، بێگومان لە قازانجیان نییە هەموو ئەو راستییانە ئاشکرا بکرێن".

بە گوتەی ئەلبەیاتی، ناوهێنانی بەرپرسەکان هیچ سوودێکی نییە، لەبەر ئەوەی ئەو بەرپرسانە زۆر بەدەسەڵاتن و کۆمیسیۆنەکەی ئەوانیش زۆر لاوازە.

حکومەتی عێراق تەنیا لە دەستنیشانکردنی تاوانباران و دادگاییکردنیاندا لاواز نییە، بەڵکو پرۆسەکانی چارەسەری قوربانیانی قاچاخی سێکسیش کەموکوڕیی زۆریان تێدایە. بەگوێرەی زانیارییەکانی ئەلبەیاتی، لە ساڵی 2018 نزیکەی 150 کەیسی قاچاخی سێکس لە هەموو عێراق هەبووە، لە کاتێکدا تەنیا چوار بۆ پێنج ئافرەت رەوانەی شێڵتەرەکانی حکومەت کراون، ساڵی رابردوو 426 کەس بە تۆمەتی بەشداری لە تاوانەکانی قاچاخی مرۆڤ دەستگیرکراون، بەڵام تەنیا 53 کەسیان رەوانەی گرتووخانە کراون.

راپۆرتەکەی (سی ئێن ئێن) جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئەو ژمارانە گوزارشت لە قەبارەی قاچاخی مرۆڤ لە عێراق ناکەن، چونکە ترسی تۆڵە و نەبوونی متمانە بە حکومەت و دەزگای دادوەریی عێراق وایکردووە ژمارەیەکی زۆر لە قوربانیان و یارمەتیدەرانیان بێدەنگی هەڵبژێرن.

### تاوان بە رۆژی رووناک

کەناڵە ئەمریکییەکە سەردانی یەکێک لە رێکخراوە ناحکومییەکانی بەرەنگاربوونەوەی قاچاخی مرۆڤ دەکات کە باڵەخانەکەی هیچ تابلۆیەکی پێوە نییە. کارمەندانی رێکخراوەکە دەترسن لەوەی شوێنەکەیان بکرێتە ئامانجی باندەکان و گروپە میلیشیاکان کە لەژێر دۆخی بە رواڵەت ئارامی بەغدادا جموجۆڵ دەکەن.

لە یەکێک لە ژوورەکانی ئەو باڵەخانەیەدا ئەحلام لەسەر کورسییەکی پلاستیکی دانیشتووە، لە ژێر عەبایەکی رەشدا کە هەموو گیانی داپۆشیوە دەلەرزێ، کاتێک باسی چۆنێتی کەوتنە داوی تۆڕی قاچاخچییەکانی بەغدا دەکات.

ئەحلام کە ناوەکەی خوازراوە، بە ئامادەکارانی راپۆرتەکە دەڵێ: "هەموو شتەکان لە برا گەورەکەمەوە دەستیپێکرد". براکەی لە ساڵی 2014 لە پارێزگای دیالە پەیوەندی بە داعشەوە کردبوو، هەر زووش پلەی ئەمیری وەرگرتبوو، ماوەیەک دواتریش ئەحلامی لە چەکدارێکی داعش مارە کردبوو. چەند مانگێک دواتر هاوژینەکەی دەستگیر کرا و ئەویش گەڕایەوە لای براکەی.

بەڵام ژیانی ناو داعش براکەی تەواو توندڕەو کردبوو، بۆیەش لەو و لە خوشکەکانی دیکەی دەدا و تەنانەت بێ خواردن لە ژوورێکی دەکردن. دواجار یەکێک لە خزمەکانی یارمەتی دابوو بەرەو بەغدا رابکات، بێ ئەوەی بزانێ چی لە بەغدا چاوەڕێی دەکات.

ئەحلام لەوبارەوە بە (سی ئێن ئێن) دەڵێ: "لەسەر شەقامەکان دەسووڕامەوە، بێ ئەوەی بزانم دەبێ چی بکەم. بەغدا شارێکی گەورە و قەرەباڵخە. تەکسییەکم گرت، شوفێرەکە پرسی بۆ کوێ دەچم، گوتم نازانم".

ترساو لە هەرا و زەنا و کەس بە کەسی بەغدا، ئەحلام سفرەی دڵی بۆ شوفێرەکە کردەوە، شوفێرەکە خۆی وەک هاوسۆز پیشاندابوو، پێشنیاری یارمەتی کردبوو. ئەحلام ئەوەشی بیرماوە کە لەو کاتەدا بیری لە چی دەکردەوە: "لە دڵی خۆمدا گوتم فریادڕەسێکم گەیشتێ، ئەوە نەمردم و کەسێکی چاکم لەو دونیایەدا بینی. ئەو گوتی لای خزمێکیان شتێکم بۆ دەدۆزێتەوە. پرسیم لە کوێ؟ گوتی دواتر خۆت دەزانی".

> **حکومەتی عێراق نەیتوانیوە لە ئاست نزمترین پێوەرەکانی بنبڕکردنی بازرگانی بە مرۆڤ بێ**
>
> راپۆرتێکی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا

"لای خزمێک" هیچ نەبوو جگە لە گازینۆیەک کە لێیەوە ئەحلام بە مەلهایەک فرۆشرا. وەک ئەحلام بە کەناڵە ئەمریکییەکە دەڵێ "ئەو ئافرەتێکی هێنا لام کە دواتر منی بردە خانوویەک، ئەوجار تێگەیشتم کچەکانی ئەو شوێنە هەموویان لەشفرۆشن".

ئەحلام لەبەر ژنەکە پاڕابووەوە کە رێگەی بدات لەو خانووە دەربچێ، بەڵام ژنەکە لێیدابوو، تەلەفۆنەکەی شکاندبوو، دواتریش لەشفرۆشی پێکردبوو. دوای چەند مانگێک ئەحلام توانی لەو شوێنە رابکات.

ئافرەتەکە چیدی گریانی خۆی پێناگیرێ و دەڵێ: "منی ناچار دەکرد لەشم بفرۆشم، پیاوی دەهێنان و ناچاری دەکردم سێکسیان لەگەڵ بکەم".

بەگوتەی خەڵک و لایەنەکانی یارمەتیدانی قوربانیانی قاچاخی سێکس، چیرۆکی ئەحلام شێوازی کارکردنی تۆڕەکانی قاچاخی مرۆڤ لە عێراق ئاشکرا دەکات. ئەو تۆڕانە بە رۆژی رووناک کار دەکەن، کۆمەڵێک دەستوپێوەندی وەک شوفێر تەکسییەکانیان لەناو شارەکاندا هەیە کە بە دوای ئافرەتی لاواز یان کێشەداردا دەگەڕێن. ژمارەی زۆری ئەو جۆرە ئافرەتانەش وایکردووە ئەو تۆڕانە گەورە ببنەوە و سنووری دەسەڵاتیان هەتا بەرزترین ئاستەکانی حکومەت درێژ ببێتەوە.

خەونی منداڵیی ئەحلام پێکهێنانی خێزانێکی بەختەوەر و هاوژینێکی باش بوو، خەونێک یەکەمجار داعش و دواتر تۆڕی قاچاخچییەکان و حکومەتێکی لاواز بن گڵیان کرد. ئەحلام دەپرسێ "تاوانی من چییە؟ چیم کردووە کە شایانی ئەوە بم؟".



ئەحلام کە لەدەست برا داعشەکەی هەڵات، لەبەغدا کەوتە داوی باندێکی لەشفرۆشی

## کۆمسیۆنی مافی مرۆڤ:

- باندەکانی لەشفرۆشی بە رۆژی رووناک کار دەکەن، کۆمەڵێک دەستوپەیوەندیان لەناو شارەکاندا هەیە کە بە دوای ئافرەتی لاواز و کێشەداردا دەگەڕێن
- ناوهێنانی بەرپرسەکان لە کەیسی بازرگانی بە مرۆڤدا هیچ سوودێکی نییە، چونکە زۆر بەدەسەڵاتن

## ئافرەتە ئێزدییەکە:

- پیاوێکیان بە پەرلەمانتار پێناساندم، سەرۆکی باندێکی لەشفرۆشی بوو
- دوای بێهۆشکردنم 10 پیاو دەستدرێژیان کردبووە سەرم
- بەدرێژایی سێ مانگ بێهۆشیان دەکردم و دەستدرێژیان دەکردە سەرم
- ئەو باندەی رفاندیانم گورچیلەی ئافرەتێکیان فرۆشتبوو

کۆمەڵایەتی
ڕووداو
ژمارە (561) - دووشەممە 2019/7/8



## لە شارەزوور تەرمی هاوڵاتییەک بە خنکاوی دۆزرایەوە

**ڕووداو- هەولێر**

شەوی 2019/7/6 تەرمی هاوڵاتییەک بە خنکاوی لە شارەزوور دۆزرایەوە و تەرمەکەی رەوانەی پزیشکی دادی سلێمانی کراوە. کەمال ئەحمەد، بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی رەئووف بەگ بە (ڕووداو)ی راگەیاند: "شەوی 2019/7/6 تەرمی پیاوێک بە ناوی عەلی ئەحمەد کە تەمەنی 59 ساڵە گەیەندراوەتە نەخۆشخانەکەمان". لەبارەی هۆکار و چۆنیەتی خنکانی هاووڵاتییەکەش، بەڕێوبەری نەخۆشخانەی رەئووف بەگ گوتی: "تائێستا نازانرێت ئەو پیاوە خنکاوە یان خنکێندراوە، بۆیە بەمەبەستی لێکۆڵینەوە تەرمەکەی رەوانەی پزیشکی دادی سلێمانی کراوە".

# کوڕەکانیان کوشت و هەڕەشەی کوشتن لە خۆیشی دەکەن

**تریسکە شێرزاد**
**ڕووداو- هەولێر**

نۆ مانگ لەمەوبەر دوو برا بە ناوەکانی کاوە و سەردار حەسەن، لە لایەن ماميان و دوو کوڕەکەیەوە لەسەر تەپوتۆزی ئۆتۆمبێل کوژران، بەڵام هێشتا بکوژەکان دەستگیرنەکراون.

ئەو دوو برایە (سەردار، 40 ساڵ و کاوە، 35 ساڵ) خێزاندار بوون و دانیشتووی گوندی ئێک ماڵەی سەر بە ناحیەی رۆڤیای قەزای بەردەڕەش بوون. ئەوکات پۆلیس کەسێکی دەستگیرکرد، بەڵام دواتر ئازادی کرد.

عەقید سەعدی ئەحمەد، بەڕێوەبەری بنکەی پۆلیسی قەزای بەردەڕەش سەبارەت بە هۆکاری دەستگیرنەکردنی بکوژانی سەردار و کاوە بە (ڕووداو)ی گوت: "ئەوان لەو رۆژەوە تاوانەکەیان کردووە دیار نەماون، نووسراومان بۆ سەرجەم بنکەکانی پۆلیس کردووە، بەڵام تاوەکو ئێستا هیچ سەرەداوێکمان دەستنەکەوتووە".

سەبارەت بەو کەسەی دەستگیرکرابوو، عەقید

> **لە دوای رووداوەکەوە دەوامی نەکردووە و مووچەکەی راگیراوە**
> وەزارەتی پێشمەرگە

> **بکوژانی کوڕەکانی حەسەن نۆ مانگە ئازادن و دەستگیر نەکراون**

سەعدی گوتی: "ئێمە کوڕێکی بکوژەکەمان دەستگیر کرد، بەڵام لەلایەن دادوەرەوە ئازاد کرا. راستە ئەو پێشتر لەلایەن سەردار و کاوەوە قاچی شکێنرابوو، بەڵام پەیوەندی بە کوشتنی ئەوانەوە نەبوو".

حاجی حەسەن کە باوکی سەردار و کاوەیە، پێشتر بە (ڕووداو)ی گوتبوو: "لەگەڵ کوڕەکانم بەیەکەوە لەسەر شینایی بووین، هاوڕێیەکم پەیوەندی پێوەکردم و گوتی هەندێک پێداویستی کێڵگەم بۆ هێناون یەکێک لە کوڕەکانت بنێرە. منیش بە کوڕە 15 ساڵانەکەم گوت بڕۆ پێداویستییەکان وەربگرە. لە رێگا (ز)ی ماميان بە بیانووی ئەوەی تەپوتۆزی کردووە بەسەریاندا، رایگرتووە و لێیداوە، پێیگوتوە تۆ بە ئەنقەست تەپوتۆزت کردووە".

ئەو کات کوڕە 15 ساڵانەکەی حاجی حەسەن تەلەفۆنی بۆ دوو براکەی کردبوو کە فریای بکەون، ئەوانیش بە هاوارییەوە چووبوون. دواتر ماميان لەگەڵ دوو کوڕی هێرش دەکەنە سەر ماڵی حەسەن و سەردار و کاوە دەکوژن.

ئەگەرچی نۆ مانگ بەسەر ئەو رووداوەدا تێپەڕیوە، بەڵام هێشتا بکوژانی سەردار و کاوە دەستگیر نەکراون. حەسەن دەڵێت هێشتا برینەکەی سارێژ نەبووە، چونکە بکوژی کوڕەکانی دەستگیرنەکراون.

حەسەن گوتی: "لەو رۆژەوەی دوو کوڕەکەم کوژراون، هەموو رۆژێک براکەم پەیوەندیم پێوە دەکات و هەڕەشەی کوشتنم لێدەکات، پێمدەڵێت واز لە من و کوڕەکانم بهێنە ئەگەرنا شتی لەوە خراپتر دەکەم. تەنانەت پێمدەڵێت بە پارێزەرەکەت بڵێ واز لەو کەیسە بهێنێ، ئەگەرنا ئەویش دەکوژم".

حەسەن گلەیی لە دەزگا ئەمنییەکان هەیە و دەڵێت: "نۆ مانگە کوڕەکانی من کوژراون، تا ئێستا پۆلیس نەیتوانیوە ئەوانە دەستگیر بکات، برایەکەم پێشتر عەقید بوو لە هێزەکانی پێشمەرگە، بەڵام ئێستا خانەنشینە، کوڕێکیشی پێشمەرگەیە".

فیراس بەشیر ئیبراهیم کە برازای حەسەنە، دەڵێت: "هەردوولا (بکوژ و کوژراو) بۆ من وەکو یەکن، بەڵام کوڕەکانی مامە حەسەن هیچ تاوانێکیان نەبوو، مامم (ن) سەرەڕای ئەو تاوانە، ئێستا هەڕەشەی کوشتن لە مامە حەسەن دەکات".

بە گوتەی فیراس، مامەکەی پەیوەندی بە زۆربەی خزمەکانییەوە کردووە و داوا دەکات مام حەسەن لێی خۆشبێ، ئەگەرنا خراپی بەسەردێنێ. "هەتا پەیوەندی بە پارێزەرەکەی مامیشمەوە کردووە و پێیگوتووە دەست لەو کەیسە هەڵگرێ. کەس ناوێرێت لە ترسی مامم لەو کەیسە نزیک بێتەوە، پارێزەرەکە خزمی خۆمانە بۆیە تا ئێستا لەو کەیسە بەردەوامە".

حەسەن دەڵێت براکەی کە تەلەفۆنی بۆ دەکات، تەنیا خۆی بە تاوانبار دەزانێ و پێی دەڵێت هەر هیچ نەبێ لە کوڕەکانی خۆشببێ، چونکە ئەو کاوە و سەرداری کوشتووە، نەک کوڕەکانی.

حەسەن تا ئێستا چەند جارێک سەردانی بنکەی پۆلیسی بەردەڕەشی کردووە و پێیگوتوون: براکەی سەرەڕای ئەوەی دەستگیرنەکراوە، بەردەوامیش پەیوەندی پێوە دەکات و هەڕەشەی کوشتنی لێدەکات، ئەوانیش تەنیا داوای ژمارەی تەلەفۆنی براکەی لێدەکەن، بەڵام هەر کاتێک تەلەفۆنی بۆ دەکەن داخراوە، تەلەفۆنەکەی تەنیا ئەو کاتانە دەکاتەوە کە قسە لەگەڵ براکەی دەکات. بە گوتەی پۆلیس براکەی حەسەن لە سنووری دهۆک نییە.

> **بکوژی کوڕەکەم پێشمەرگەیە و مانگانە مووچەی خۆی وەردەگرێ**
> حاجی حەسەن

حەسەن دەڵێت (ە)ی برازای کە تۆمەتبارە بە کوشتنی کوڕەکانی، پێشمەرگەیە و مانگانە مووچەی خۆی وەردەگرێ، بەڵام سەرچاوەیەک لە بەشی یاسایی وەزارەتی پێشمەرگە گوتی: "کاتێک دادگا ئاگاداری کردینەوە، نووسراومان بۆ فەوجەکەی کرد، داوامان لێکردن ئەگەر ئەو پێشمەرگەیە دەوام دەکات رەوانەی دادگای بکەن، بەڵام لە دوای رووداوەکەوە دەوامی نەکردووە و مووچەکەشی راگیراوە".

هەر لەوبارەوە نازم هەرکی، بەرپرسی هێزەکانی لیوای 10ی سەر بە وەزارەتی پێشمەرگە گوتی: "ئەو پێشمەرگەیە لە یەکێک لە فەوجەکانی ئێمەیە، چەند جارێک پەیوەندی کردووە و گوتوویەتی باوکم تاوانەکەی کردووە، داوام لێکردووە بێت بۆ ئەوەی لە دادگا ئامادە بێت، بەڵام تا ئێستا ئامادە نەبووە".


کۆمەڵایەتی
ڕووداو
ژمارە (520) - دووشەممە 2018/9/10
13
تەرمی گەنجێک لە ماڵەکەیدا دۆزرایەوە
ڕووداو- هەورامان
## دوو برا لەسەر تەپوتۆزی ئۆتۆمبێل دەکوژرێن
تریسکە شێرزاد
ڕووداو - هەولێر
سەردار و کاوە لەگەڵ ماڵی ماميان بە شەڕ هاتن. ماميان و دوو لە کوڕەکانی هێرشیان کردە سەر ماڵی ئەوان و هەردووکیان کوشتن. لەپاش رووداوەکە، ماميان و یەکێک لە کوڕەکانی هەڵاتن، کوڕێکی دیکەشی دەستگیر کرا.
شەوی 2018/8/30 دوو برا بەناوەکانی سەردار حەسەن تەمەن 40 ساڵ و کاوە حەسەن تەمەن 35 ساڵ کە هەردووکیان خێزاندار بوون و دانیشتووی گوندی ئێک ماڵەی سەر بە ناحیەی رۆڤیای قەزای بەردەڕەش بوون، لەلایەن مامێکیان و دوو ئامۆزایانەوە کوژران.
کاوە و سەردار بە هانای برا بچووکەکەیانەوە چوون و لەلایەن مام و ئامۆزاکانیانەوە کوژران

# باندێک ئافرەت بۆ رووتکردنەوەی شۆفێران بەکاردێنن

**شکار ئەحمەد**
**ڕووداو- هەولێر**

لە هەولێر چەند باندێک دروستبوون کە بە پلان شۆفێران دەخەنە داوێکەوە، تەنیا بە ئابڕووچوون، یان کڕینەوەی ئابڕوویان بە پارە لێی دەردەچن.

ئەو باندانە ئافرەتی سەرنجڕاکێش لە دەرەوەی شار و سەر شەقامە چۆڵەکان دادەنێن و شوفێر بە سەرخستنی ئافرەکەتە دەکەوێتە داویانەوە. چەند پیاوێکی باندەکە پێش لە شوفێرەکە دەگرن و خۆیان بە کەسوکاری ئافرەتەکە دەناسێنن و بەبیانووی پاراستنی ناموسیان هەڕەشە لە شوفێرەکە دەکەن و پارەی لێدەستێنن.

مەجید عومەر، 43 ساڵ، خێزاندارە و باوکی سێ منداڵە، ماوەی دوو ساڵە هاتوچۆ بە چەند مامۆستایەکی دانیشتووی هەولێر دەکات کە لە قەزای خەبات وانە دەڵێنەوە. مەجید بە (ڕووداو)ی گوت: "رۆژێک مامۆستاکانم گەیاندە قوتابخانە و گەڕامەوە. لە دوورەوە ئافرەتێکم بینی دەستی لە دوو ئۆتۆمبێل راگرت، بەڵام رانەوەستان، منیش کە نزیک بوومەوە بۆم هێواش کردەوە و سەرمخست".

مەجید عومەر وەک خۆی دەڵێ، ئافرەتەکەی وەک کارێکی چاکەخوازانە سەرخستووە، بەڵام تووشی کێشە بووە "من کەسێکی لە خواترسم، دوو ساڵ پێش ئێستا عەمرەم کردووە، ویژدانم قبوڵی نەکرد ئافرەتێک بە تەنیا لەسەر ئەو جادەیە بێت و خەڵکی خراپ بیڕێزیی پێبکەن، بەڵام ئەو بە تەنیا نەبوو، کە سەرمخست، بێ ئاگابووم لەوەی ئەوە پلانە".

مەجید مەودایەکی کەم لەو شوێنە دوورکەوتبووەوە کە ئافرەتەکەی لێ سەرخستبوو، لەناکاو ئۆتۆمبێلێک پێشی پێگرتبوو. ئەو دەڵێت: "چەند کیلۆمەترێک رۆیشتبووم، ئۆتۆمبێلێکی BMW هاتە تەنیشتم و گوتی ئۆتۆمبێلەکە راگرە، لە ئافرەتەکەم

> **ئەو کەسانەی دەکەونە داوی ئەو باندەوە لە ترسی وێنە و ڤیدیۆکانیان سکالا تۆمار ناکەن**
> پۆلیس

پرسی تۆ ئەوانە دەناسی؟ گوتی: بەڵێ ئەوە براکانمن. منیش ئۆتۆمبێلەکەم راگرت. یەکێکیان ئافرەتەکەی بردە نێو ئۆتۆمبێلەکەی خۆیان و دوو کەسەکەی دیکە زۆر قسەی ناشیرینیان پێگوتم، تۆمەتباریان کردم کە خوشکەکەیانم هەڵخەڵەتاندووە و دەمەوێت بیبەم".

مەجید دان بەوەدا دەنێت کە قەت هێندە نەترساوە: "لەژیانمدا ئەوەندە نەترساوم، چونکە تۆمەتەکە زۆر قورسە و پەیوەندی بە ئابڕوومەوە هەیە. هەرچەندە بۆم روونکردنەوە، بەڵام گوتیان رادەستی پۆلیست دەکەین و سکاڵات لەسەر تۆمار دەکەین، دەبێت خوشکەکەشمان مارە بکەی، یان هەزار دۆلارمان دەوێ. من ژن و سێ منداڵم هەیە و لەترسی ئابڕووچوونم ناچاربووم ئەو پارەی لەلام بوو کە 590 هەزار دینار بوو، بیاندەمێ. پێمگوتن تەنیا ئەوەندەم پێیە، ئەوەتان دەدەمێ و رێگەم بدەن بڕۆم".

دوو مانگ بەسەر ئەم رووداوەدا تێپەڕیوە، بەڵام مەجید هێشتا شۆک بەرینەداوە و دەڵێت: "ئیدی لە ژیانمدا لە رێگای دەرەوە خزمی خۆشم ببینم سەری ناخەم. ئەو کاتەی سێ کەسەکە رێگەیان پێگرتم بە مۆبایل ڤیدیۆیان کردبووەوە و چەکیان پێبوو، بۆیە نەمتوانی بەرگری لە خۆم بکەم".

مەجید لە یەکێک لە بنکەکانی پۆلیس سکاڵای لەسەر ئەو کەسانە تۆمار کردووە، بەڵام بەهۆی نەبوونی کامێرای چاودێری لەو شوێنە هێشتا تۆمەتباران دەستگیر نەکراون.

سەرچاوەیەک لە پۆلیسی هەولێر بە (ڕووداو)ی راگەیاند: "دوو حاڵەتی دیکەی هاوشێوەی رووداوەکەی مەجید هەن. ئەو کەسانە بەشێوەی باند کاردەکەن و ئافرەت بەکاردێنن بۆ هەڵخەڵەتاندنی خەڵک، کەسی شارەزان و بەپێی پلان ئەو کارە دەکەن، هیچ ئاسەوارێکیش لەدوای خۆیان بەجێناهێڵن. ئافرەتەکە لەسەر شەقامێکی سەرەکی دادەنێن و لە شوێنێکیش رێ لە شوفێرەکان دەگرن کە هیچ کامێرایەکی چاودێری لێ نەبێت".

هەر لەوبارەوە رائید هۆگر عەزیز گوتەبێژی پۆلیسی هەولێر دەڵێت: "چەند جۆرێکی دیکەی فێڵکردن بۆ بەدەستهێنانی پارە هەیە. کەیس هەیە ئافرەتەکە لەگەڵ شوفێرێک رێکدەکەوێت هاتوچۆی پێبکات. ئینجا پەیوەندی لەگەڵ دروستدەکات، دواتریش بانگێشتی دەکات بۆ ماڵەوە بەناوی ئەوەی سێکسی لەگەڵ بکات، پیاوەکە رووتدەکاتەوە، دواتر چەند پیاوێک بە کامێرای مۆبایلەوە دێنە ژوورەوە و دەڵێن ڤیدیۆکانت بڵاودەکەینەوە، لەو رێگەیەوە پارەیەکی زۆر لە کەسەکە دەستێنن".

بە گوتەی هۆگر عەزیز، ئەوانەی دەکەونە داوی ئەو جۆرە باندانەوە، لە ترسی بڵاوکردنەوەی وێنە و ڤیدیۆکانیان لەلایەن باندەکەوە، ناوێرن سکاڵا تۆمار بکەن، بەڵام داوا دەکات ئەگەر بە نهێنیش بێت لەلای پۆلیس سکاڵا تۆمار بکەن، چونکە پۆلیس بەنهێنی بەداواداچوون بۆ سکاڵاکان دەکات و دوای دۆزینەوەی باندەکەش سەرجەم ئەو بەڵگانە لەنێو دەبەن کە باندەکە وەکو هەڕەشە بەکاری دەهێنن.

## براکەی ئاسۆ شوێنبزرە

# سێ رۆژ دوای کوژرانی خەزووری براکەی، دەکوژرێ

**تریسکە شێرزاد**
**ڕووداو- هەولێر**

ئاسۆ لە ماڵی خۆی بووە، کەسێک بەدوایدا هاتووە و لەگەڵی رۆیشتووە، سێ رۆژ دواتر پۆلیس تەرمەکەی دۆزییەوە، بە گوێرەی پشکنین شوێنی ئەشکەنجەدان بەسەر جەستەیەوە دیار بووە.

شەوی 2019/7/1 پیاوێکی تەمەن 32 ساڵ بەناوی ئاسۆ ئەسمەر، دانیشتووی گەڕەکی قادر کەرەمییەکان لە ناحیەی شۆڕشی سەر بە قەزای چەمچەماڵ، کوژرا. ئاسۆ کە باوکی پێنج منداڵ بوو، نۆ مانگ لەمەوبەر ببووە پێشمەرگەی حیزبی سۆسیالیست. سێ رۆژ بوو کەسوکارەکەی بەدوایدا دەگەڕان، دواتر تەرمەکەی لە سنووری ناحیەی سەنگاو دۆزرایەوە.


لەسەر کوژرانی ئاسۆ، فەرمانی دەستگیرکردن بۆ شەش کەس دەرچووە

رائید سەرکەوت ئەحمەد، بەرپرسی راگەیاندن و پەیوەندییەکانی پۆلیسی سلێمانی بە (ڕووداو)ی راگەیاند: "کەسوکاری ئاسۆ لە بنکەی پۆلیسی قەزای چەمچەماڵ سکاڵایان تۆمار کردبوو کە کوڕەکەیان لەگەڵ چەند کەسێک چووەتە دەرەوە و نەگەڕاوەتەوە. دواتر پۆلیس لە دۆزینەوەی تەرمەکەی ئاگادار کرانەوە".

بەگوێرەی لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکانی پۆلیس، ئەو پیاوە دوای ئەوەی ئەشکەنجەدراوە، دوو گوللەش لە سینگی دراوە. پۆلیس دەڵێت بەو تۆمەتە، فەرمانی دەستگیرکردن بۆ شەش کەس دەرچووە کە هاوڕێی نزیکی ئاسۆن.

(ئە) کە کەسێکی نزیکی کوژراوەکەیە، دەڵێت دایکی ئاسۆ بۆی باسکردوون کە ئۆتۆمبێلێک هاتووەتە بەر دەرگایان و داوای ئاسۆیان کردووە، ئاسۆش بە ویستی خۆی لەگەڵیان رۆیشتووە.

رۆژێک دوای دەرچوونی لە ماڵەوە، سەنگەری برای پەیوەندی بە دایکییەوە دەکات و دەڵێت ئاسۆ لەلایەن هێزەکانی کۆماندۆوە دەستگیرکراوە، چونکە گومان دەکرێ دەستی لە کوشتنی عەباسدا هەبووبێ کە خەزووری سەنگەرە.

عەباس محەممەد، تەمەن 36 ساڵ کە پێشمەرگەی هێزێکی کۆماندۆ بوو، ئێوارەی رۆژی 2019/6/28 تەرمەکەی لە نزیک گوندی قەرەوەیسی لەنێو ئۆتۆمبێلەکەیدا دۆزرایەوە. پۆلیس و کەسوکارەکەی بە (ڕووداو)یان راگەیاندبوو کە نازانن کێ عەباسی کوشتووە.

(ئە) دەڵێت: "دایکی ئاسۆ بە سەنگەری گوتبوو مادام کوڕەکەی لەلایەن حکومەتەوە دەستگیرکراوە، پێویست ناکات سکاڵا تۆمار بکات".

بەگوتەی (ئە)، ئاسۆ پێشتر کێشەی لەگەڵ چەند کەسێک هەبووە، بەڵام کێشەکەی چارەسەر کردبوو، بۆیە گومان لەوانە ناکەن کە دەستیان لە کوشتنی ئاسۆدا هەبووبێ. (ئە) گوتی: "ئاسۆ پێشتریش بەهۆی کێشەکانییەوە ماوە ماوە خۆی بزر دەکرد، هەندێکجار بە مانگ نەدەگەڕایەوە ماڵەوە، بۆیە دایکی و هاوژینەکەی بەوە راهاتبوون و لایان ئاسایی بوو، ئەمجارەش وایانزانی کە کێشەیەکی هەیە و دیسان خۆی ونکردووە، بۆیە خەمی نەگەڕانەوەیان نەبوو".

تەرمی ئاسۆ لە سنووری ناحیەی سەنگاو دۆزرایەوە. (ئە) گوتی: "ئامۆزایەکی ئاسۆ، رۆژێک دوای دیارنەمانی، پۆلیسی ئاگادار کردبووەوە، رۆژی دواتر لە بنکەی پۆلیسی چەمچەماڵ پەیوەندییان پێوەکردبوو کە تەرمێکیان دۆزیوەتەوە، کاتێک دەچنە سەری، دەبینن تەرمی ئاسۆیە".

(ئە) دەڵێت ئەوانەی تەرمی ئاسۆیان شووشتووە، دەڵێن شوێنی ئەشکەنجەدانیان بەسەر جەستەیەوە بینیوە، تەنانەت بەشێک لە گۆشتی جەستەی لێکراوەتەوە. دواتر دوو گوللە لە سینگی دراوە.

کەسوکاری ئاسۆ گومان دەکەن، کوژرانی کوڕەکەیان پەیوەندی بە کوژرانی عەباسەوە هەبێ کە سێ رۆژ پێش ئەو کوژراوە. (ئە) دەڵێت: "گومان دەکەین ئەو دوو رووداوە پەیوەندییان هەبێ، رەنگە ئاسۆ لەلایەن کەسوکاری عەباسەوە کوژرابێ، یانیش ئەوانەی عەباسیان کوشتووە، ئاسۆشیان کوشتبێ".

(ئە) گوتیشی: "رۆژێک پێش کوژرانی، عەباس لەگەڵ ئاسۆ بووە، بۆیە کاتێک تەرمی عەباس دۆزرایەوە، کەسوکارەکەی گومانیان لە ئاسۆ بوو. چونکە زۆر هاوڕێی یەکدی بوون".

ئاسۆ بەیانییەکەی لە پرسەی عەباسدا بووە، لای ئێوارە چووەتە دەرەوە و نەگەڕاوەتەوە.

سەنگەری برای ئاسۆ لەو رۆژەوەی کە پەیوەندی بە دایکییەوە کردووە و گوتوویەتی ئاسۆ لەلایەن هێزێکی کۆماندۆوە دەستگیرکراوە، مۆبایلەکەی داخراوە و خۆی شاردووەتەوە.

(ئە) دەڵێت: "گومان لەوەش دەکرێت کە سەنگەر دەستی لەو رووداوەدا هەبێت، چونکە ئەو بە دایکی گوتووە برایەکەی لەلایەن هێزی کۆماندۆوە دەستگیر کراوە، دیارە ویستوویەتی کەسوکاری پۆلیس ئاگادار نەکەنەوە".

عەقید دڵشاد مەولود، بەرپرسی راگەیاندنی هێزەکانی زێرەڤانی قسەکانی برای ئاسۆی رەتکردەوە و گوتی: "ئێمە بەهیچ جۆرێک ئەو پیاوەمان نەبردووە".

گوتیشی: "راستە عەباس پێشمەرگەی یەکەی کۆماندۆ بوو، بەڵام نازانین بۆ کوژراوە، پێدەچێ کێشەی خۆی هەبووبێ".

# مامۆستا جەعفەر بەشوێن چییەوەیە!

د. حلمی رەسوڵ رەزا
– لوقمان حاجی قادر*

ئەوە ناونیشانی نووسینێکی کاک سەلاح رەشیدە وەک وەڵام لەهەمبەر نووسینێکی مامۆستا جەعفەر کە لەسەر کتێبی (دیداری تەمەن) لە سەرەتای ئەمساڵدا لە (رووداو) بڵاوی کردبووەوە. ئێمەش بە ئیجازەی کاک سەلاح ناونیشان و هەندێک لە پەرەگرافەکانی نووسینەکەی ئەو بەکاردەهێنینەوە بۆ تیشکخستنەسەر بابەتێکی تری مامۆستا جەعفەر لەژێرناونیشانی (دکتۆر بەرهەم ساڵح لە نێوان یەکێتی و هاوپەیمانیدا) کە هەر لە (رووداو) بڵاوی کردووەتەوە.

مامۆستا جەعفەر سەرەتای نووسینەکەی بەشێوازێکی هەرەشەئامێزانە دەخاتەڕوو، بۆیە دەنووسێت (ئەم نووسینە تەنیا پارێکە لە مەلەفی سیاسی د.بەرهەم و مەلەفەکانی تریشی ئامادە کراون و پارچپاژ بڵاودەکرێنەوە و هەر هەمووشی پێکەوە رەوانەی (پەرلەمانی کوردستان) و (ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق) دەکرێن.

خوێنەر لە سەرەتای نووسینەکەیەوە هەقی خۆیەتی بپرسێت ئاخۆ مامۆستا ئەو مەلەفانە لە دژی بەرهەم ساڵح بۆچی رەوانەی پەرلەمانەکانی عێراق و کوردستان دەکات، ئەی بۆ رەوانەی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی حزبەکەی خۆی ناکات؟ رەنگە مامۆستا لە زۆر نووسین و کەم وەڵامدانەوەی سەرکردایەتی حزبەکەی خۆی بێزار بووبێت، بۆیە دەیەوێت ئەمجارە شانسی خۆی لە دژی نەیارەکانی لە هۆڵی پەرلەمان تاقی بکاتەوە، بۆیە مەلەفەکانی رەوانەی ئەوان دەکات نەک ئۆرگانەکانی حزبەکەی خۆی.

دیارە مامۆستا بۆئەوەی گوێی لێبگیرێت و لە حوجرەی گۆشەگیری رزگاری بێت، دەیەوێت لەرێگەی ئەم نووسینەیەوە ئاماژە بەوە بدات کە پیلانێکی مەترسیداری دکتۆر بەرهەم و برادەرەکانی لەسەر حزب و دنیا ئاشکرا دەکات، بۆیە بە نەفەسی بوونی موئامەرە تێکست و پەرەگرافی نووسینەکەی ئامادە کردووە، پێشتریش بەهەمان نەفەس لەسەر چاوپێکەوتنەکەی مام جەلال (دیداری تەمەن) روونکردنەوەیەکی داوە بە مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتیمانی و رەخنە و گلەییان لێدەکات کە چۆن وریا نەبوون لەوەی ئەم کتێبە بڵاوبووەتەوە و بە پیلانی باڵێکی ناو یەکێتی دەداتە قەڵەم. لە نووسینی ئەمجارەشیدا لەسەر دکتۆر بەرهەم و هاوپەیمانی و رووداوەکانی دوای 5/12 هەموو شتێک وەک پیلانگێڕی وێنا دەکات لە دژی یەکێتی و دڵسۆزانە خۆی تەنگەنەفەس کردووە و ئەو حزبە دەباتە سەرلێواری مەرگ و پلیشانەوە.

ئامانجی نووسینەکەی مامۆستا زەق و ئاشکرا دیارە، ئەو رقی لەوە دەبێتەوە سەرۆک کۆمار فەرشی سووری بۆ رادەخرێت و بەفڕۆکە هاتوچۆ دەکات، بەپێچەوانەی ئەوەی دکتۆر بەرهەم خەریکی هاوتاکردنەوەی بالانسی دبلۆماسی و هاوسەنگیی عێراق و یەکێتی و کوردە، ئەو دەیەوێت دکتۆر بەرهەم وەک مەترسییەکی گەورەی ئەخلاقی و سیاسی بۆ سەر حزب و کۆمەڵگە نیشان بدات، بەڵام شپرزەیی وایکردووە هەر لەهەمان نووسیندا بیری دەچێتەوە چی نووسیوە و لە چەندین شوێن تێزەکانی دژ بەیەک دەبنەوە. بۆ نموونە ئەو لە شوێنێک رەخنەی ئەوە دەگرێت کە دکتۆر بەرهەم بێ پلان بووە و توانای خوێندنەوەی رووداوە سیاسییەکانی نەبووە و شکستی گەورەی خواردووە، لە هەندێک شوێنی تریشدا هەموو ئەو رووداوانە بە پیلانگێڕی و بەرنامەڕێژی لەگەڵ ناوەندی بڕیار دەداتە قەڵەم.

مامۆستا دەپرسێت: "ئایا د.بەرهەم ئەحمەد ساڵح، کە ئێستا جێگری دووەمی سکرتێری گشتی (ی.ن.ک) و سەرۆک کۆماری عیراقە، دەستی لە چمکی کەوای بێگەردی بزاڤی (هاوپەیمانی بۆ دیموکراتی و دادپەروەری) بەرداوە و بۆ بن ساباتی سەوزی یەکێتی گەڕاوەتەوە، یان ئەو هێشتا هەر بە خشکەیی پەیڕەوی لە بەرنامەی (هاوپەیمانی بۆ دیموکراتی و دادپەروەری) دەکات و هەر بەڕووکەش خۆی بە یەکێتی دەزانێت؟"

مامۆستا خۆی لەوە دەبوێرێ ئەو بزاڤەی ئەو باسی دەکات بە رەسمی هەڵوەشاوەتەوە و شتێک بەو ناوەوە نەماوە، یان هەر خۆی رەخنەی ئەوە دەگرێت کە دکتۆر بەرهەم لە هاوپەیمانی پشتی کردووەتە برادەرەکانی و جێیهێشتوون.

دواتر مامۆستا لە لێکدانەوەیەکی تەمومژاویدا ئاوا پێناسەی حزبەکەی دەکات: "یەکێتی، بەگوێرەی پەیڕەو و پرۆگرامی سێیەمین کۆنگرە بێت: رێکخراوێکی سۆسیال ــ دیموکرات و مارکسیە."

دیارە لە روانگەی مامۆستاوە کە 36 ساڵ لەمەوبەر ئەندامی مەکتەبی سیاسی ئەو حزبە بووە، هێشتا یەکێتی مارکسییە، بەڵام بەرهەم ساڵح مارکسی نییە، ئەو لای وایە لە بۆنە حزبییەکاندا ئەندامان و سەرکردایەتی سروودی ئینتەرناسیۆنال دەچڕن و لە هەوڵی هەڵوەشاندنەوەی موڵکیەتی تایبەتن و سەرقاڵی خەباتی چینایەتین، یان یەکێتی ئاڵای دژی سیستەمی سەرمایەداری هەڵکردووە و داوای مافی چینی کرێکار و دەسەڵاتی کرێکاری دەکات!! ئاخر مامۆستا ناپرسێت ئەگەر یەکێتی مارکسی بێت، خۆ دەبێ بڕوای بەو چەمکانە هەبێت و خەباتی بۆ بکات و لە میدیاکەیدا رەنگ بداتەوە. خۆ گەر مامۆستا خۆشی بڕوای بەو ئایدیایە هەیە، باشتر وابوو لەبری خۆ خەریککردن بەو نووسینانەوە، خەریکی نووسین و وەرگێڕانی ئەدەبیاتی مارکسی بووایە و دەربارەی خەباتی چینایەتی و سۆسیالیزم لاپەڕەکانی رووداوی رەش بکردایەتەوە نەک وەک ئەو کەسەی کە بەرد فڕێبداتە سەر رێگا بۆ ئەوەی خۆی بێنێتە سەر زار و زمانانی خەڵک.. دیارە ئەو وشە فڕێدانانەی ئێستای مامۆستا لەم نووسینەدا بۆ ئەوە نییە مارکسیەت بەسەر یەکێتیدا بسەپێنێ و بەرگی مارکسیەتی بەبەردا بکات، بەڵکو بۆ ئەوەیە بیکاتە بەهانەیەک بۆ لێدانی نەیارەکەی، لەبەرئەوەشە دەنووسێت: "د.بەرهەم یەکێکە لەوانەی بڕوای بە (لیبراڵیزمی نوێ) هەیە و هەر لەیەکەم رۆژی گەڕانەوەی بۆ ئەم خاک و نیشتمانە کار بۆ برەودان بەم رێبازە فیکری و ئەخلاقیە دەکات و ئەمەش لە رەفتار و هەڵسوکەوتی ئەودا رەنگی داوەتەوە. جیاوازیی نێوان (لیبراڵیزم) و (لیبراڵیزمی نوێ) ئەوەیە: لیبراڵیزم: رێبازێکی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتییە: بڕوای بە بازاڕی ئازاد و مافی مرۆڤ و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و ئازادیی تاک و ئازادیی بازرگانی و .. تاد. هەیە. لیبراڵیزمی نوێ: رێبازێکی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، ئەخلاقی نوێیە، بڕوای بە هیچ بەهایەکی سیاسی و ئەخلاقی و کۆمەڵایەتی نییە. تەنیا بڕوای بە سەروەت و سامان و پارەکۆکردنەوە هەیە (تاڵان و بڕۆ، سەرانە، بەکارهێنانی دەسەڵات بۆ گیرفان پڕکردن و دەستتێکەڵاوکردن لە کاری بازرگانی و... تاد. نە حزب لای گرنگە، نە مافی مرۆڤ، نە دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و نە ناسنامەی نەتەوەیی و... تاد".

کەس نازانێت مامۆستا چۆن دوای ئەو هەموو ساڵە لە سیاسەت و سەرکردایەتی (حزبێکی مارکسیست) ئاوا بە رەهایەتی قسە دەکات و دەنووسێت: لیبراڵیزمی نوێ: رێبازێکی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، ئەخلاقیی نوێیە، بڕوای بە هیچ بەهایەکی سیاسی و ئەخلاقی و کۆمەڵایەتی نییە"

چۆن و چ ئاراستەیەکی سیاسی هەیە لە دنیادا بڕوای بە هیچ بەهایەکی سیاسی و ئەخلاقی نەبێت، ئەوە بەس مەگەر لە قتووی مامۆستادا دەستبکەوێت کە بە ویستی خۆی وشە ریز دەکات، دەنا کەس نازانێت ئەم تێزە تازەیەی لەکوێوە هێناوە. خوێندنەوەی پرسی سیاسی و ئاکاری کەسایەتیەکان لەسەر هەر کارەکتەرێکی سیاسی دەکرێت جێگەی مشتومڕ بێت، بەڵام شێواندنی پێناسەی چەمکی لیبراڵیزم، مامۆستا دەخاتە هەڵەیەکی کوشندەوە، چونکە لیبراڵیزم تەنها دابەشی دوو بەرەی کۆن و نوێ ناکرێت، بەو شێوەیە نییە وەک مامۆستا دەیەوێت وەک کراس بیدورێت بەبەری نەیارەکەیدا، راستە لیبراڵیزم ئازادی و یەکسانی دەکاتە بنەمای کاری خۆی، بەڵام هەموو ئەو پارتانەی لە مەغریب، تونس، جەزائیر، لوبنان و تەنانەت عێراقیش کە خۆیان بە لیبراڵیست دەزانن، کامیان توانیویانە چەند هەنگاوێک لەو رووەوە بچنە پێشەوە تا ئێستا دادوەری لەسەر ئەوەی یەکێتی بکرێت؟ مامۆستا لێرەدا بەهەڵەدا چووە دەڵێت یەکێتی لیبراڵیە و مارکسیشە، ئاخر لیبراڵیەت خۆی لەخۆیدا دژی رادیکالیزمە، مارکسیزمیش بێ رادیکالی هەر شتێک بێت مارکسیزم نییە. بەپێچەوانەی تێگەیشتنەکەی مامۆستاوە، لیبراڵیزمی کۆن کە لە سەدەی 19 کاری لەسەر دەکرا، لەلایەن بیرمەندانی ئەو سەردەمەوە رەخنەی لێگیرا و گوتیان ئەوە هی سەردەمی پێشووترە و ئازادیەکەی سنووردارە لەڕووی سەربەستیی ئابوورییەوە، بەڵام لە لیبراڵیزمی نوێخوازیدا کە بە لیبراڵیزمی کۆمەڵایەتی دەناسرێ، مرۆڤ دەبێتە چەق و تەوەر و ئازادی و شکۆی مرۆڤ ئەو بنەمایانەیە کە کاری لەسەر دەکات و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی، ئازادیی راگەیاندن، یەکسانبوون لەبەرامبەر یاسا دەسەپێنرێت، هەر بۆیە لەم لیبراڵیزمەدا باس لە دەوڵەتی خۆشگوزەرانی دەکرێت.

مرۆڤ بەم دەربڕینانەی مامۆستا ئەگەر خەفەتیش نەخوات، دەتوانێت لەوە تێبگات کە بۆچی یەکێتی لە رابردوودا تووشی ئەو هەموو هەڵبەز و دابەزە فکریانە بووە، ئاخر مامۆستا هیچ نەبێت پێشتر کادرێکی چەپ و ئەندامی مەکتەبی سیاسی و بەم دواییانەش بەرپرسی مەکتەبی بیر و هۆشیاریی ئەم حزبە بووە، رەنگە ئەم جۆرە کەسانە بەشێک لەو هۆکارانە بووبن کە یەکێتییان گەیاندە ئەم رۆژە.

لەناو یەکێتی تیمێک دروست بووە لە سێبەری یەکێتیدا سیاسەت بۆ پارتی دەکەن، ئەوەندەی خەمخۆری پارتین ئەوەندە لە خەمی حزبەکەی خۆیاندا نین، مامۆستا لەم نووسینەیدا وەک یەکێک لەوان بەناوی یەکێتییەوە شین بۆ پارتی دەکات، ئەوەتا لە بەشێکی نووسینەکەیدا دەڵێت: "ئەو بووە سەرۆک کۆمار و یەکێتی زیانی قورسی بەرکەوت، پەیوەندیی نێوان یەکێتی و هێزە کوردستانیەکانی تر بۆ ناو دۆڵی بەستەڵەک و سەهۆڵبەندان هەڵخلیسکا: بەتایبەتی گومان و دڕدۆنگی و خەرەندێکی قووڵ لەنێوان هەردوولا دروست بووە".

لێرەدا لەژێر لێوەوە شەرمنانە باسی هێزە کوردستانییەکان دەکات، بەڵام نایەوێت باسی ئەوە بکات کە نەک هەر هێزە کوردستانییەکان، بەشێکی زۆری ئەندامانی پارتیش پێیانخۆش بوو بەرهەم ساڵح ببێتە سەرۆک کۆمار نەک کاندیدەکەی پارتی، چونکە ئەویان بەشایستەتر دەزانی، هەربۆیە بەشێکی زۆری سەرکردەی حزبە کوردستانییەکان سەردانی بەغدادیان کرد بۆ پیرۆزبایی نەک وەک ئەوەی مامۆستا باسی دەکات، بەڵام دیارە مەبەستی مامۆستا تەنها بیتاقەتی پارتییە، کە بەهۆی پۆستی سەرۆک کۆمارییەوە لەگەڵ یەکێتی کێشەیان بۆ دروست بوو، دیقەت بدەن ئەو لە کۆتایی پەرەگرافەکە زەقتر باسی دڵگرانیی پارتی دەکات و لەبنی هەمانەکەی داوە، بۆیە پێدەچێت ئەویش لەو گروپە بێت کە لەکاتی وەرگرتنی پۆستی سەرۆک کۆماری، بە ئیعازی پارتی بەناوی یەکێتییەوە پەیامیان بۆ لایەنە عێراقییەکان دەنارد کە دکتۆر بەرهەم نوێنەری یەکێتی نییە، تاکو ئەو پۆستە بدرێت بە کاندیدەکەی پارتی، ئەوان خەمی ئەوەیان بوو نەبا پارتی زیز بێت و دونیای سەودا و مامەڵەیان لەگەڵ پارتی لێ تیکبچێت.

لەبەشێکی تری نووسینەکەیدا باسی سەردانێکی خۆی دەکات بۆ ماڵی دکتۆر بەرهەم و دەڵێت: "پاش نەخۆشکەوتنی مام جەلال بە ماوەیەکی زۆر کورت، سەردانی د.بەرهەمم لە ماڵەکەی خۆی کرد و هەر بەڕاستیش لەدڵەوە حەزم دەکرد ئەو سەرکەوتن وەدەستبهێنێ".

ئەرێ بەڕاست مامۆستا ئەگەر یەکێتی بووە و دکتۆری بە نەیاری سەرسەختی یەکێتی زانیوە، بۆچی لەدڵەوە حەزی کردووە سەرکەوتن بەدەستبهێنێ، سەرکەوتن بەسەر کێدا؟ مامۆستا لێرە بەگی داناوە و کاری حزب و دسپلینی حزبیی بیرچووەتەوە، کەچی لە بەشێکی تری نووسینەکەیدا بەتوندی رەخنە دەگرێت و دەڵێت: "گەمەی سیاسی و تاکتیک و سیاسەتبازی لە رۆژهەڵاتدا تا رادەیەک چاوپۆشی لێدەکرێت. بەڵام ئەمەی د.بەرهەم بەرامبەر یەکێتی و هاوپەیمانی و پارتی کردی، گەورەترین گاڵتەجاڕیی ئەم سەردەمەیە! مرۆڤێک بەم شێوەیە بەشداری گەمە سیاسیە پێچاوپێچەکان بێت شایانی ئەوە نییە بەناوی کوردەوە سەرۆک کۆماری عیراق بێت. سەرۆک کۆمار دەبێت لەهەموو روویەکەوە بەروێنە ** (قدوە)ی نەوەی ئەمڕۆ و داهاتووی گەلانی عیراق بێت و نابێت ئەم هەموو پرسیارەی لەسەربێت."

سەلاح رەشید کاتی خۆی لە وەڵامی ئەوەی مامۆستا جەعفەر دەپرسێت، چۆن تا ئێستا بافل و قوباد ئەویان نەداوە بە دادگا!!، دەڵێت: "مامۆستا پێش هەموومان دەزانێت، ئەگەر رۆژێ دادگایی هەندێ کەس بکرێت، دەبێ ئەوانە بدرێن بە دادگا کە زیانیان بە یەکێتی و رێبازی مام جەلال گەیاندووە و دژی وەستابوونەوە، ئەوانەی کە لە رۆژانێکی سەختی خەباتی پێشمەرگایەتیدا وازیان لە یەکێتیی مام جەلال هێنا و چوونە هەندەران و کەوتنە دژایەتی بێ سنووری یەکێتی و مام جەلال، ئەوانە دەبێت بدرێن بە دادگا کە لەکاتێکدا بوونەوە بە یەکێتی، ئیمتیازاتی دارایی یەکێتییان وەردەگرت، کەچی لە 2014|4|30 بەرامبەر بە یەکێتی لیستی تایبەتی خۆیان بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی بەغدا دروستکرد.. ئەوانە دەبێت بدرێن بە دادگا کە جۆرەها ناشرینییان لە مەکتەبی (بیر و هۆشیاری) بڵاوکردەوە، راپۆرتەکەی ئەوکاتەی (مەکتەبی چاودێری و پشکنینی) ساڵەکانی 2007-2008 ی یەکێتی لەگەڵ چەند کادیرێکی ئەوکاتە ماون، ئەوانە دەبێت بدرێن بە دادگا کە بە رۆژی رووناک و بە ئاشکرا دزی لە حکومەت و حیزب دەکەن و تا بیناقاقایان پرە لە گەندەڵی، هەموو کەس لەوبارەیەوە قسە بکات، نابێت ئەو لەوبارەوە هیچ بڵێت".

هیچ نەماوە بیڵێین، بەڕاستی ئافەرین ئەندامی مەکتەبی سیاسی پێش 36 ساڵ لەمەوبەر و بەرپرسی پێشووی بیر و هۆشیاری و کاندیدی دەرنەچوو بۆ پەرلەمانی عێراق.

> "بەشێکی زۆری ئەندامانی پارتی پێیانخۆش بوو بەرهەم ساڵح ببێتە سەرۆک کۆمار نەک کاندیدەکەی پارتی"

> "لەناو یەکێتی تیمێک دروست بووە لە سێبەری یەکێتیدا سیاسەت بۆ پارتی دەکەن"


رووداو
ژمارە (445) – دووشەممە 2017/2/13
14
د.بەرهەم ساڵح لەنێوان یەکێتی و هاوپەیمانیدا
مامۆستا جەعفەر
"ئەوەی د.بەرهەم بەرامبەر یەکێتی و هاوپەیمانی و پارتی کردی، گەورەترین گاڵتەجاڕیی ئەم سەردەمەیە"
چەنێک خزمەتی داری پەڵکم* کرد لەکۆتاییدا هەر بۆ خەڵکم کرد

*رۆژنامەنوس لە نووسینگەی رۆژنامەڤانیی سەرۆککۆماری عێراق

# خووە نادروستەکانی تووشبووانی شەکرە

رووداو- هەولێر



نەخۆشیی شەکرە نەخۆشییەکی درێژخایەنە کە چەند جۆرێکی هەن، بەڵام بەربڵاوترینیان شەکرەی جۆری یەکەم و جۆری دووەمە. تووشبووانی نەخۆشیی شەکرە ئەگەر ئاستی شەکر لە خوێنیاندا کۆنترۆڵ بکرێ، کەمتر تووشی لێکەوتە خراپەکانی نەخۆشییەکە دەبن. کۆنترۆڵکردنی ئاستی شەکریش لە خوێندا بە پەیڕەوکردنی شێوازێکی ژیانی دروست دەبێت.

ئەو خووە نادروستانەی کە دەبێت تووشبووانی شەکرە لێیان بەدووربن بریتین لە:

### – نەخواردنی ژەمەکان:

بەشێکی تووشبووان بەهۆی سەرقاڵییان، یان بە هەر هۆکارێکی دیکە بێت، خواردنی ژەمی بەیانیان و نیوەڕۆ پشتگوێ دەخەن، دواتر لە کۆتایی ڕۆژەکەدا خواردنێکی زۆر دەخۆن، ئەمەش زۆر مەترسیدارە. ئەوانەی نەخۆشیی شەکرەیان هەیە، دەبێت ڕۆژانە هەر سێ ژەمەکەیان لەکاتی خۆیدا بخۆن، بەمەش هەم کێشی جەستەیان و هەمیش ئاستی شەکر لە خوێنیاندا ڕێکدەبێت.

### – جگەرەکێشان:

جگەرە خۆی لەخۆیدا مەترسیی ئێجگار زۆری هەن لەسەر جەستە، مەترسییەکە بەتایبەتی ئەو کاتە زیاد دەکات کە کەسەکە تووشبووی شەکرە بێت، چونکە تووشبووانی شەکرە خۆیان ئەگەری تووشبوونیان بە نەخۆشییەکانی دڵ زۆرە، جگەرەکێشانیش مەترسییەکە زیاتر دەکات، ئەمە جگە لەوەی زیاتر تووشی برینی پێیەکان و هەوکردنیش دەبن.

### – وەرزشنەکردن:

تووشبووانی شەکرە ڕۆژانە دەبێت لانیکەم 30-45 خولەک وەرزش بکەن، بەمەش شەکری خوێنیان ڕێکدەخرێت و لە نەخۆشییەکانی دڵ و لێکەوتەکانی نەخۆشیی شەکرە بەدوور دەبن. مەلە، پیادەڕۆیی، یاریی تێنس و شاخەوانی نموونەی ئەو وەرزشانەن کە بۆ تووشبووانی شەکرە بەسوودن.

### – گوشاری دەروونی

ئەو هۆرمۆنانەی لەکاتی گوشاری دەروونی دەردەدرێن کاریگەریی نەرێنیان لەسەر هەموو ئەندامەکانی جەستە هەیە، بۆ تووشبووانی شەکرەش ئەو هۆرمۆنانە ئاستی شەکر لە خوێندا بەرز دەکەنەوە. بۆ دووربوون لە گوشاری دەروونیش دەبێت تەکنیکەکانی خاوبوونەوە لەبیرنەکەی بە تایبەتی یۆگا.

# سکچوون لە وەرزی هاویندا

رووداو- توب ئێتو



لە وەرزی هاویندا زۆربەی خەڵکی تووشی سکچوون دەبن، ئەمەش چەندین هۆکاری هەن هەر لە بەرزبوونەوەی پلەکانی گەرما تاوەکو خۆراک و خواردنەوەی ئاوی پیس.

کاتێک کەسێک تووشی سکچوون دەبێت، پێویستە هەندێک ڕێنمایی جێبەجێ بکات بۆ ئەوەی تووشی لێکەوتەی نەخوازراو نەبێت، بەتایبەتی وشکبوونەوە، چونکە لەکاتی سکچووندا جەستە ئاوێکی زۆر لەدەستدەدات، ئەمەش وشکبوونەوەی لێدەکەوێتەوە.

هەموو سکچوونێک پێویستی بە سەردانی پزیشک نییە، تەنیا لەو بارانەدا نەبێ کە سکچوونەکە زیاتر لە دوو هەفتەی خایاندووە و ڕەنگەکەی خوێناوی یان ئاوی بووە، هەروەها سکئێشەیەکی توند، بێهێزی، سەرسوڕان و لاوازبوونی کێشی لەگەڵدابێت، لەو کاتەدا دەبێت سەردانی پزیشک بکەی.

هەندێک خۆراک هەن کە کەسی تووشبوو دەتوانێت بیانخوات بۆ ئەوەی حاڵەتەکەی باشتر بێت، لەوانەش مۆز و برنج کە زۆر بەسوودن بۆ ڕێگەگرتن لە خراپتربوونی سکچوونەکە، چونکە ئەمانە بڕێکی کەمی ریشاڵیان تێدایە. لە نموونەی خۆراکەکانی دیکەش کە کەسی تووشبوو دەتوانێت سوودیان لێ ببینێ، پەتاتە، ماست و نانن.

ئەو کەسانەی تووشی سکچوون دەبن، دەبێ لە خۆراکی سوورکراوە، پاقلەمەنییەکان، بەهارات، قاوە و سۆدا، سەوزە و میوەی نەشۆردراو خۆیان بەدوور بگرن.

ڕێگەکانی خۆپارێزیش بریتین لە: دەستشووشتنی بەردەوام، شۆردنی سەوزە و میوە بەباشی و خۆبەدوورگرتن لە خواردنی دەرەوە.

# چوار ڕێگا بۆ ڕێگری لە بەردی گورچیلە

رووداو- هێڵس لاین

لەگەڵ بەرزبوونەوەی پلەکانی گەرما و هاتنی وەرزی هاوین، ئەگەری دروستبوونی بەردی گورچیلە زیاد دەکات، ئەمەش چونکە لەم وەرزەدا جەستە بڕێکی زیاتری ئاو لە ڕێگەی ئارەقەکردنەوە لەدەستدەدات و وشکبوونەوەی جەستەش کاریگەریی خراپی لەسەر هەموو ئەندامەکان بەگشتی و گورچیلەکان بەتایبەتی هەیە. بە گرتنەبەری ئەم ڕێگایانە دەتوانرێ مەترسییەکە کەم بکرێتەوە:



### 1 خواردنەوەی ئاو:

ڕۆژانە خواردنەوەی ئاو بەپێی پێویست، کاریگەرترینە بۆ پێشگیری لە دروستبوونی بەردی گورچیلە. بەتایبەت لەم وەرزە گەرمەدا، ڕۆژانە لانیکەم خواردنەوەی 12 پەرداخ ئاو پێویستە.

### 2 بەرهەمەکانی شیر:

ڕۆژانە وەرگرتنی بڕێکی کەمی کالیسیۆم دەبێتە هۆی نیشتنی (ئۆکزالەیت) لە گورچیلەکاندا کە مەترسییە بۆ دروستبوونی بەردی گورچیلە. بۆ ڕێگەگرتن لەمەش، ڕۆژانە دەبێت بڕی پێویستی کالیسیۆم بەپێی تەمەنت وەربگریت. بۆ نموونە ئەو پیاوانەی تەمەنیان 50 ساڵە، دەبێت ڕۆژانە 1000 میلیگرام کالیسیۆم وەرگرن. سەرچاوە دەوڵەمەندەکانی کالیسیۆمیش بریتین لە بەرهەمەکانی شیر.

### 3 خواردنی سەوزە و میوە:

یەکێکی دیکە لەو ڕێگایانەی دەتوانرێت بەهۆیەوە مەترسیی دروستبوونی بەرد لە گورچیلە کەم بکرێتەوە، ئەوەیە کە ڕۆژانە بەپێی پێویست سەوزە و میوەی فرێش بخۆی، بەتایبەت ئەوانەی بە ترشی ئەسکۆربیک دەوڵەمەندن، وەک پرتەقاڵ، لیمۆ و میوە مزرەکانی دیکە.

### 4 سنووردارکردنی خواردنی خوێ:

زۆر خواردنی خوێ یەکێکە لەو فاکتەرانەی دەبێتە هۆی دروستبوونی بەردی گورچیلە، چونکە ئەو خوێیە زۆرە ڕێگە لە مژینی کالیسیۆم دەگرێت، بۆیە کالیسیۆم کەڵەکە دەبێت و دەبێتە هۆی دروستبوونی بەردی گورچیلە. کەواتە لە خواردنی هەموو ئەو خۆراکانە بەدووربە کە ڕێژەیەکی زۆری سۆدیۆمیان تێدایە، لەوانەش خۆراکی سوورکراوە، خۆراکە خێراکان و سۆدا.

# خۆراکە خراپەکان بۆ تەمەنی نائومێدیی خانمان



رووداو – ومەنس هێڵس

تەمەنی نائومێدی ئەو تەمەنە دەگرێتەوە کە تێیدا خانمان لە سووڕی مانگانە دەوەستن و بە تێکڕا تەمەنی 51 ساڵییە. لەو تەمەنە بەدواوە هێلکەدانەکان لەکار دەوەستن و ڕێژەی هۆرمۆنی ئیسترۆجین لە جەستەدا کەمدەبێتەوە. بە کەمبوونەوەی ئەو هۆرمۆنەش چەندین کاریگەری نەرێنی لەسەر جەستە دروستدەبێت، لەوانەش (گەرمداهاتنی جەستە، هەوڵئاوسان، قەبزی، خەمۆکی و قەڵەوبوون)، بۆیە هەندێک خۆراک هەن کە دەبێت خانمان دوای گەیشتن بە تەمەنی نائومێدی خۆیانی لێ بەدووربگرن لەوانەش:

### 1 – خۆراکە لەقوتوونراوەکان:

خۆراکە لە قوتوونراوەکان، ڕێژەیەکی زۆر سۆدیۆم، شەکر و ماددە پارێزەرەکانیان تێدایە، ئەمانەش دەبنە هۆی زیانگەیاندن بە کۆئەندامی هەرس بەو هۆیەشەوە ئاوسان دروست دەکەن.

### 2 – خۆراکە تیژەکان:

خانمان لە تەمەنی نائوێدیدا دەبێت لە خۆراکە تیژەکان بەدووربن، چونکە کەمبوونەوەی ئیسترۆجین لە جەستەدا دەبێتە هۆی ئەوەی هەست بە شەپۆلە گەرمەکان بکەن و جەستە گەرم دادێت، خواردنە تیژەکانیش ئەگەری گەرمییەکە زیاتر دەکەن.

### 3 – خۆراکە خێراکان:

نەمانی ئیسترۆجین ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشییەکانی دڵ زیاد دەکات، دەبێ خانمان دوور بکەنەوە لە خۆراکە خێراکان کە مەترسییە بۆ تووشبوون بە نەخۆشییەکانی دڵ، چونکە ئەو خۆراکانە ڕێژەیەکی زۆر چەورییە تێرە زیانبەخشەکانیان تێدایە.

### 4 – کافایین:

کافایین نیشانەکانی قۆناغی تەمەنی نائومێدی توندتر دەکات، دەبێت خانمان تاوەکو دەتوانن لە خواردنەوەی قاوە و هەموو ئەو خواردنەوانە بەدووربن کە کافایینیان تێدایە، لەجیاتی ئەوانە دەتوانن چای زەنجەفیل بخۆنەوە.

### 5 – گۆشتی سوور:

گۆشتی سوور دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی ئاستی هۆرمۆنی سیرۆتۆنین، بە کەمبوونەوەی ئەم هۆرمۆنەش کەسەکە هەست بە تووڕەبوون دەکات، بۆیە خانمان دەبێت تاوەکو دەتوانن لە گۆشتی سوور دوورکەونەوە و زیاتر ڕوو بکەنە خواردنی گۆشتی سپی.

# چ تەمەنێک گونجاوە بۆ دووگیانبوون؟

رووداو- ومەنس هێڵس



بەشێکی زۆری خانمان دەپرسن چ تەمەنێک باش و گونجاوە بۆ دووگیانبوون، تەنانەت چەندین توێژینەوەش لەسەر ئەم بابەتە کراون.

د.کریستین دۆنێنەن، پسپۆڕی خانمان و منداڵبوون لە ماڵپەڕی (Womens health) بابەتێکی لەسەر گونجاوترین تەمەن بۆ دووگیانی بڵاوکردووەتەوە و دەڵێت: تاوەکو ئێستا لەڕووی زانستییەوە هیچ تەمەنێک دیارینەکراوە بۆ دووگیانبوون، ئەمەش چونکە جەستەی هەر خانمێک بەراورد بە یەکێکی دیکە جیاوازە، بەڵام هەمووان لەسەر ئەوە کۆکن کە خانمان تاوەکو تەمەنێک دەتوانن دووگیان بن، دوای ئەوەی دەگەنە تەمەنی نائومێدی، سووڕی مانگانەیان دەوەستێ و ناتوانن دووگیان بن.

پسپۆڕەکەی خانمان و منداڵبوون دەڵێت: ڕاستییەکە ئەوەیە دووگیانبوون لە هەندێک تەمەندا باشترە بۆ خانمەکە و بۆ منداڵەکەش، خانمان دوای ئەوەی دەگەنە تەمەنی 35 ساڵی، توانای منداڵبوونیان لاواز دەبێت و دوای تەمەنی 37 ساڵی بەشێوەیەکی بەرچاو ئەمە بەدیدەکرێت و دووگیانبوون زەحمەتتر دەبێت.

د. کریستین ڕوونیدەکاتەوە، خانمان پێویستە هەم لەڕووی جەستەییەوە و هەمیش لەڕووی دەروونییەوە ئامادەبن بۆ دووگیانبوون، زۆربەی توێژینەوەکان هاوڕان لەسەر ئەوەی کە دووگیانبوون لە بیستەکانی تەمەندا گونجاوە، ئەمەش چونکە کواڵیتی هێلکەی خانمەکە باشترە و جەستەی بەتەواوی ئامادەیە بۆ هەڵگرتنی کۆرپە و کەمترین گرفتی دەبێت لەماوەی دووگیانیدا.

توێژینەوەیەک کە لە جۆرناڵی (Human Reproduction) بڵاوکراوەتەوە، دەریخستووە خانمان لە دوای تەمەنی 35 ساڵی چانسی دووگیانبوونیان 50% کەمترە بە بەراورد بەو خانمانەی لە بیستەکانی تەمەندان. هەروەها دووگیانبوون لەگەڵ هەڵکشانی تەمەن دەبێتە هۆی دەرکەوتنی چەندین لێکەوتەی نەخوازراو لە کاتی دووگیانی و مەترسیی لەبارچوون و منداڵبوونی پێشوەختەش زیاد دەکات.



# ئیمارات لە شەڕی یەمەن دەکشێتەوە

ڕووداو - هەولێر

## جەیمز جێفری:

# چەند وڵاتێک شوێنی ئەمریکا لە سووریا پڕدەکەنەوە



"بەشار ئەسەد رازی بووە بە دروستکردنی لیژنەی نووسینەوەی دەستوور"

ڕووداو - هەولێر

# عێراق.. شەڕ لە پێناوی سەرچاوەی داهات

"ئێستا ئەوە روونە کە پاڵنەری ئابووری ڕۆڵی سەرەکی لە بەردەوامیی شەڕ و توندوتیژی و زەبروزەنگدا هەیە"



لاوازبوونی حکومەتی ناوەندی دەرفەتی بە میلیشیاکان داوە دەست بەسەر خاڵە سنوورییە نێودەوڵەتییەکاندا بگرن

ڕووداو - هەولێر

فەرماندەیەکی حەشد:

ئەو پارەیەی لە خاڵەکانی پشکنین دەستماندەکەوێ زۆر کەمە لەچاو ئەوەی لە بەغداوە دێ

ئابووریی شەڕ لە عێراق

## ئەمریکییەکان بە "فێڵباز"ی دەزانن

# زەریف.. موحافزکارێک لە پێستی ڕیفۆرمخوازیدا

ڕووداو - هەولێر

"سزادانی زەریف لەلایەن ئەمریکاوە دەرفەتی دانوستاندن لەنێوان ئەمریکا و ئێران لاوازتر دەکات"



ترەمپ داوای کردووە بە تایبەتی سزا بەسەر زەریفدا بسەپێنرێ



عارف قوربانی
arifqurbany@yahoo.com

# شاردنەوەی حەشدی شەعبی

ململانێی تایفی لە عێراق بۆ زاڵبوون بەسەر دامەزراوە سەربازییەکاندا مێژوویەکی درێژی هەیە. سەرباری ئەوەی لە یەکەم ڕۆژی دامەزراندنی سوپاوە هەوڵێکیش هەبووە بە ئاراستەی ئەوەی سوپا بەشێک نەبێت لە ململانێ سیاسی و ئیتنیکییەکان و سوپای هەموو پێکهاتەکان بێت، بەڵام لە هاتنە سەر حوکمی بەعسەوە ئیتر کۆتایی بەو دوو ئاراستەیە هات. بێلایەنیی سوپا کۆتایی هات و ململانێی زاڵبوونیش بە کۆتا هات، چونکە بەعس ئەوەی یەکلایی کردەوە و هەژموونی سوننە بەتەواوەتی زاڵ بوو بەسەر تەواوی دامەزراوە دەوڵەتییەکاندا و لە سەرووی هەمووشیانەوە دامەزراوە ئەمنی و سەربازییەکان.

پاش کەوتنی سەدام، (پۆڵ بریمەر) وەک ئاماژەیەک بۆ نەهێشتنی هەژموونی تایفی بەسەر سوپادا، بە بڕیارێک سوپای عێراقی هەڵوەشاندەوە. لایەنە عێراقییەکانیش بە پەندوەرگرتن لەو مەینەتییانەی لەلایەن سوپاوە بەسەر گەلانی عێراقدا هاتبوو لە ئەنجامدانی کۆمەڵکوژی بەرانبەر بە گەلی کورد و شیعەکان، بڕیارەکەی بریمەریان بەسەرەتایەکی گونجاو زانی بۆ دروستکردنی سوپایەکی نیشتمانی کە دڵنیایی بۆ هەریەک لە پێکهاتەکانی کورد و سوننە و شیعە دەستەبەر بکات و هیچ لایەک بەسەر سوپادا زاڵ نەبێت.

لە یاسای کاتیی بەڕێوەبردنی دەوڵەت و پاشان لە دەستووردا کۆمەڵێک بنەمای سەرەتایی چەسپێنران و ڕێکارگەلێکی یاسایی دانرا بۆ ژمارەی سوپا، شێوازی دامەزراندن و چۆنێتی بەڕێوەبردنی بە بەشداریی پێکهاتە سەرەکییەکانی عێراق وەک جۆرێک لە بنەمای هاوبەشی، کە دڵنیایی ئەوە دروستبکات جارێکی تر سوپا نابێتە ئامراز لە ململانێ تائیفییەکانی عێراقدا و ڕێگە نادرێت ئەوەی سەدام کردی لە بە سوننەکردنی سوپا، بۆ هیچ لایەک دووبارە بێتەوە. بەڵام لە سەرەتاکانی حوکمی مالیکییەوە سەرباری ئامادەیی ئەمریکا وەک چاودێر بەسەر سوپاوە، جۆرێک لە پێشێلکردنی ئەم بنەما دەستووری و یاساییانە دەستیپێکرد و بەشی زۆری ناوەندەکانی بڕیاری سوپا لە ناوەندەوە بۆ ئاستەکانی خوارەوە کەوتە دەستی شیعە و (موالی)ی شیعە لەناو کورد و سوننەکان.

دواتریش بەهۆی ئەو ناکۆکییانەی لە نێوان سوننە و شیعە سەریانهەڵدا و، بەپاساوی بوونی گرووپی تیرۆریستی لە ناوچە سوننییەکان، سوننە لەناو سوپا خرایە پەراوێزەوە. هەروەها بەهۆی ململانێ و ناکۆکییەکانی نێوان بەغدا هەولێر، ڕۆڵ و پێگەی کوردیش لاواز کرا. هاوسەنگی و هاوبەشیی پێکهاتەکان بەجۆرێک لاسەنگ بوون کە هەست بەوە دەکرا سوپا خەریکە هەژموونی شیعە بەسەریدا زاڵ دەبێت، سەرباری بەرزبوونەوەی دەنگی نارەزایی لەلایەن کورد و سوننەوە، بەڵام ئەو ململانێ و سیاسەتی بە شیعەکردنەی سوپا بەردەوام بوو تا هاتنی داعش بۆ عێراق.

وەک چۆن بە هاتنی بەعس ململانێ کۆتایی هات و سوپا کەوتە دەستی سوننەوە، دەرکەوتنی داعش بووە خاڵی کۆتایی ململانێی ئەم قۆناغە و ئیتر دامەزراوە ئەمنی و سەربازییەکان بوونە بەشێک لە مەنزومەی شیعە لە عێراق.

ئەو سیناریۆیانەی لە یەکەم پەلاماری داعشدا دەرکەوتن، لە خۆڕانەگرتنی سوپا و هەڵهاتن و جێهێشتنی چەک و جبەخانە سەربازییەکان، ڕادەستکردنی تەواوی ناوچە سوننییەکان بە داعش لە شەو و ڕۆژێکدا. ڕاستەوخۆ بانگەوازی مەرجەعی باڵای شیعە (سیستانی) بۆ چەکدارکردنی چین و توێژەکانی شیعە بە پاساوی پارێزگاری لە شوێنە پیرۆزەکان، هەموو ئەمانە بەگەڕخستنی ئەو ستراتیجەی بەشیعەکردنی دامەزراوە ئەمنی و سەربازییەکان بوو بە هۆکار و پاساوی ڕووبەڕووبوونەوەی هەڕەشە و مەترسی لەسەر ئاسایشی وڵات. بەڵام لە حەقیقەتدا گەیشتن بوو بەو قۆناغەی دەسەڵاتدارێتی شیعە کە دەبێت سوپا بکەوێتە ژێر ڕکێفی شیعەوە. ئیتر ئەگەر سیناریۆی داعش سەری بگرتایە یان نا، بێگومان پلان و سیناریۆی بەدیل ئامادە بووە و ڕەنگە دەیان ساڵی تر نهێنییەکانی پشت ئەو ڕووداوانە بۆ خەڵک ئاشکرا ببن.

لە دوای دروستکردنی حەشدی شەعبییەوە ئیتر قۆناغی تەشەیوع و گواستنەوەی بۆ ناو ماڵی سوننە و کورد دەستیپێکرد، بە پاساوی شەڕی داعش و بەهۆی ئەو کێشانەی لەگەڵ هەرێم دروستیانکرد، دەرئەنجامەکەی ڕوونە کە ئێستا شیعە گەیشتوونەتە کوێ لە خاکی کوردستان و لە ناوچە سوننییەکان. دەسەڵاتی حەشدی شەعبیش لە هەموو ئەو ناوچانەی کە هەن، لەسەرووی هەموو دەسەڵاتە ئیداری و دادوەرییەکانەوە بووە. کاتێ شەڕی داعش بەرەو کۆتایی دەچوو، لەبەر ئەوەی دڵنیابوون لەوەی کە دوای شەڕی داعش پاساوی مانەوەی حەشدی شەعبیش کۆتایی دێت، لە کۆتایی 2016 بۆ زامنکردنی مانەوەی ئەم هێزە شیعییە بە پەلە یاسای تایبەت بە حەشدی شەعبییان دەرکرد. دەسەڵات و ئیمتیاز و مافی زیاتریان بۆ چەسپاند.

لە دوای ڕاگەیاندنی کۆتایی داعش لە عێراق، دەسەڵاتی زیاتر بەم گرووپانەی حەشد درا و ئاستی پڕچەککردنیان گەیشتە دروستکردنی چەکی تایبەت بەخۆیان و هەموو ئەو چەکە پێشکەوتووانەی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی داعش دابوویانە سوپای عێراق، خرایە خزمەتی حەشدی شەعبییەوە. بەڵام دوای ئەوەی ناکۆکی و ململانێکانی ئەمریکا و ئێران گەیشتە ئەو ئاستەی کە ئەمریکا بڕیار بدات هاوپەیمانەکانی ئێران و هێزە نزیکەکانی سوپای پاسداران وەک تیرۆریست دەناسێت، ئێستا سیناریۆی شاردنەوەی حەشدی شەعبی دەستیپێکردووە و لەناکاو و بێ ڕاگەیاندنی ئامادەسازی یان پاساوی پێشوەختە، گەلانی عێراق لە میدیاکانەوە بیستیان کە سەرۆک وەزیران بە بڕیارێک حەشدی شەعبی هەڵوەشاندەوە و دەخرێتە سەر هەیکەلەی سوپای عێراق.

هەموو باڵ و ئاراستە جیاجیاکانی ناو حەشدی شەعبی پابەندبوونی خۆیان بە بڕیارەکەی سەرۆک وەزیرانەوە دەربڕی و کوتلە سیاسییە شیعەکانیش پشتیوانییان کرد. لە کاتێکدا سەرۆک وەزیران دەسەڵاتی هەڵوەشاندنەوەی یاسای نییە. حەشدی شەعبیش یاسای تایبەت بە دامەزراوەکانیان هەیە و ئەمەی سەرۆک وەزیران پێچەوانەی ئەو یاسایەیە، بەڵام نە دەسەڵاتی دادوەری و نە دادگا دەستوورییەکان و نە هیچ ناوەندێکی تری دەسەڵات هیچیان لەبارەوە نەگوت. بگرە هەموو ستایشی بڕیارەکە دەکەن و لەناو ڕای گشتی زەمینەی ئەوەش خۆش کرا کە بڕیارێکی گرنگە بە ئاراستەی نەهێشتنی فرەئاراستەیی و فرەهێزی و ئامانج بەهێزکردنی سوپای عێراقە. ئاشکرایە ئەم سیناریۆیە بۆ هەڵوەشاندنەوەی حەشدی شەعبی نییە، بەڵکوو بۆ چەند ئامانجێکی ترە، لە سەرووی هەموویانەوە پاراستنی حەشدی شەعبیە لە سزای ئەمریکا. لەلایەکی تریشەوە بەتەواوی کۆنترۆڵکردنی سوپا و بەشیعەکردنی یەکجاریی سوپایە. چونکە ئەگەر پێشتر بە چەند پۆینتێک ڕێژەی کورد و نزیک پانزە لە سەتی سوپا سوننە بووبن، لەمەودوا ڕێژەی کورد و سوننە لەناو سوپای عێراق زۆر کەم دەبێتەوە و سەتا نەوەتی پێکهاتەکەی دەبێتە شیعە.

وەک چۆن لە هاتنی بەعسەوە بۆ سەر حوکم کۆنترۆڵکردنی سوپا لەلایەن سوننەوە دەرئەنجامەکانی بۆ کورد پێنج جار جینۆساید و بۆ شیعەش ئەنجامدانی کۆمەڵکوژی بوو. لەپاش بەشیعەکردنی سوپا، چەندین جینۆسایدی تری کورد و کۆمەڵکوژیی سوننە کارێکی چاوەڕوانکراوە.



ڕەفعەت سەلیمی

# ترەمپ و پشووی درێژی لە هەمبەر ئێران

لەوکاتەوە ئامریکا تاکلایەنە لە ڕێککەوتننامەی ئەتۆمیی پێنج کۆ یەک کشاوەتەوە، سیاسەتی "مەکسیمۆم گوشار"ی لەهەمبەر ئێران گرتووەتەبەر. وەک خۆیان دەڵێن، ئەمە لەپێناو ملدانی ئێرانە بە وتووێژ و دانیشتن لەسەر مێزی واژۆکردنی ڕێککەوتنێکی نوێ و بەربڵاوتر و ئامانجیان گۆڕینی ڕژێم نییە. لەسەرەتای گرتنەبەری ئەم سیاسەتی گوشارەوە، ئێران کە لەزاری ڕێبەری باڵای وڵاتەوە ڕایگەیاندبوو ئەگەر ترەمپ ڕێککەوتنەکە بدڕێنێت ئەوا ئێمە ئاگری دەدەین، سیاسەتێکی تەواو پێچەوانەی دروشمەکانی گرتووەتەبەر و نەرمونیانی و سەبری هەڵبژارد کە سیاسییەکانی ئێران بە سیاسەتی "سەبری ستراتیژی" ناوی دەبەن. هەرئەمەش وایکرد ترەمپ بەبێگەڕانەوە بۆ ڕای ڕاوێژکارەکانی، تەنانەت لە لێدوانەکانیشیدا بەرانبەر بە ئێران توند و توندتر بێت و چەندین بابەتی هەرە ئاسایی وەک هێڵی سوور بۆ ئێران دیاری بکات. چونکە پێیوابوو بەم سیاسەتی سەبری ستراتیژیە ئێران تەنانەت ئەو هێڵە سوورە ئاساییانەش نابەزێنێت. بەڵام دوای چەند مانگێک و بەتایبەتی پاش کۆتاییهاتنی مۆڵەتی شەش مانگەی کڕینی نەوتی ئێران و درێژنەکردنەوەی وادەکە بۆ وڵاتان، ئێران سیاسەتی سەبری ستراتیژی گۆڕی بۆ "وڵامدانەوەی دەستبەجێ". ئەمەش شتێک بوو کە ترەمپ قەت چاوەڕوانی نەدەکرد و لەوانەیە پەشیمان بووبێتەوە لەوەیکە هێڵە سوورەکانی هێندە بەردەست و قابیلی بەزاندن دیاری کردووە. بۆ نموونە ئامریکا هەڕەشەی کردبوو هەرجۆرە هێرش و توندوتیژییەک بەرانبەر هێزەکانیان یان هێزە هاوپەیمانەکانیان وەڵامی توندی بەدواوە دەبێت. کە ئێران ڕاست ئەوەی کرد و هێرشی کردە سەر نەوتهەڵگری هاوپەیمانەکانی ئامریکا و ترەمپ تەنها دای بە ڕانیدا کە بریا زەمانم لاڵ بووایە و لێدانی بەرژەوەندیی هاوپەیمانە عەرەبەکانم وەک هێڵی سوور دیاری نەکردبا. بەهەرحاڵ ڕاوێژکارەکانی و بەتایبەت زاوا زیرینە، واتە جارد کۆشنەر بەئاگا هات و خەزووری تێگەیاند کە بەو هێڵە سوورانە چ ڕەیحانێکی کێڵاوە. هەربۆیە، هەرچەند وەک دەسکەوتێک بۆ شەڕی ڕاگەیاندن و شەڕی دەروونی بەئاراستەی دروستکردنی کۆدەنگی دژ بە ئێران کەڵکی زۆری لە بابەتەکە وەرگرت، بەڵام بەپێی ڕاسپێریی کۆشنەر، ترەمپ ئەو هەواڵەی بە ئاسایی دانا و خۆی لە بەئامانجکردنی بەرژەوەندیی وڵاتانی عەرەب کەڕ کرد. بەڵام ئەم خۆکەڕکردنە لەباری حەیسیەتیەوە زۆر لەسەر ئامریکا کەوت و تەنانەت ڕاستڕەوەکانی نێو ڕژێمی ئێرانی جەریتر و توندتر کرد و کار بەوێ گەیشت کە ئێران پێشکەوتووترین فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی ئامریکاشی کردە ئامانج و خستیە خوارەوە. ئیتر ئەمەیان بۆ ترەمپ کە سەرەتا کردار دەکات و پاشان بیردەکاتەوە، مایەی قبووڵکردن نەبوو. فەرمانی ئامادەباشی بە هێزەکانی دا بۆ بەئامانجکردنی سێ بنکەی سەربازی لە ئێران. ئەم هەنگاوە ئاگرێک بوو کە هەرچەند ترەمپ هەڵیگڕاند، بەڵام کەسانی وەک جۆن بۆڵتنیش ئاگرەکەیان دەمدەدا و فوویان لێدەکرد. دیسان جارد کۆشنەر بەخەبەرهات و 10 خولەک پێش دەستپێکردنی هێرشەکە سەرۆکی لە فەرمانەکەی پەشیمان کردەوە. هەرچەند ئەمەش هەر دیسان زەبرێک بوو لە حەیسیەت و ئابڕووی ئامریکا، بەڵام دواتر ترەمپ بە وەرگرتنی ژستێکی مرۆڤدۆستانە و بەمەبەستی کەمکردنەوەی لێکەوتەی حەیسیەتی، ڕایگەیاند کە با کەس هەڵوەشاندنەوەی فەرمانی گورزی سەربازی لە ئێران بە عەجز و ناتەوانیی ئامریکا لێکنەداتەوە، چونکە من لەبەر پاراستنی گیانی 150 ئێرانی کە لەوانەبوو بکوژرێن، هێرشەکەم هەڵوەشاندەوە، چونکە پێموایە فڕۆکەیەکی 180 ملیۆن دۆلاری لەبەرانبەر گیانی 150 کەسدا هەر هیچ نیە!!!

لەئاکامی هەموو ئەم ڕووداوانەدا، دەکرێت بڵێم ئێران و ئامریکا سیاسەتەکانیان بە یەکدی گۆڕیوەتەوە. ئامریکا سەرەتا سیاسەتی گوشاری تەواو و ئێرانیش سیاسەتی سەبری ستراتیژیی گرتبووەبەر، بەڵام ئێستا ڕەوشەکە تەواو پێچەوانەیە و ئێران هەموو شتێک دەکات و ئامریکا سەبری تاکتیکیی هەڵبژاردووە. هۆکارەکەشی ئەوەیە کە هەردوو ئیدارەی واشنتن و تاران دەقاودەق یەک خوێندنەوەیان بۆ بارودۆخەکە هەیە. حاکمانی تاران دەزانن شەڕێکی بەرفراوان لەگەڵ ئێران تا پێش هەڵبژاردنی 2020ی ئامریکا لە قاموسی ترەمپدا جێناگرێت و دەیانەوێت پێش هەڵبژاردن ڕاییکێشنە ناو شەڕێکی بەرتەسک کە وەها ڕووداوێک بۆ کاربەدەستانی تاران دەبێتە یەک تیر و دوو ئامانج، چونکە ئەوە، یەکەم چانسی بردنەوەی دووبارەی ترەمپ کەمتر و، دووەم چانسی مانەوەی ڕژێمی تاران بۆ ماوەیەکی دووروودرێژ زیاتر دەکات. بەڵام لەولاشەوە ئیدارەی کۆشکی سپی و بەتایبەت باڵی بنەماڵەی ترەمپ (بەدیاریکراوی زاواکەی) دەقاودەق خوێندنەوەیەکی هاوشێوەی ئێرانیان بۆ بابەتەکە هەیە، مەگەر ڕووداوێکی لەکۆنترۆڵنەهاتوو ڕووبدات، ئەگەرنا دەیانەوێ بە گرتنەبەری "سەبری ستراتیژی" و خۆبەدوورگرتن لە بەگژاچوونی ئێران تا پاش هەڵبژاردن، یەکەم چانسی بردنەوەی ترەمپ لە هەڵبژاردنی 2020 زیاتر و دووەم چانسی مانەوەی ڕژێمی کۆماری ئیسلامیی ئێران پاش لێدانی ئەو وڵاتە لەلایەن ئامریکاوە کەمتر بکەنەوە. کەواتە بەباوەڕی من تا پاش هەڵبژاردنی 2020ی ئامریکا، هێز و توانای سەربازیی ئامریکا لەمەڕ ئێران تەنیا و تەنیا خەنجەرەکەی ڕۆژی تەنگانەیە و بەس.



دەیڤید ڕۆمانۆ*

# ئێران و ئەمریکا دەستی خۆیان دەبەستنەوە

لە ڕوانگەی زۆر لە ڕەخنەگرانی ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەی ئێرانەوە، ئەمریکا لە سەردەمی ئیدارەی باراک ئۆباما دەستی لە کۆمەڵێک ئامرازی سەرەکیی بەردەستی هەڵگرت کە دەکرا بۆ جڵەوکردنی فراوانخوازی و خراپەکاریی ئێران بەکاریان بهێنێ. تەنانەت لە کاتی دانوستاندنی ڕێککەوتنەکەش، ئیدارەی ئۆباما ئامادە نەبوو لەسەر شتانێکی وەک پارە سپیکردنەوە و بەڕێوەبردنی قاچاخی مادە هۆشبەرەکان لەسەر ئاستێکی نێودەوڵەتی لێپرسینەوە لە ئێران و حزبوڵڵای وەکیلی بکات، بە پێچەوانەوە ئەمریکا وەک ئاسکێک مامەڵەی لەگەڵ کردن کە بە ئاسانی دەترسێنرێن.

لەلایەکی دیکەوە ڕێککەوتنەکە نەیتوانی بە ڕەهایی کۆتایی بە بەرنامەی چەکی ئەتۆمیی ئێران بهێنێ، بەڵکو لە جیاتی ئەمە ئەو ڕۆژەی دواخست کە تێیدا ئێران دەشێ دەستی بە یۆرانیۆمی پوختەکراوی پێویست ڕابگات، کە تاران بۆ پەرەپێدانی کڵاوەی ئەتۆمیی سەر مووشەکی باڵستیکی پێویستیانە، لە کاتێکدا ئێران هەتا ئێستاش لەسەر بەرنامە مووشەکییەکەی بەردەوامە. بەم مانایە ڕێککەوتنەکە (کە بە پلانی کاری هەمەلایەنی هاوبەش (JCPOA) ناسراوە، قەیرانی پەیوەندیدار بەو پرسەی دواخستووە. باجی ئەو ڕێککەوتنەش لادانی سزا ئەتۆمییەکان لەسەر ئێران بوو، کە ڕژێمی ئێرانی دەوڵەمەند کرد و ڕێگەی بۆ خۆشکرد پارە بۆ خەونەکانی خۆی و هێزە وەکیلەکانی لە هەموو ناوچەکە تەرخان بکات.

بۆیەش سەیر نییە کە دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکا و ئیدارەکەی، کە ژمارەیەک کەسی توندی دژە ئێرانی تێدایە، لە ڕێککەوتنەکە دەرچوون و سزاکانیان گەڕاندەوە سەر ئێران. ئێستا وادیارە ئیدارەی ئەمریکی ڕێککەوتنێکی نوێی دەوێ کە بۆ هەمیشە هەموو توانایەکی ئێران بۆ بەرهەمهێنانی چەکی ئەتۆمی بوەستێنێ. بەشێکی زۆر لە گوتاری ئەمریکییەکان بۆنی ئەوەی لێدێ بیر لە سیاسەتی بەرەنگاربوونەوەی ئێران لە زۆر پرسی دیکەی جیا لە بەرنامە ئەتۆمییەکە بکەنەوە.

لەو 12 داواکارییەی کە مایک پۆمپیۆ، وەزیری دەرەوەی ئەمریکا سەبارەت بە پێداچوونەوە بە سزاکانی ئێران باسیکردوون، تەنیا چواریان پەیوەندییان بە پرسی ئەتۆمییەوە هەیە (ئەو مەرجانەش کۆتاییهێنان بە پرۆگرامی سیستەمی مووشەکی، کۆتاییهێنانی هەمیشەیی بە پوختەکردن و دەستڕاگەیشتنی بێ مەرجی پشکنەرە ئەتۆمییە نێودەوڵەتییەکان لە هەموو ئێران لە خۆدەگرێ).

مەرجەکانی دیکەی ئەمریکا بریتین لە: ئازادکردنی هەموو دەستبەسەرەکانی خەڵکی ئەمریکا و وڵاتانی هاوپەیمانی، وەستاندنی پشتگیری لە گرووپە تیرۆریستییەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست (وەکو حزبوڵڵا، حەماس و گرووپی جیهادی فەڵەستینی)، کۆتاییهێنان بە دەستتێوەردانی ئێران لە عێراق (”ئێران دەبێ ڕێز لە سەروەریی حکومەتی عێراق بگرێ و ڕێگە بە چەککردن و سڕکردن و تێکەڵاوکردنی میلیشیا شیعەکانی عێراق بدات“)، کۆتاییهێنان بە پشتگیرییەکانی بۆ حووسییەکانی یەمەن، کشانەوەی هێزەکانی لە سووریا، کۆتاییهێنان بە پشتگیرییەکانی بۆ تاڵیبان و ”گرووپە تیرۆریستییەکانی دیکە لە ئەفغانستان و ناوچەکە“، کۆتاییهێنان بە پشتگیرییەکانی بۆ ”تیرۆریستان و گرووپە چەکدارە هاوبەشەکانی لە سەرتاسەری جیهان“ و کۆتاییهێنان بە ”ڕەفتاری هەڕەشەکارانەی لەدژی دراوسێکانی“، لەوانەش ئیسرائیل، سعودیە و ئیمارات و کەشتییە نێودەوڵەتییەکانی کەنداو.

لیستی داواکارییەکانی ئەمریکا بۆ ”چاوخشاندنەوە بە سزاکان“ درێژە. تەنانەت ئەگەر ئێرانییەکان زۆر لەگەڵ داوا بێکەڵکەکاندا لێبووردەش بێ، دیسانیش لیستی داواکان و تۆنی دەربڕینی داواکان لە داواکانی نەمسا لە سڕبیای سەردەمی جەنگی جیهانیی یەکەم دەچێ. ئەو داواکارییانە هەر بۆ ئەوە دانراون ڕەتبکرێنەوە. ئیدارەی ئۆباما تەنیا بە جیاکردنەوەی پرسی چەکی ئەتۆمی لە خاڵەکانی دیکەی ناکۆکیی نێوان ئەمریکا و ئێران توانی لەگەڵ ئێران لەسەر پلانی کاری هەمەلایەنەی هاوبەش ڕێکبکەوێ، بۆ ئەوەش وازی لە ئامرازەکانی گوشاری دارایی لەدژی ئێران هێنا، هەرچەند ئەو سزایانە فراوانبوونەوەی نفووز و ئەجێندای ئێرانیان سنووردار دەکرد.

ئێستا کە گوشارە ئابوورییەکان قورستر لە هەمیشە لەدژی ئێران بەکاردەهێنرێن، تاران بۆ ڕێگەیەکی دەرچوون لەو گوشارە دەگەڕێ. کەمن ئەو کۆمپانیایانەی ئامادەن کاری بازرگانی لەگەڵ ئێران بکەن، ئەگەر ئەمریکا لەبەر ئەو پەیوەندییە بازرگانییە بیانخاتە لیستی ڕەشەوە. لەلایەکی دیکەوە هەناردەی نەوت و غازی ئێرانیش دابەزیوە، لەبەر ئەوەی ژمارەی ئەو وڵاتانەی لێخۆشبوونیان لە ئەمریکاوە بۆ دەرچووبوو هەتا دێ کەمتر دەبنەوە. ئەو وڵاتە ئەوروپییانەش کە دەیانەوێ ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە بپارێزن، پێناچێ بتوانن قەناعەت بە کۆمپانیاکانی خۆیان بهێنن کە مەترسیی بازرگانیی لەگەڵ ئێران بگرنە ئەستۆ.

بۆیە هەتا ئەم هەفتەیە ئێران یۆرانیۆمێکی زیاتر لەوە پوختە دەکات کە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە ڕێگەی پێدەدات و هەڕەشەی ئەوەشی کردووە کە لە داهاتوویەکی نزیکدا ئاستەکەی بۆ سەرووی 20% بەرز دەکاتەوە. هەنگاوی پڕ گڕوتینی ئێران بۆ پوختەکردنی یۆرانیۆم لە ماوەیەکی کەمدا ئێران لە چەکی ئەتۆمی نزیک دەکاتەوە. مادام ئێران ناتوانێ ئەو هەموو نەوت و غازەی وڵاتەکەی هەناردە بکات، بێگومان پێویستی بە وزەی ئەتۆمیش نییە، بەڵام ئێران دەیەوێ لەو ڕێگەیەوە گوشار بخاتە سەر جیهان و ئەمریکا بۆ ئەوەی کۆتایی بە سزاکان بهێنن.

بەڵام ئەم ستراتیژە دەستی ئێران و ئەمریکاش دەبەستێتەوە. واشنتن، تەلەبیب، ریاز و وڵاتانی دی بە ئاشکرا باسیان لەوە کردووە کە مەلای خاوەن چەکی ئەتۆمییان ناوێ لە تاران. مەیلی پوختەکردنی یۆرانیۆم، کە زۆر زیاترە لە بەرهەمهێنانی وزە (واتە وزەی مەدەنی) بۆ ئێران، ئەو هەستە زیاتر دەکات کە پێویستە ڕێوشوێنی سەربازی بگیرێتەبەر. لەلایەکی دیکەشەوە، ڕێی تێناچێ ئیدارەی ترەمپ واز بهێنێ و بە ڕێککەوتنەکەی سەردەمی ئۆباما قایل بێ.

کاتێک گوشارەکان دەگەنە ئەو ئاستە بەرزە، دەکرێ چاوەڕێی تەقینەوەی شتەکان بکەین.

ئەم وتارانە گوزارشت لە رای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی رووداو نین.



ڕێبوار کەریم وەلی
rebwar@rudaw.net

# 16ی ئۆکتۆبەر خیانەت بوو؟

## 1

پارتی و یەکێتی لە کاتێکدا لەسەر دانانی پارێزگارێکی (شاعیر و یەکێتی) بۆ کەرکووک ڕێککەوتن کە ئەوە نزیکەی دوو ساڵە پارتی لە میدیای ڕەسمی و نارەسمیی خۆیدا، 16ی ئۆکتۆبەری 2017 بە گەورەترین خیانەت و، ئەوانەیشی کە ئەنجامیانداوە بە خائین و خاکفرۆش وەسف دەکات. لای پارتی هێشتا دکتۆر نەجمەدین کەریم "پارێزگاری شەرعیی کەرکووک"ـە، کەرکووک داگیرکراوە، پارتی بایکۆتی هەڵبژاردنە گشتییەکانی کردووە و هێشتا وجودی ڕێکخراوەیی لەو شارەدا نییە، بەڵام لەگەڵ یەکێتی ڕێکدەکەون لەسەر دانانی کەسێک بە پارێزگاری کەرکووک! ئەوانەیشی کە لەکۆتاییدا بڕیار لەسەر ناوەکەی دەدەن، ئەوانەن کە پارتی بە خائین وەسفیان دەکات!

خوێنی ئەو هەموو شەهیدە، ئەو هەموو تەعریب و دەغڵودانی جووتیارە کە سووتان لە دوای 16ی ئۆکتۆبەرەوە، زۆر بە ئاسانی لەبیر کرا. پارتییەک کە پێیوابوو جارێکی دیکە کەرکووک نادرێتەوە بە یەکێتی، ئەمڕۆ بەوە مەمنوونە کە ئەو کەسەی دەبێتە پارێزگار کەسێک نەبێ لە 16ی ئۆکتۆبەر بەشدار بووبێ! پارتی تەنها لەبەر ئەوەی یەکێتی بەشداربێت لە متمانەدان بە کابینەی نۆیەمی حکومەت هەموو تەنازولێکی کرد، لە کاتێکدا ئەوە ئاخیر جارە کە پارتی بتوانێ زۆرینەی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووکی بەدەستەوە بێت و هەر هەڵبژاردنێک بکرێت، پارتی ناتوانێ ئەو زۆرینەیە مسۆگەر بکاتەوە.

دانانی کەسێکی کوردی بەهێز بۆ ئیدارەدانی ئێستای کەرکووک زەرورەتە، بەڵام مادام پارتی ئەوەی دەزانی کە دەبێ (لە ڕێککەوتنەکەیان لەگەڵ یەکێتیدا هاتووە) کەسێکی یەکێتی بۆ پارێزگاری کەرکووک دابنرێت، بۆ ئەو هەموو دەستییەیان کرد؟ بۆ هێشتیانەوە بۆ خولەکی کۆتایی؟ بۆ لە ساڵێک پێش ئێستاوە ئەوەیان نەکرد تا ڕێگر بن لەو هەموو تەعریب و سوکایەتییەی لە کەرکووک بە کورد دەکرێت؟

ئینجا ڕۆڵی حیزبەکانی دیکەش لەو پرۆسەیەدا جێگەی سەرسوڕمانە کە بەتایبەتی دەبوو لانیکەم بزووتنەوەی گۆڕان هەڵوێستێکی لە مەسەلەی دانانی پارێزگاری کەرکووکدا هەبێت. هاوکات بێدەنگیی حزبەکانی ئۆپۆزیسیۆنیش جێگەی تێڕامانە کە بە هەموویان چارەنووسی کەرکووکیان تەسلیمی یەکێتی و پارتی کرد و بچووکترین لێدوانیان لەوبارەیەوە نییە.

دانانی پارێزگار بە دەنگی زۆرینەی پارتی لەو بارودۆخەدا، سپیکردنەوەی دراوی 16ی ئۆکتۆبەرە، بەڵام هیچ نەبێ ئیتر یەکێتی ناتوانێ ئۆباڵی دۆخی کەرکووک بخاتە ئەستۆی پارتییەوە و بڵێ ڕێگر بووە لەوەی پارێزگارێکی کورد شارەکە بەڕێوەبەرێت.

## ئەستێرەی بەختی تاڵەبانییەکان

## 2

دوایین حەملەی کۆسرەت ڕەسوڵ بە بەربژێرکردنی شاڵاو کۆسرەت ڕەسوڵ بۆ جێگری سەرۆکی حکومەت، هاوکێشەکانی ناو یەکێتی ژێرەوژوور کرد. پۆستی جێگری سەرۆکی حکومەت کە دەمێکە دەگوترا بۆ قوباد تاڵەبانی مسۆگەر بووە، ئیتر دەبوو لەناو سەرکردایەتیی یەکێتی یەکلا بێتەوە، قوباد تاڵەبانی نەیویست بچێتە ناو ئەو کێبڕکێیەوە، بۆیە ڕازی بوو بەوەی کە تەنیا پۆستەکەی بمێنێتەوە و تەدەخولی هیچی دیکە نەکات، ئەو پێشتر ڕای وابوو کە دەبێ تیمی یەکێتی لەناو حکومەت ئەو دیارییان بکات. کۆسرەت ڕەسوڵ و بەرهەم ساڵح دابەشکارییەکی 50 بە 50یان لەناوخۆی خۆیان کرد و جگە لە ماڵی تاڵەبانی، هەموو لایەک پێی ڕازی بوون بە کەرکووکییەکانیشەوە.

بەڵام مەسەلەکە تەنها لە پێگەی قوباد تاڵەبانیدا کورت نابێتەوە. هەرچەندە سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە وتاری ماڵئاوایی لە کابینەی هەشتەمدا، زۆر وەسفی قوباد تاڵەبانی کرد و جۆرێک بوو لە دڵنەوایی و نیشاندانی ئەهەمییەتی ئەو لە پرۆسەی حوکمڕانیدا، کەچی ئەوە بە تەنها قوباد تاڵەبانی نەبوو کە لە ململانێی ناوخۆیی حزبەکەیدا لاواز دەرکەوت، بگرە لاهوری ئامۆزاشی کە تا ساڵێک بەر لە ئێستا خاوەنی پێگەیەکی یەکجار بەهێز بوو، تەنانەت چاوی لەوە بوو کە جێگەی مامی بگرێتەوە، هیچیەک لە کاندیدەکانی بۆ پۆستە وەزارییەکان لە کۆبوونەوەی سەرکردایەتیی یەکێتیدا دەنگیان نەهێنا، هەموو ئەوانەی دەنگیان پێدرا کاندیدی سەرۆک دکتۆر بەرهەم ساڵح و کۆسرەت ڕەسوڵ بوون.

بەوپێیە بێت، سەرباری ئەوەی کە لە یەکەم دانوستاندنەکانی پێکهێنانی حکومەتەوە، لاهور لە زۆربەی دانیشتنەکانی نێوان پارتی و یەکێتیدا بەشدار بووە، بەڵام هیچ کەسێک لە سەرکردایەتی یەکێتی کە سەر بە باڵی لاهور بوون، لەو کابینەیەدا نابن کە مەسروور بارزانی سەرۆکایەتیی دەکات. ئەوە بە سودفە بووە یان بە ڕێککەوتن!

## زەرورەتی حزبێکی نوێ

## 3

زۆر دەگوترێ کە کوردستان پێویستی بە حزبێکی نوێ نییە. لە دوو ساڵی ڕابردوودا دوو حزبی نوێ هاتنە ناو کایەی سیاسی، یەکێکیان سەرۆکەکەی جێیهێشت، ئەوەی دیکەیان حزبەکە سەرۆکەکەیان جێهێشت! هەردووکیان دوو جووڵەی تاکتیکی بوون و نەیانتوانی وەک سەرەتای دروستبوونی بزووتنەوەی گۆڕان گەرموگوڕی و جموجۆڵ بخەنە ناو کایەی سیاسییەوە.

ئێستا دوای هەڵبژاردنەکانی بەغدا و کوردستان لە 2018دا، ئۆپۆزیسیۆن تا ڕاددەی تەسلیمبوون بێ کاریگەرییە و بەتایبەتیش پارتی نەک هەر لە کوردستان، بگرە لە بەغداش هەموو کارتەکانی لە دەستیان دەرهێناوە. سێ حزبە سەرەکییەکەی کوردستان (یەکێتی، گۆڕان و پارتی) لە ترسی تەقینەوەی خیلافاتی ناوخۆیان جورئەتی بەستنی کۆنگرەیان نییە. ئەگەرچی فەرمانگەی کاروباری حزبەکان لە کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان، بە نامەی ڕەسمی داوایان لێدەکات تا پێش هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان، حزبەکان دەبێ کۆنگرەیان بەستبێ، بەڵام لەپێناوی نەبەستنی کۆنگرەدا، ئیش لەسەر دواخستنی هەڵبژاردنەکان دەکەن!

حزبێکی نوێ بۆ کوردستان پێویستە، چونکە ئەگەر لایەنێک نەتوانێ ناڕەزایەتییە کپکراوەکانی ناو کۆمەڵگا ئاراستە بکات و ئەو نائومێدییەی لە حزبە تەقلیدییەکان دروست بووە، نەکاتەوە بە ئومێد بۆ گۆڕانکاری و باشترکردنی ژیانی خەڵک، ڕۆژێک دادێ لە کونێکەوە دەتەقێتەوە و ئەوکاتە بەری پێ ناگیرێت.



هێمن عەبدوڵڵا
hemen@rudaw.net

# هۆنگ کۆنگ وەک هەرێمی کوردستانە؟

ئەوانەی زانیارییان لەسەر هۆنگ کۆنگ هەیە، یەکسەر دەڵێن: نا. بەڵام پرسیارەکەی من لەسەر لەیەکچوونی چارەنووس و سیستمی سیاسی و ئایندەیانە. لەسەر ئەوەشە کە ئایا هیچ شتێکی هۆنگ کۆنگییەکان هەیە بۆ هەرێمی کوردستان بەکەڵکی بەراوردکردن بێت؟

ناڕەزایی و خۆپیشاندانەکانی ئەمساڵی هۆنگ کۆنگ کە هێشتاش بەردەوامن، دروست سەلمێنەری بۆێژ یان ئیدیەمە کوردییەکەن کە دەڵێت: دوو سەر لە مەنجەڵێکدا ناکوڵێن. بیریشمان دەهێننەوە کە گەلی هۆنگ کۆنگی (وەک خۆیان حەزدەکەن وایان پێبگوترێ و پێیاننەڵێن چینی) هاوشێوەی کوردستانییەکان قوربانیی سیاسەتی نادادپەروەرانەی سەت ساڵی ڕابردووی شانشینی بەریتانیان.

ئەوانیش وەک باشووری کوردستان کۆڵۆنییەکی بەریتانی بوون و لەسەرەتاوە چارەنووسیان وا گرێی لێدراوە کە نەتوانن بگەنە سەربەخۆیی. ساڵی 1984، لە ڕێککەوتنێکی سەیر و سەمەرەدا، بەریتانیا هۆنگ کۆنگ دەداتەوە چین و ساڵی 1997 ڕێککەوتنەکە جێبەجێ دەکرێت. بنەمای ڕێککەوتنەکە ئەوەیە کە هۆنگ کۆنگ ببێتە بەشێک لە چین، بەڵام ئۆتۆنۆمییەکی فراوانی هەبێت. هۆیەکەشی ئەوەیە کە هۆنگ کۆنگییەکان فێری ژیانێکی تەواو جیاواز لە چینی کۆمۆنیستی بوون و دەیانەوێ ئەو ستایلی ژیانە بپارێزن. سەیر و سەمەرەیی ڕێککەوتنەکە، کە ئەوکات لە نێوەوەی بەریتانیاش ڕەخنەی زۆری هێنایە سەر مارگرێت تاتچەری سەرۆکوەزیران، ئەوەیە کۆنسێپتێک دۆزراوەتەوە بەناوی (خۆبەڕێوەبەریی تایبەت) بۆ هۆنگ کۆنگ و بۆ ماوەی پەنجا ساڵ لەسەر بنەمای (یەک وڵات و دوو سیستم) بە پەکینەوە گرێدراوە. گوایە ئەو دوو سیستم و یەک وڵاتییە (واتە دوو سەر و یەک مەنجەڵ) گەرەنتیی پاراستنی ژیانی دیموکراسییانەی هۆنگ کۆنگییەکان دەکات. بەڵام ئێستا چین وردە وردە خەریکی کاڵکردنەوەی دوو سیستمی و گۆڕینیەتی بۆ یەک سیستم، کە بێگومان سیستمە کۆمۆنیستییەکەیە.

هۆنگ کۆنگ لەوەدا لە هەرێمی کوردستان دەچێت کە خەسڵەتی پەیوەندییەکەی لەگەڵ دەوڵەت لە ناوەند نە فیدراڵییە بە مانا زانستییەکەی و نە کۆنفیدراڵیشە، بەڵکو کۆنسێپتێکە لەنێوان هەردووکیاندایە. هەروەها ئەو ژیانە دیموکراسییەی هۆنگ کۆنگییەکان پێی ڕاهاتوون و ئەو ڕۆحی یاخیبوونەی هەیانە و چینییەکان نەیانکردووە و نییانە، هەمان ئەو شتەیە کە کوردستانییەکان لە عێراقییەکان جیا دەکاتەوە. قەدەری هەردوو گەلیش ئەوەیە کە سەربەخۆبوونیان لە ئاسۆی نزیکدا نابینرێ و زەحمەتیشە بەزوویی وەدیبێت. بۆیە هەردوولا ناچارن لەگەڵ پایتەختی ئەو دەوڵەتانەی سەروەرییان بەسەر خاکەکەیانەوە هەیە، دەستوپەنجە نەرم بکەن.

لەپەنای شتە لەیەکچووەکاندا، زۆر شت هەن کە وادەکەن هۆنگ کۆنگ لە کوردستان نەچێت. بۆنموونە هۆنگ کۆنگ یەکێکە لە مەزنترین سەنتەر و دەروازە ئابوورییەکانی جیهانە، یەکێک لە گەورەترین دە وڵاتە هەناردەکارەکان و نۆیەم گەورەترین وڵاتی هاوردەکاری جیهانە. دۆلاری هۆنگ کۆنگیش یەکێک لە سێزدە بەهادارترین دراوەکانی جیهانە. جگە لەوەی زۆرترین ژمارەی باڵەخانەی بەرز (سکای سکراپەر)ی دنیاش هەر لە هۆنگ کۆنگن. ئەم پێگە تایبەتەی هۆنگ کۆنگ وایکردووە کە دەوڵەتی چین، بەو بێمنەتییەی لە هەموو دنیاش هەیەتی، نەتوانێ بۆنموونە وەڵامی ناڕەزایی هۆنگ کۆنگییەکان بەو ستایلە بداتەوە و مامەڵەی لەگەڵ بکات وەک لەگەڵ ئویگورەکان و تیبتییەکان دەیکات و لە ڕابردوودا کردوویەتی.

هەرێمی کوردستان تەنانەت یەکێک لەو پلەبەندییانەی سەرەوەشی لە هۆنگ کۆنگ ناچێت، بەڵام ئەو نموونەیە پاساوی ئەوە دەبڕێت کە پێیوابێت بێدەوڵەتی وادەکات لە ئایندەدا نەتوانێت بگاتە ئەو پلەبەندییانە و بەوە گەرەنتیی پاراستن و پێشکەوتنی خۆی بکات. ڕێگەی یەکەمیش بۆ ئەمە، پرسیارێکی سادەیە: دەمانەوێ خۆمان و نەوەکانمان وەک هۆنگ کۆنگییەکان بە ئابووری و سۆفت پاوەر بەهێز بین و دنیا چاوی لێمان بێت، یان دەمانەوێ هەر وەک ئێستا بمێنین و هاوشێوەی ئویگورەکان خەڵک بەزەیی پێماندابێتەوە و داوای پاراستنی مافەکانمان لە حکومەتی ناوەندی بکەن؟



ڕێبوار کەریمی
rebwar.karimi@hotmail.com

# قاسملوو، ڕیفۆرمیستێک بەو شاخانەوە

ئەو خوێندنەوە فەرمییانەی بۆ کارنامەی سیاسیی دکتۆر قاسملوو دەکرێن، بە زۆری پرۆفایلێک لە کەسایەتیی ئەو بە دەستەوە دەدەن کە دواجار بە چاک یان خراپ، پێوەندییان بە ژیان و بەسەرهاتی ئەو سەرکردە شەهیدەوە، لە دە ساڵەی کۆتایی ژیانیدا هەیە. لەم پرۆفایلەدا سیمای قاسملوو وەک سەرۆکی بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕانە وێنا دەکرێ. پێداگریی میراتگرانی حیزبیی ناوبراو لەسەر کارەکتەری شۆڕشگێڕانەی د.قاسملوو لەکاتێکدایە کە ئەو بە بەردەوامی لەلایەن بەشێکی زۆر لە نەیارە سیاسییەکانیەوە بە کەسێکی "ناشۆڕشگێڕ" ناوزد دەکرا: ئەوانەی لە حیزبەکەی ئەو جیابوونەوە وەک هێمایەک بۆ ناشۆڕشگێڕانەبوونی ڕێبازی ئەو، پاشگری "ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ"یان بەناوی خۆیانەوە نووساند. چەپە تیژڕەوەکانی ڕۆژهەڵاتیش، پێیاندەگوت "سازشکار" (وەک هێمایەک بۆ لاشەڕی و هەوڵی ئەو بۆ ڕێککەوتن لەگەڵ حکومەتی ناوەندی). ئایا قاسملوو کامیەک لەمانە بوو: ڕێبەرێکی شۆڕشگێڕ (وەک لە وێژمانی حیزبی-فەرمیدا دەگوترێ) یان مرۆڤێکی سازشکار و ناشۆڕشگێڕ (وەک نەیارەکانی دەیانگوت)؟

## "قاسملوو" کام قاسملوو؟!

هەڵسەنگاندنی بزووتنەوەی سیاسی-چەکداریی ساڵانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردووی ڕۆژهەڵات، بێ گەڕانەوە بۆ نەخشی دەورانسازی د.قاسملوو، هەڵسەنگاندنێکی پڕکەمایەسی دەبێ. ئەو دیارترین کەسایەتیی ئەو بزووتنەوەیە بوو. بەڵام هەڵسەنگاندنی کەسایەتی سیاسیی د.قاسملووش تەنیا لەبەرایی ڕووداوەکانی ئەو دە ساڵەی بزووتنەوەی سیاسی-چەکداریدا هەڵسەنگاندنێک دەبێ پڕ کەمایەسی. ژیانی ڕۆشنبیری و ئەو ئەزموونانەی کەسایەتیی سیاسیی قاسملوویان لە بۆتەی خۆیاندا قاڵ کردووەتەوە، سەردەمێکی دوور و درێژ دەگرێتەخۆ کە گەرمەی شۆڕشی چەکداریی هەشتاکان تەنیا یەک لە چواری ئەو مەودا دوورودرێژە پێکدەهێنێت. ئەو دەمەی شۆڕشی چەکداری-سیاسیی ڕۆژهەڵات دەستیپێکرد، قاسملوو ئیدی نەک هەر کەسایەتییەکی پێگەیشتوو و کامڵی سیاسی بوو، بەڵکو وەک یەکێک لە پێشەنگە بەئەزموون و شارەزاکانی گۆڕەپانی سیاسەت، لەسەر ئاستی هەموو ئێراندا، چاوی لێدەکرا. تەنانەت ئەگەر چاوێکی خێرا بە تێکڕای ئەو چارەکە سەدەیەشدا بخشێنین کە تێیدا قاسملوو لە ئەورووپا، لە گەنجێکی چەپی خوێنگەرمەوە بوو بە ئابووریزانێکی بەتوانا و سیاسەتمەدارێکی زانا، هێشتا دەکرێ چەندین وێستگەی فکریی جیاجیا لەو چارەکە سەدەیەدا لێکهاوێربکەین. بۆیە باسکردن لە قاسملوو هەمیشە باسکردنە لە "قاسملووەکان". هەموو داکێشانێکی کەسایەتیی ئەو سەرکردەیش بۆ چوارچێوەی یەک ڕاڤەی دیاریکراو، لەباری مێتۆدیکەوە هەڵە و لەباری سیاسیشەوە چەواشەکارانەیە.

## قاسملوو چی نەبوو؟

ئەگەرچی لە ژێر کاریگەریی وێژمانی چەپدا "شۆڕشگێڕبوون" هەمیشە وەک فەزیلەتێک وێنا کراوە، بەڵام بە بڕوای من نە شۆڕشگێڕبوون هەمیشە فەزیلەتە، نە قاسملووش کەسایەتییەکی شۆڕشگێڕ بووە. پێموایە دوو دەستەواژە کە دەتوانن زۆر باشتر کەسایەتیی خەباتکارانەی قاسملوو وێنا بکەن، یەکیان سەربزێوی و سەرکەشییەکی خۆڕسک و ئەوی دیکەیان "ڕەخنەگرێکی ڕۆشنبیرانە"یە. سەربزێوی خەسڵەتێکی زاتییە لە زۆر لە مرۆڤەکاندا، کە لە قاسملووش مرۆڤێکی نەسرەوتەی بێقەراری دروستکردبوو. بەدڵنیاییەوە ڕێکخراوە و بیرێکی "چەپی شۆڕشگێڕ" گونجاوترین دەفر بووە بۆ ڕۆحی بێقەراری مرۆڤێکی زیت و سەربزێو کە تاسەی گۆڕینی دنیا هەڵیگرتبوو. بەڵام بەڕوونی دیارە تا تەمەنی ئەو گەنجە شۆڕشگێڕەمان هەڵدەکشێ، گیانی سەرکەشییەکەی هێورتر دەبێتەوە و ئێمە قاسملوویەک دەبینین سەبوورتر، ئەقڵانیتر، دووربینتر. لەبەرامبەردا، پەروەردەبوونی وەک کەسایەتییەکی ئاکادیمیک لەبواری پەرەسەندندا لە ئەورووپای ڕۆژهەڵات و؛ شەقڵگرتنی زیاتری کەسایەتییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکەی وەک مرۆڤێکی مۆدێرن لە ئەورووپای ڕۆژاوادا، تایبەتمەندیی ڕەخنەگرانەی ڕووناکبیرێکی دەروەست و چاونەترسیان بە قاسملووی "میانساڵ" و گەڕاوە، بەخشیبوو.

بەم شێوەیە، چیرۆکی ژیانی قاسملوو، دەبێتە چیرۆکی مرۆڤێکی بیرکەرەوەی مۆدێرن — بەمانا کانتییەکەی-، کە ڕەخنەگرییەکی ڕۆشنبیرانەی ڕیسککارانە، لە بەستێنی خولیای ئازادیخوازیی نەتەوایەتی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتیدا، ئەڵقە بێپسانەوەکانی بەسەرهاتی خەباتکارانەی پێکدێنن و مانایان پێ دەبەخشن. لەڕاستیدا، لە کەسایەتیی چەپ و ڕۆشنبیرانەی د.قاسملوودا، ڕەخنەگرێکی چاونەترس بەدی دەکرێ کە لە یاخیبوونەکانیدا جەربەزەییەکانی سمکۆی شکاک و، لە مشتومڕە فکرییەکانیدا گیانی لێپرسراوێتی "بیریارانی سەر شەقام"ی ساڵەکانی 60 و70 زایینی و، لە خوێنگەرمیی ئازادیخوازانەیدا نەسرەوتەیی شۆڕشگێڕانەی چریکە چەپەکانی ئەمریکای لاتین و، دواجار وەک کوردێکی "زانای جیهاندیدە"ی پێگەیشتووی پراگ و پاریس، پایتەختەکانی دیموکراسی و شارستانیەت، بە سەروجامانە و جلوبەرگی کوردانە و پشتێنە هەمیشە ڕەنگ ڕۆشنەکەیەوە، لەنێو شاخوداخەکانی کوردستاندا، خەونی بەدنیایەکی باشترەوە بۆ ئادەمیزادی سەدەی بیستەمی کوردستان و نەوەکانی دوای خۆیەوە دەبینی.

## شۆڕشی ڕیفۆرمیستێکی شێلگیر

وەک لەسەرەوە ئاماژەم پێدا، بە دیتنی من، قاسملوو چەپێکی شۆڕشگێڕ نەبوو، تەنانەت ئەگەر ئەم ئیدیعایەی من پێچەوانەی ئەو ڕێتۆریک و ڕەوانبێژییەش بێ کە د.قاسملوو بۆخۆی بەکاری دەهێنا. ئاشکرایە چەمکەکانی "شۆڕشگێڕی" و "ڕیفۆرمخوازی" هەڵگری بارێکی بەهایی تایبەتن. ئێمە دەزانین "ناشۆڕشگێڕبوون" لە وێژمانی چەپدا، ئەویش لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا، چ بارێکی مانایی نێگەتیڤی لەخۆیدا هەڵگرتبوو. قاسملوو هەرگیز لەو بەستێنە وێژمانییەی چەپ دانەبڕا، بەڵام لەبەرامبەردا ئەو دوو تایبەتمەندییەی کەسایەتیی ئەو کە لەسەرەوە باسمکردن، ئەویان کردبوو بە ڕیفۆرمخوازێکی شێلگیر، کە بەرپرسانە و ئازایانە ئامادەی دانی نرخی ئەو ڕیفۆرمخوازییەشی بوو. ئەو بیروبۆچوونانەی کە بوونە هۆی دەرکرانی لە چێکۆسلۆڤاکیای دوای بەهاری خوێنینی پراگ، هەوڵە بەردەوامەکانی بۆ بەرۆژکردنەوەی تێگەیشتنەکانی لە سۆسیالیسم، هەوڵەکانی بۆ پێکهاتنێکی لانیکەمی لەگەڵ کاربەدەستانی دوای شۆڕشی ئێران بەهیوای بەردەوامیدانی ئاشتیانە بە مافخوازییەکانی گەلی کورد لە ئێرانی دوای شۆڕشدا، لەو نموونە بەرجەستانەن کە دەیسەلمێنن قاسملوو لە باری سیاسییەوە پراگماتیستێکی بنەماگەرا (واتە، شەڕکەر لەسەر بنەماکان و مامەڵەگەر لەسەر شتە لاوەکییەکان) و لە باری ئەرزشیشەوە ڕیفۆرمیستێکی شێلگیربوو. ڕەنگە بپرسێ ئەی دە ساڵ خەبات بەو شاخانەوە ئەگەر شۆڕشگێڕی نەبوو چی بوو؟!

مـن ناڵێم هیچ ساتەوەختێکی شۆڕشگێڕی لە باوەڕ و بڕیار و کرداری قاسملوودا بەدی ناکرێ. بەڵام قاسملوو ڕیفۆرمیستێک بوو کە تەنانەت شۆڕشگێڕبوونەکەشی — بە شێوەیەکی پاڕادۆکسیکاڵ- هەڵبژاردنێکی ڕیفۆرمیستیانەی کاتی بوو لەڕووی بێدەرەتانییەوە. کاتێک قاسملوو دەڵێ "ئێمە خەباتی چەکداری بۆ ئەوە دەکەین کە حکومەت وادار بە وتووێژ بکەین"، ئەمە دەریدەخا "کارتی شۆڕشگێڕی" جا گریمان ناوەرۆکەکەی خەباتێکی توندوتیژانەی خوێناویش بێت، دواجار هیچ نییە ئامرازێک نەبێ بۆ پێملکردنی دەسەڵاتدارێتی بۆ گۆڕان و گۆڕانکاری. خەباتی چەکداری لە وێژمانی ڕزگاریخوازانەی قاسملوودا هیچکات پرسێکی ستراتیژیک نەبووە. بەتێگەیشتنی من بەشێک لەهۆکاری ئەم تێڕوانینە دەگەڕێتەوە بۆ پێشزەمینەی مەعریفیی قاسملوو وەک مامۆستایەکی وانەی پەرەسەندن، کە باش زانیویەتی ئازادی بەندە بە پەرەسەندنەوە و، مەرجی پایەداریی پەرەسەندنیش هاوسەنگییە لە پەرەسەندندا لە بوارە جیاجیاکانی ئابووری، فەرهەنگی و دواجار سیاسیدا، ئەویش لە پرۆسەیەکی درێژخایەنی مێژووییدا.

بەوەشەوە، ئەوە ڕاستییەکە کە قاسملوو، لەڕێی خۆی و ئەو پرۆژەیەوە کە لە قۆناغی خەباتی چەکدارانەدا ڕێبەرایەتیی کرد، گەلێک کەسی ئاوێتەی پرۆژەیەک کرد کە بە هەموو شۆڕشگێڕانەبوونی سروشتەکەشیەوە، دەبووایە "تاکتیکێکی کاتی" بێت. ئەوە ئیتر تەنزی تاڵی ئەم چیرۆکەیە کە، تاکتیکێکی کاتی بەچەشنێک شەقڵی خۆی لە زهنیەتی ئاوێتەبووانی ئەو پرۆژەیە دا، کە ئیدی زۆریان خۆیان مەحکووم بە شۆڕشگێڕبوونێکی تاهەتایی کردووە. بەبێ ئەوەی سەرنج لەو ڕاستییە بدەن کە شۆڕشگێڕبوونی مێعماری سەرەکیی پرۆژەکەیان نەک شتێکی ستراتیژیک و تاهەتایی، بەڵکو هەڵبژاردنێکی کاتی و بگرە نابەدڵانە و داسەپاوی ڕیفۆرمیستێکی شێلگیر بوو. لەڕاستیدا، درەوشاوەیی چیرۆکی ژیانی دکتۆر قاسملوو پێش هەموو شتێ بەو هۆیەوە بوو کە شێوەی بیرکردنەوەی ئەو، لێوەشاوەیی تەعدیلی ئازایانە و بەردەوامی هەڵوێستەکانی پێ دەبەخشی-ئەمەش ڕێک بەهۆی کارەکتەرە ڕیفۆرمیستیانە شێلگیرانەکەیەوە. لەبێ قاسملوویدا بەڵام پرسی "شۆڕشگێڕی" لە گرێژنەی مێژوویی خۆی دەرچووە و ئەنجام بووەتە ئەو دۆخەی لە بزووتنەوەی "سیاسی- شۆڕشگێڕانە"ی ڕۆژهەڵاتدا دەیبینین: داوێستاوی و کۆنەواری لە ژێر دەمامکی شۆڕشگێڕیدا و، دەستەوستانی لە ئاست پێویستییەکانی خۆگونجاندنێکی ساختاری لەگەڵ ڕەوتی مۆدێرنیزەبوونی کۆمەڵگەی پەرەئەستێنی ڕۆژهەڵات. ڕۆژهەڵاتی کوردستانی ئێستا و بزووتنەوە سیاسییەکەی لە هەموو کات زیاتر پێویستییان بە گەڕانەوە هەیە بۆ سەرەتاکانی ئەندێشەی ڕیفۆرمیستیی قاسملوو.

# RÛDAW



## مانۆ خەلیل
## خەونی منداڵێکی کورد دەکاتە فیلم

10 »

خاوەنی ئیمتیاز : تۆڕی میدیایی رووداو
سەرنووسەر : سەلام سەعدی salam@rudaw.net
جێگری سەرنووسەر : ساڵح قادر rodan@rudaw.net
بەڕێوەبەری نووسین: نەوزاد مەحموود newzad@rudaw.net
بەڕێوەبەری هونەری: بەختیار مستەفا bextyar@rudaw.net
ئەندامی شانازی ستاف: عەبدوڵڵا قرگەیی
دیزاینەران: هونەر مەرجان، کاکە مەلا ئەسعەد

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی رووداو دەریدەکات | نووسینگەی سلێمانی : بەرامبەر پارکی ئازادی 07501130997 | ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی رووناکی | Tel: 0751 811 00 04 – 0750 486 34 12 | rudaw@rudaw.net





